# پانۆرامای ڕاپەڕین

## ١٩٩١

## مەکتەبی گەشەپێدانی بیر و هۆشیاری

ئۆرگانێکی روناکبیریی و پەروەردەیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە، لەسەر بنەمای سۆشیال ـ دیموکرات و لە پێناوی پەرە و گەشەپێدانی بەهاکانی (ئاشتی، دیموکراسی، مافی مرۆڤ، مافی چارەیخۆنووسین) زەمینەی دیالۆگ، گەشەپێدانی هزری و هۆشیاریی سیاسیی دەرەخسێنێت.

لەرێگای پێگەیاندنی کادیران، چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێب، نامیلکە، گۆڤار، کۆڕ و سیمیناری تایبەتمەند و دروستکردنی بەڵگەفیلم ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ دەکات، هەروەها گرنگی بە ئەرشیفکردنی مێژووی بزوتنەوەکانی رزگاریخوازی گەلی کوردستان و دیموکراسی عیراقی دەدات.

# پانۆرامای ڕاپەڕین

# ١٩٩١

بەشی ڕوناکبیری

ئامادەکردن : فەرید ئەسەسەرد

-ناوی նامیلکە: پانۆرامای ڕاپەڕین - ١٩٩١
- ئامادەکردنی: فەرید ئەسەسەرد
- بەڕێوەبەری زنجیرە: ڕێکەوت ئیسماعیل
- دیزاین: ئەمیرە عومەر
- تیراژ: ( 1000 ) دانە
-ساڵی چاپ: 2023
- خولی دووەم: ژمارە (3)

بڵاوکراوەکانی مەکتەبی گەشەپێدانی بیر و هۆشیاری
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

www.pukhoshiari.com
info@pukhoshiari.com

# پانۆرامای ڕاپەڕین
# ١٩٩١

## ئەم کتێبە و ڕاپەڕین

دوای ئـەوەی کاک فەریـد ئەسەسـەرد شانسـی ئـەوەی پێـدام کـە پێـش چاپکـردن، ئـەم کتێبـە بخوێنمـەوە و ڕێـگای پێـدام لـە بارەیـەوە پێشـەکییەک بنووسـم. منیـش بەپێویسـتم زانـی لێـرەدا بـاری سـەرنجی خـۆم سـەبارەت بـە پانۆرامـا و ڕاپەڕیـن بخەمـە ڕوو.

ڕاپەڕینـی بەهـاری سـاڵی ١٩٩١ بـۆ گەلـی کوردسـتان گەورەتریـن و کاریگەرتریـن ڕووداوی مێژوویـی بـوو، چونکـە:

یەکـەم: لە دوای پرۆسێسـەکانی ئەنفـال و کیمیابارانکردنی کوردسـتان، گەلەکەمـان گەیشـتبووە سـەر لێـواری لەناوبـردن و قـڕان، بـەڵام ڕاپەڕیـن گێڕایـەوە.

دووەم: یەکەمجـار بـوو پلانێکـی وا گرنـگ و سـتراتیژی بـۆ ڕاپەرینـی کۆمەڵانـی خەڵـک داڕێـژرێ و جێبەجێـش بکـرێ.

سـێیەم: یەکەمجـار بـوو بـەو شـێوە بەرفراوانییـە خەبـات لـە شـاخەوە بگوازرێتـەوە نـاو شـار و شـارۆچکە و ئـوردوگا زۆرەملێـکان و هەمـوو کوردسـتانی باشـوور بگرێتـەوە.

چـوارەم: خەڵکـی کوردسـتان بـە گشـتیی بەشـدارییان تیـادا کـرد، تەنانـەت زۆربـەی هـەرە زۆری چەکدارەکانـی سـەر بـە ڕژێمـی داگیرکەریـش هاتنـە پـاڵ شـۆڕش و لاپەڕەیەکـی

نوێیـان لەمێـژووی خۆیـان هەڵدایـەوە.

پێنجـەم: سـەرکردایەتی بـەرەی کوردسـتانی بڕیـاری لێخۆشـبوونی گشـتی دەرکـرد. ئـەو بڕیـارە تەنانـەت هەمـوو ئەوانەشـی گرتـەوە کـە تـا ئـەو رۆژە پشـتگیرییان لـە رژێـم دەکـرد و دژی کێشـەی رەوای گەلەکەیـان بـوون، بـەڵام ئـەو بڕیـارە ئاشـتەوایی کۆمەڵایەتـی دەسـتەبەرکرد و تـەواوی کۆمەڵانـی خەڵکـی کوردسـتانی یەکخسـتەوە.

شەشـەم: هـەر چەنـدە دەستپێشـخەری و رۆڵـی سـەرەکی راپەڕیـن لەلایـەن یەکێتییـەوە دانـرا و بـە تەنیـا ئامادەسازی کـرد، بـەڵام دوای سـەرهەڵدانی (خەبـات) و سـەرکەوتنی رانییـە، هەمـوو هێـزە سیاسـییەکانی تریـش، هـەر لایەنـەو بەپێـی قـەوارەر و توانـای خۆیـان هاتنە مەیدان و بەشدارییان کـرد، بـەو هەنـگاوەش گیانـی راپەڕیـن و بەرەنگاربوونـەوە زۆر بەهێزتـر و کاریگەرتـر بـوو.

حەوتـەم: هەماهەنگـی و هـاوکاری نێـوان هێـزە سیاسـییەکان لـەو پـەڕی گونجاویـی و باشـیدا بـوو، کـە ئـەوەش مایـەی بەهێزبوونـی یەکدەسـتی و یەک هەڵوێسـتی نـەک تەنیـا هێـزی پێشـمەرگە بگـرە تـەواوی کۆمەڵانـی خەڵـك بـوو.

هەشـتەم: لـە ئەنجامـی سـەرکەوتنی راپەڕیـن و رزگارکردنـی بەشـێکی زۆری کوردسـتان بـۆ یەکەمجـار توانـرا لـە سـاڵی (١٩٩٢) هەڵبژاردنێکـی ئـازاد بـۆ نوێنەرایەتـی راسـتەقینەی گـەل (پەرلەمـان) بکـرێ و دوای هەڵبژاردنیـش حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان پێکبهێنرێـت.

نۆیــەم: جگــە لەلایەنــە سیاســییەکانی نــاو بــەرەی کوردســتانی چــەپ و کۆمۆنیســت و ئیســلامییەکانیش بەشــدارییان کــرد .

دەیــەم: دوای وەدەرنانــی دامــودەزگا داپڵۆســێنەرەکانی ڕژێــم تــا هەڵبــژاردن و پێکهێنانــی حکومەتــی هەرێــم بــەرەی کوردســتانی بۆشــایی دەســەڵاتی پــڕ کــردەوە و کاروبــاری وڵاتــی بەڕێــوە بــرد .

لایەنــە گرنــگ و بایەخدارەکانــی ڕاپەڕیــن زۆر و گــەورەن، چەندیــان لەبــارەوە بنووسرێ هێشــتا هــەر کەمــە، لەڕوانگــەی ئــەو گرنگــی و بایەخەیــەوە ئــەم کتێبــەی بــەر دەســت (پانۆرامــای ڕاپەڕیــن) بایەخێکــی مێژوویــی گرنگــی هەیــە.

کاک فەریــد زۆر بــە پوختــی و وردی نەخشــەی ڕاپەڕینــی کێشــاوە و بــە جوانــی پیشــانی نەوەکانــی دوارۆژی داوەتــەوە. دیــارە نووســەر لەلایــەک لێکۆڵەرێکــی ورد و بەســەلیقەیە و لــە لایەکــی دیکــەش نــەک هــەر ئــاگاداری پــلان و شــێوازی جێبەجێکردنــی بڕیــار و راســپاردەکانی ڕێبەرایەتــی ڕاپەڕیــن بــوو، بەڵکــو خۆشــی بــە درێژایــی شۆڕشــی نــوێ و بەتایبــەت دوای ئەنفــال ڕۆڵێکــی جوامێرانــەی هەبــوو.

ئێمــە، کــە باســی ڕاپەڕیــن دەکەیــن ڕاســتەوخۆ ڕۆڵــی بــەرەی کوردســتانیمان دێتــەوە پێشــچاو، کــە گرنــگ و مێژوویــی بــوو، بــەڵام ئــەوە بــەو مانایــە نایــەت کــە خۆمــان لــە هەڵوێســت و ڕۆڵــی جیــاوازی لایەنەکانــی بــەرە نەبــان بکەیــن، بەڵکــو پێویســتە ئــەوەی ڕوویــداوە و بــووە وەکــو خــۆی بنووســرێتەوە و بگێڕدرێتــەوە، چونکــە لــەم ســەردەمەی

پڕوپووچییەدا ئەوانەی مێژوو دەشێوێنن و دەیانەوێ لە شێواندنی ڕووداوە مێژووییەکان ڕۆڵی خەڵکی تر نا دیدە بگرن و خۆیان بە پاڵەوان پیشان بدەن زۆرن.

بەو پێیەی بەندە لە پێش ڕاپەڕین لە ڕاگەیاندنی بەرەی کوردستانی بووم، هەفتانە کۆبوونەوەی مەکتەبی تەنفیزی بەرە دەکرا، لەنزیکەوە ئاگاداری ورد و درشتی بۆچوونە جیاوازەکان بووم. بەڕاستی ئەوکات دوودڵی و دڵەڕاوکێیەکی گەورە هەبوو ، کە ئایا هێزی پێشمەرگە دابەزێ یان نا؟ ! ... ئایا ڕاپەڕین بکرێت یان نا؟!...ئەگەر پێشمەرگە دابەزی و ڕاپەڕین کرا کاردانەوەکانی ڕژێم چی دەبن؟!... ئایا هاوپەیمانی نێودەوڵەتی تا سەر دژی ڕژێمی بەغدا دەمێنێتەوە یان نا؟ ئەو پرسیارانەو زۆری تریش لە مێشکی سەرکردایەتی حزبەکان دەخولانەوە و ترس لە دووبارەبوونەوەی هەڵەبجەیەکی تر زۆر گەورە بوو، بەڵام یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان زوو خۆی یەکلایی کردبۆوە و خەریکی دانانی پلان و ئامادەسازی ڕاپەڕین بوو ، بۆیە نوێنەری یەکێتی لەمانگەکانی پێش ڕاپەڕین بەشداری لەکۆبوونەوەکانی مەکتەبی تەنفیزی بەرەش نەدەکرد .

ئەوکات مام جەلال دژی هەموو جۆرە سازش و گفتووگۆیەک بوو لەگەڵ ڕژێم، ئەو بە بەرچاو ڕوونییەوە پێداگری لەسەر ڕووبەڕوو بوونەوەی ڕژێم و ڕاپەڕین دەکرد، تەنانەت لە سەرەتای مانگی شوباتی ئەو ساڵەدا بەدوای (نەوشیروان مستەفا، فەرەیدون عەبدولقادر،

مـلازم عومـەر عەبدوڵـڵا ) دا دەنیـرێ و لـە شـام هۆکارەکانـی ڕووبەڕووبونـەوەی ڕژێمیـان بـۆ روون دەکاتـەوە. ئەنجامیـش دەرکــەوت ئــەو هەڵوێســتە راشــکاو و مکوڕبوونــەی بــێ زانیـاری و دانایــی نەبـوو .

پانۆڕامــای راپەڕیــن بەرهەمێکــی بایەخــدارە و دڵنیــام کەلێنێــک لــە کتێبخانــەی کــوردی بەگشــتی و مێــژووی شۆڕشـی نـوێ و راپەڕیـن بەتایبەتـی پڕدەکاتەوە، دەسـتخۆش کاک فەریـد. خەرمـان بەرەکـەت.

**ئارێز عەبدوڵلا**
**١٢-٦-٢٠٢٣**

# پانۆرامای ڕاپەڕینی ١٩٩١

هیچ تاوتوێیەک دەربارەی ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ گشتگیر نابێ، ئەگەر نەچینە سەر وردەکارییەکانی قەیرانی کوێت، چونکە جەنگی کوێت و دەرهاوێشتەکانی، هەلومەرجێکی لەباریان بۆ بەگەڕکەوتنی هێزی پێشمەرگە و بزواندنی کۆمەڵانی خەڵکی فەراهەم کرد کە تێیدا ڕاپەڕین، بە جۆش و خرۆشەوە و بەبێ دودڵی و سڵەمینەوە، ڕوبەڕوی سوپایەکی بەزیو و تێکشکاو و ڕژێمێکی پڕوکاو بۆوە. لەبەرئەم هۆیەو بۆ ئەوەی دیمەنەکە ڕونتر بێتە بەرچاو، دەبێ لە قەیرانی کوێتەوە دەست پێ بکەین.

پاش هەشت ساڵ جەنگی پڕوکێنەر دژی ئێران، دوای ئەوەی کە عیراق تەواوی پاشکەوتی دارایی ستراتیجیی خۆی لەدەستدا، بە ئابورییەکی وێران و قەرزێکی قورس لە جەنگ دەرچوو. سندوقی نەختینەی نێودەوڵەتی قەوارەی قەرزی عیراقی بە ٦٠ ملیار دۆلار مەزەندە کردووە، کە لە توانای عیراقدا نەبوو بە ئاسانی بیداتەوە.

عیـراق داوای لـە دەوڵەتانـی کەنـداو کـرد یارمەتیـی بـدەن، گوایــە ئــەو هەشــت ســاڵەی ئــەو شــەڕی تێــدا کــردووە، بـۆ بەرگریکـردن بـووە لـە دەوڵەتانـی کەنـداو، ئەگـەر ئـەو نەبوایـە، ئێـران هەمـوو ڕژێمەکانـی کەنـداوی دەخسـتە ژێـر هەژمونـی خۆیـەوە. عیـراق گـەڕی بـە کوێـت کـرد کـە گوایـە لـە سـاڵانی جەنگـدا بایـی دوو ملیـاردۆلار نەوتـی لـە کێڵگـەی نەوتـی هاوبەشـی ڕومێلـە دزیـوە. جگـە لـەوەی کـە عیـراق داوای لـە دەوڵەتانـی کەنـداو دەکـرد لـەو قەرزانـە خـۆش بـن کـە لـە مـاوەی جەنگـی هەشـت سـاڵ پێیـان داوە، داوای دە ملیـار دۆلاری دیکەشـی دەکـرد بـۆ دەسـتپێکرنەوەی پرۆسـەی پەرەپێـدان و ئاوەدانکردنــەوە.

پێـش هێرشـەکە بـە ماوەیـەک، عیـراق لـە میدیاکانیـدا کەوتــە تەنگهەڵچنیــن بــە کوێــت. بــە بــەراورد لەگــەڵ دەوڵەتانــی تــری کەنــداو، تەنگهەڵچنیــن بــە کوێــت کارێکــی قــورس نەبــوو، چونکــە لــە نێــوان کوێــت و عیــراق ســنوری فەرمــی نەبــوو، پێشــتریش لــە ســەردەمی دەوڵەتــی عوسـمانیدا، کوێـت بـۆ ماوەیەکـی کـورت سـەر بـە ویلایەتـی بەسـرە بـوو. ئـەو بیانـووەی بـە عیـراق دەدا بانگەشـەی ئـەوە بـکا کـە گوایـە کوێـت لـە بنەڕەتـدا بەشـێک بـووە لـە عیـراق، بـەڵام بریتانیـا لـە سـۆنگەی بەرژەوەندییـە نەوتییەکانییـەوە، لــە عیراقــی جیــا کردۆتــەوە و میرایەتییەکــی ســەربەخۆی

تێـدا دروسـت کـردوە. لـە پـاڵ خوێندنـەوەی چەوتـی بـۆ مێـژوو، عیـراق کوێـت و ئیماراتـی بـەوە تۆمەتبـار کـرد کـە پێکـەوە پیلانـی لـێ دەگێـڕن و بـە ئەنقەسـت نرخـی نـەوت دادەبەزێنـن بـۆ ئـەوەی زیانـی پـێ بگەیەنـن.

بـۆ ڕێگرتـن لـە تەشـەنە سـەندنی تەنگژەکـە، لـە ٣٠ تەمـوزی ١٩٩٠دا کۆبوونەوەیـەک بـە سەرپەرشـتیی سعودییەکان، لـە نێـوان شـاندی عیـراق بـە سـەرۆکایەتیی عیـززەت دوری و شـاندی کوێـت بـە سـەرۆکایەتیی سـەعد عەبدوڵـلا سـالم سـەباح لـە شـاری جـددە لـە سـعودیە سـاز کـرا. کۆبوونەوەکـە هیچـی لـێ بەرهـەم نەهـات.

عیـراق هیـچ نەرمییەکـی لـە کۆبوونەوەکـەدا نەنوانـد، چونکـە پێشـتر بڕیـاری گرتنـی کوێتـی دابـوو. بیرەوەرییەکانی عەبدولحەلیـم خـەددام جێگـری سـەرۆکی سـوریا نیشـانی دەدەن کـە سـەددام حسـێن دەوروبـەری چـوار مانـگ پێـش هێرشـکردنە سـەر کوێـت، ویسـتویەتی کۆتایـی بـە کێشـەکانی لەگـەڵ ئێـران بێنـێ بـۆ ئـەوەی دەسـتکراوە بـێ بـۆ هێرشـکردنە سـەر کوێـت و لـەو ماوەیـەدا ئاڵوگـۆڕی نامـەی لەگـەڵ تـاران کـردووە، تەنانـەت لـە نامەیەکیـدا بـۆ سـەرۆکی ئێـران عەلـی ئەکبـەر هاشـمی ڕەفسـەنجانی ڕەزامەندیـی لەسـەر کاراکردنـەوەی ڕێککەوتننامـەی سـاڵی ١٩٧٥ی جەزایـر نیشـان داوە، لـە کاتێکـدا کـە پێشـتر، لـە

١٧ی ئەیلولـــی ١٩٨٠دا، خــۆی ئــەو ڕێککەوتننامەیــەی بــە شــێوەیەکی یەکلایەنــە هەڵوەشــاندۆتەوە. ئەمــە بــەم واتایــە دێ کــە ســەددام ڕێــی بــۆ بێلایەنکردنــی ئێــران خــۆش کــردووە بــۆ ئــەوەی لــە کوێــت کێشــەی بــۆ دروســت نــەکات.

ســەددام کێشــەی ســنوری لەگــەڵ کوێــت قۆســتەوە و لــە میدیاکانیــدا بانگەشــەی بــۆ عیراقیبوونــی کوێــت کــرد و لــە گوتــاری سیاســیدا پرۆســەکەی خســتە ئــەو قاڵبــەوە کــە گرتنــی کوێــت گێڕانــەوەی پارچەیەکــی نیشــتمانە بــۆ نیشــتمانی دایــک.

ســەددام لــەو بڕوایــەدا نەبــوو کــە ناڕەزایــی کۆمەڵــی نێودەوڵەتــی لــە داگیرکردنــی کوێــت بگاتــە ڕادەی بەکارهێنانی هێــز بــۆ دەرپەڕاندنــی هێزەکانــی لــە کوێــت. ئــەو زۆرتــر گرەوی لەســەر فاکتــەری کات کــرد و پێــی وابــوو دەســتێوەردانی ئەنجومەنــی ئاسایشــی نێودەوڵەتــی دەســتێوەردانێکی کاریگــەر نابــێ و وەک چــۆن ئیســرائیل ٢٣ ســاڵە ناوچەکانــی لێــواری ڕۆژئــاوای ڕوبــاری ئوردونی داگیــر کــردووە و تورکیا ١٦ ســاڵە دۆخێکــی دیفاکتــۆی لــە باکــوری قوبــرس ســەپاندووە و ســوریا ١٤ ســاڵە دەســتێوەردانی ســەربازیی لــە لوبنان کــردووە، عیراقیــش دەتوانــێ بــەردەوام بــێ لەســەر داگیرکردنــی کوێــت و دۆخێکــی دیفاکتــۆ بســەپێنێ. ڕوداوەکانــی پاشــتر دەریانخســت کــە پێشــبینییەکانی ســەددام چــەوت بــوون.

لە ٢ی ئابی ١٩٩٠دا هێزەکانی عیراق پەلاماری کوێتیان دا و دەستیان بەسەردا گرت، بەڵام میری کوێت و بەشێکی زۆری چینی سیاسی رایانکرد بۆ سعودیە. هەر ئەو ڕۆژە ئەنجومەنی ئاسایش بڕیاری ژمارە ٦٦٠ی دەرکرد، تێیدا سەرزەنشتی هێرشەکەی عیراقی کرد و بە مایەی هەڕەشە بۆ سەر ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتیی دایە قەڵەم و داوای کشانەوەی هێزەکانی عیراقی کرد، هەروەک داوای لە عیراق و کوێت کرد دەست بە دانوستان بکەن بۆ چارەکردنی کێشەکانیان بە شێوەیەکی ئاشتییانە.

لە ٧ی ئابدا عیراق کوێتی وەک نۆزدەهەمین پارێزگا ناساند. هاوکات لەگەڵ ئەم هەنگاوەی عیراقدا، پێنج سەد هەزار سەربازی ئەمریکی لە چوارچێوەی ئۆپەراسیۆنی «قەڵغانی بیابان» دا بۆ پاراستنی سعودیە، لە خاکی سعودیە دابەزین. لەو ماوەیەدا ئەنجومەنی ئاسایش زنجیرەیەک بڕیاری لە دژی عیراق دەرکرد، لەوانە بڕیاری ژمارە ٦٧٨ لە ١٥ی تشرینی دووەمی ١٩٩٠دا کە ئاماژەیەکی ڕونی بۆ بەکارهێنانی هێز بۆ دەرکردنی هێزەکانی عیراق لە کوێت تێدا بوو، ئەگەر عیراق تا ١٥ی کانونی دووەمی ١٩٩١ هێزەکانی لە کوێت نەکێشێتەوە.

لە سەرەتای قەیرانەکەوە، ڕای زاڵ لە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئەوە بوو کە عیراق ناکشێتەوە

و لێــی دەدرێ. لەســەر ئاســتی ناوخــۆش، بەشــی زۆری ڕێکخســتنەکانی نــاوەوە لــە ڕاپۆرتەکانیانــدا پێیــان لەســەر ئــەوە دادەگــرت کــە هەڵسوکەوتی ڕژێمــی عیــراق شــتێکی وای لــێ هەڵناکــڕدرێ کــە بەنیــازی کشــانەوە بــێ لــە کوێــت. لەســەر ئاســتی دەرەوە، مــام جــەلال کــە لــەو کاتــەدا لــە دەرەوەی وڵات بــوو، پێــی وا بــوو عیــراق لــە کوێــت ناکشــێتەوە و خــۆی توشــی شــەڕێکی دۆڕاو دەکات. بوونــی تاڵەبانــی لــە دەرەوەی وڵات لــە کاتــی قەیرانەکــەدا، وای کــرد لــە ناوەندەکانــی دروســتکردنی بڕیــارەوە نزیــک بــێ، هــەم لــە ئەمریــکا، هــەم لــە ئەوروپــا. ئــەو پێــی وا بــوو ڕژێمــی عیــراق بــە تێنەگەیشــتنی گۆڕانکارییەکانــی ئــەم دواییــەی گۆڕەپانــی نێودەوڵەتــی، خــۆی توشــی گێچەڵێکــی گــەورە دەکا و ڕۆژئــاوا ئــەم هەلــە لــە دەســت خــۆی نــادا و گورزێکــی گورچکبــڕی تێدەســرەوێنێ.

لایەنەکانــی دیکــەی بــەرەی کوردســتانی لــەو بڕوایــەدا بــوون کــە لــە کۆتاییــدا و لــە کۆتــا ســاتەکاندا عیــراق بــە هەنــدێ دەســتکەوتەوە لــە کوێــت دەکشــێتەوە، لەوانــە بەخشــینی لــە دانــەوەی قەرزەکانــی یــان قەرەبوکردنــەوەی زیانــە داراییەکانــی لــە شــەڕی دژی ئێــران یــان درێژکردنەوەی ســنورە دەرياييەکــەی لــە کەنــداو یــان پێدانــی چاڵــە نەوتــە هاوبەشــەکانی ســەر ســنوری عیــراق ـ کوێــت.

بیرۆکـەی هەڵایسـاندنی ڕاپەڕینێکـی گشـتی لـە سەرانسـەری کوردسـتان، وردە وردە، لەگـەڵ زیادبوونـی ئەگـەری لێدانـی عیـراق خەمڵێوتـر و واقیعیتـر دەردەکـەوت. لـەو قۆناغـەدا کـە بـە قۆناغـی خۆئامادەکـردن بـۆ ڕاپەڕیـن دادەنـرێ، نەوشـیروان مسـتەفا لـە قاسـمەڕەش سەرپەرشـتیی دانانـی پلانـی ڕاپەڕینـی کـرد و فەرمانـی بـە ڕێکخسـتنەکانی نـاوەوە دا سـوپای ڕزگاریـی کوردسـتان کـە لەمەوبـەر بـە شـێوەیەکی نهێنـی پێـک هێنـرا بـوو بخەنـە، دۆخـی ئامادەباشـییەوە و دەسـت بـە دروسـتکردنی شـانەی چەکـداری دیکـە بکـەن.

لـە کۆتایـی ئـاب بـەدواوە، پـرۆژەی ڕاپەڕیـن بـە شـێوەیەکی لێبڕاوانەتـر مامەڵـەی لەگەڵـدا کـرا و لـەم ڕووەوە لـە کۆبوونـەوەی کۆمیتـەی سـەرکردایەتی لـە قاسـمەڕەش، بڕیـار درا فەرەیـدون عەبدولقـادر بـۆ لای لایەنەکانـی بـەرەی کوردسـتانی بنێـردرێ بـۆ خسـتنە ڕوی پـرۆژەی ڕاپەڕیـن وەک کارێکـی بـە کۆمـەڵ و ڕەنگدانـەوەی لێپرسـراوەتیی هاوبـەش. ئەنجامـی گفتوگـۆکان لەگـەڵ لایەنەکانـی بـەرەی کوردسـتانی، دڵخۆشـکەر نەبـوون، چونکـە زۆربـەی لایەنـەکان لـەو مەسـەلەیە هـەر یەکەیـان بـە بیانویەکـی جیـاواز سـارد و سڕ بـوون. لەبـەر ئـەوەی لایەنـەکان ئەگـەری هەڵگیرسـانی شـەڕیان بـە دوور دەزانـی، لـە بنەڕەتـدا بیریـان

لـە هیـچ جموجوڵێکـی سیاسـی و عەسـکەری نەدەکـردەوە و پێیـان بـاش بـوو، تـا بابەتەکـە بەلایەکـدا دەخـرێ، کـورد بێلایـەن بـێ. بۆیـە لـە سـەرەتای قەیرانـی کوێتـەوە، هیـچ ئامادەکارییـان بـۆ هەڵگیرساندنی ڕاپەڕین نەکـرد. هەندێکیان دانیـان بـەوەدا نـا کـە لەبـەر پەرتەوازەیـی ڕێکخسـتنەکانیان، توانـای بەشـداریکردنیان لـە ڕاپەڕینـدا نیـە. هەندێکـی تریـان کارەکەیـان بـە قـورس دادەنـا و لـە ئەگـەری سـەرکەوتن دڵنیـا نەبـوون. بـە شـێوەیەکی گشـتی. نوێنـەری یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان لـە گفتوگۆکانیـدا لەگـەڵ لایەنەکانـی بـەرەی کوردسـتانی، هیـچ وەڵامێکـی کۆنکرێتیـی وەرنەگـرت.

هەنـدێ لـە لایەنەکانـی بـەرەی کوردسـتانی بەتایبـەت پارتـی گوزارشـتیان لـە هەنـدێ نیگەرانیـی واقیعـی دەکـرد، لەوانـە تـرس لـە کاردانـەوەی تونـدی ڕژێمـی عیـراق لـە کاتـی ڕاپەڕینـدا و ئەگـەری پەنابـردن بـۆ کوشـتار و تەنانـەت بەکارهێنانـی چەکـی کیمیاییـش، بـەو شـێوەیەی سـاڵانی ١٩٨٧ - ١٩٨٨ وەکـو ئـەوەی بەرامبـەر ناوچەکانـی دۆڵـی بالیسـان، جافایەتـی، سێوسـێنان، بادینـان، هەڵەبجـەو شـوێنەکانی تـر کـرا .

لەبـەر دوودڵیـی لایەنەکانـی بـەرەی کوردسـتانی پلانـی ڕاپەڕیـن پـەک نەخـرا، چونکـە یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان بڕیـاری خـۆی دابـوو، کـە ئەگـەر ئـەوان بەشـداری

بکـەن یـان نەکـەن ئـەو کاری خـۆی هـەر بـکات.

دوای تێگەیشـتن لـە هەڵوێسـتی لایەنەکانـی بـەرە، یەکێتیـی بەتەنیـا پلانەکـەی خـۆی جێبەجـێ کـرد و پاشـان لایەنەکانـی تـر بەدوایـدا هاتـن.

لـە ١٨ی ئابـدا کۆبوونـەوەی کۆمیتـەی سـەرکردایەتی بـە سەرپەرشـتیی نەوشـیروان مسـتەفا، پـرۆژەی ڕاپەڕینـی تاوتـوێ کـرد و پـاش گفتوگۆیەکـی تێروتەسـەل پەسـەند کـرا. سـەرکردایەتی، بەپێـی پلانـی پەسـندکراو، کوردسـتانی بەسـەر پێنـج زۆنـدا دابـەش کـرد و فەرماندەیـی هـەر زۆنێکـی بـە ئەندامێکـی سـەرکردایەتی سـپارد. بەمجـۆرە، کەرکـوک بـە عومـەر عەبدوڵـلا سـپێردرا، هەولێـر بـە کۆسـرەت ڕەسـول عەلـی، سـلێمانی بـە فەرەیـدون عەبدولقـادر، بادینـان بـە نازم عومـەر دەبـاغ و دەڤـەری سـۆران بـە حەسـەن کوێسـتانی.

لـە ناوەڕۆکـدا ڕاپەڕیـن، بـە کـردەوە، گواسـتنەوەی شـۆڕش بـوو لـە شـاخەوە بـۆ نـاو شـارەکان. بـەم پێیـە، پلانەکـە پێویسـتی بـە هەماهەنگیـی تـەواو بـوو لـە نێـوان هێـزی پێشـمەرگە و شـانە چەکدارەکانـی نـاو شـارەکان و هێـزە پارتیزانـەکان، هـەروەک پێویسـتی بـە بەکارهێنانـی ئێزگـە بـوو بـە شـێوەیەکی نموونەیـی. بـەڵام ئـەوە بـەس نەبـوو بـۆ ئەنجامدانـی ڕاپەڕینێکـی سـەرکەوتوو. پلانەکـە هیـچ کاتێکـی بـۆ ڕاپەڕیـن دیـاری نەکـرد، چونکـە چاوەڕوانـی فاکتەرێکـی

بنچینەیـــی دەکـــرا، ئەویـــش دەســـتپێکردنی هێرشـــی هاوپەیمانیـی نێودەوڵەتییـە بـۆ سـەر هێزەکانـی عیـراق. ئـەو کاتــە لەبارتریــن کات بــوو بــۆ دەســتپێکردنی راپەڕیــن .

هیــچ بەڵگەیــەک لەســەر ئــەوە نیــە کــە رژێمــی عیــراق پێــش هێرشــکردنە ســەر کوێــت، ئەگــەری ســەرهەڵدانی راپەڕینــی لــە باشــوری عیــراق و لــە کوردســتان بــە هەنــد وەرگرتــووە. رژێــم پێشــبینیی نەدەکــرد شــیعەکان دەرفەتــی جەنگـی کوێـت بقۆزنـەوە و یاخیبوونـی چەکـدار رابگەیەنـن، بەتایبەتـی کـە بـە درێژایـی هەشـت سـاڵی جەنگـی عیـراق ـــ ئێـران، شـیعە لـە رژێـم هەڵنەگەڕایـەوە و دژی ئێـران شـەڕی کـرد. بـە هەمـان پێودانـگ، بەڵگـە لەسـەر ئـەوە نیـە کـە رژێم لـە ئەگـەری سـەرهەڵدانی راپەڕیـن لـە کوردسـتان نیگـەران بــووە، بەتایبەتــی کــە لــە ســاڵی ١٩٨٨دا رژێــم کوردســتانی بـە تـەواوی وێـران کـرد بـوو و بـە راگواسـتن و کۆکردنـەوەی دانیشــتوان، هەمــوو دیموگرافیاکــەی گــۆڕی بــوو، جگــە لـەوەی کـە لـە هێـزی پێشـمەرگەی رانەدەبینـی بتوانـێ هیـچ لـە واقیعەکـە بگـۆڕێ. هـەر بـە هـۆی ئەمەشـەوە، تـا کۆتایـی شـوبات هێزەکانـی رژێـم هیـچ ئامادەکارییەکـی گەورەیـان بـۆ روبەڕوبوونـەوەی یاخیبـوون نەکـرد.

راپەڕیــن پێویســتی بــە دەزگایەکــی پروپاگەنــدەی کارا بــوو. ئــەوەش خــۆی لــە ئێزگــەدا دەبینییــەوە. بــەو پێیــە،

بایەخێکــی شایســتە بــە ئێزگــە درا. تــا ئــەو کاتــە کارکــردن لــە ئێزگــە بــە شــێوەیەکی کلاســیکی بەڕێــوە دەچــوو، کــە تێیــدا پرۆگرامــی رۆژانــە لەســەر کاسێت تۆمــار دەکــرا، ئینجــا پەخــش دەکــرا. ئەمــەش لەگــەڵ مەرجەکانــی کاری راپەڕیــن نەدەگونجــا کــە پێویســتیان بــە دەســتوبرد و کۆنتاکتــی بــەردەوام و هەماهەنگیــی ناوەنــدی بــوو. لــە ١ی تشــرینی دووەمــی ١٩٩٠دا، نەوشــیروان مســتەفا لەگــەڵ کادیرەکانــی دەزگای راگەیانــدن کۆبــۆوە و پلانێکــی تــازەی راگەیاندنــی لەگەڵیــان تاوتــوێ کــرد کــە گونجاوتــر و هاوئاهەنگتــر بــوو لەگــەڵ پێداویســتییەکانی راپەڕیــن. لــەو کۆبوونەوەیــەدا بڕیــار لەســەر پەخشــی راســتەوخۆ درا و داوا لــە بێــژەرەکان کــرا دەســت بــە راهێنــان بکــەن لەســەر پەخشــی راســتەوخۆ، چونکــە لــە کاتــی راپەڕینــدا، لەبــەر خێرایــی روداوەکان، کاتــی تۆمارکــردن نابــێ.

لــە دوایــن کۆبوونــەوەی ســەرکردایەتیی بــەرەی کوردســتانی لــە قاســمەڕەش پێــش دەســتپێکردنی راپەڕیــن، لایەنەکانــی بــەرە (یەکێتیــی نیشــتمانیی کوردســتانی لــێ دەرچــێ) هێشــتا دوودڵ بــوون لــە پشــتگیریکردنی پــرۆژەی راپەڕیــن و ســور بــوون لەســەر ئــەوەی کــە هەڵوێســتێکی نــەرم بنوێنــرێ کــە دەرگا بــە روی بەغــدادا بــە کراوەیــی بهێڵێتــەوە و لــە هەمــان کاتــدا نەگاتــە رادەی سەرزەنشــتکردنی هێرشــی

هاوپەیمانیــی نێودەوڵەتــی بــۆ ســەر عیــراق.

لــەڕووی تاکتیکــی سیاســییەوە، دەشــێ ئەم هەڵوێســتەی لایەنەکانــی بــەرەی کوردســتانی بــە هاوســەنگ و پرەگماتیــک دابنــرێ، بــەڵام ئــەو هەڵوێســتە لــە ڕووی کردارەکییــەوە هیــچ پابەندبوونێکــی تێــدا نەبــوو، نــەک هانــدەری نەبــوو، بگــرە ساردکەرەوەش بــوو بــۆ خۆئامادەکــردن.

هــەر لــەو کۆبوونەوەیــە، بڕیــار درا دوو نوێنــەری بــەرەی کوردســتانی بچــن بــۆ ســوریا بــۆ دیــداری مــام جــەلال کــە پــاش ســەردانی ئەوروپــا و ئەمریــکا، گەڕابــۆوە ســوریا. مەبەســت لــە ســەردانەکە، راوێژکــردن بــوو بــۆ گەیشــتن بــە بڕیارێکــی دروســت، هەرچەنــد مەســەلەکە پێویســتی بــە راوێژکــردن بــە مــام جــەلال نەدەکــرد، چونکــە مــام جــەلال پێشــتر رای خــۆی بــە ســەرکردایەتیی حزبەکــەی خــۆی راگەیانــد بــوو و پشــتیوانیی لــە پــرۆژەی راپەڕیــن کــرد بــوو. هــەر چۆنێــک بــێ، بــەرە کۆســرەت رەســول عەلــی و فەلەکەددیــن کاکەیــی راســپارد لــە دیمەشــق چاویــان بــە تاڵەبانــی بکــەوێ. لــە دیمەشــق نوێنەرانــی بــەرە بۆیــان دەرکــەوت کــە تەنانــەت لایەنەکانــی ئۆپۆزیســیۆنی عیراقیــش لەوانــە پارتــی کۆمۆنیســتی عیــراق بــە ســەرکردایەتیی عەزیــز محەمــەد و حزبــی بەعســی سۆسیالیســتی عەرەبــی ســەر بــە سوریا بــە ســەرۆکایەتیی عەبدولجەبــار کوبەیســی رایــان وایــە

کـە شـەڕ ناقەومـێ و کۆکردنـەوەی هێزەکانـی هاوپەیمانیـی نێودەوڵەتـی لـە کەنـداو، لـە هاشـوهوش بـەولاوە هیچـی تـر نیـە.

لــە ١٥ی کانونــی دووەمــی ١٩٩١دا، ئــەو مۆڵەتــەی کــە بڕیــاری ژمــارە ٦٧٨ی ئەنجومەنــی ئاســایش بــۆ دەرچونــی هێزەکانـی عیـراق لـە کوێـت دیاریـی کردبـوو، کۆتایـی هـات و هێزەکانـی عیـراق لـە کوێـت نەکشـابوونەوە. بڕگـەی دووەمـی بڕیارەکـە تێیـدا هاتبـوو کـە « ئەگـەر عیـراق تـا ١٥ی کانونـی دووەمـی ١٩٩١ یـان پێشـتر، بڕیـارە ناوبراوەکانـی بـەو جـۆرەی کـە لـە بڕگـەی ١ی سـەرەوە هاتـووە بـە تـەواوی جێبەجـێ نەکـرد، دەوڵەتــە ئەندامەکانــی هــاوکاری حکومەتــی کوێــت بۆیـان هەیـە هەمـوو ڕێوشـوێنێکی پێویسـت بـۆ پشـتگیری و جێبەجێکردنـی بڕیـاری ژمـارە ٦٦٠ (١٩٩٠) و هەمـوو بڕیـارە پەیوەندیدارەکانـی پاشـتر بـەکار بهێنـن و ئاشـتی و ئاسایشـی نێودەوڵەتــی بــۆ ناوچەکــە بگێڕنــەوە». بڕگەکــە پەیامێکــی روونــی بــۆ بەکارهێنانــی هێــز بــۆ دەرپەڕاندنــی هێزەکانــی عیـراق لـە کوێـت تێـدا بـوو. بۆیـە، لێـرە بـە دواوە، ئەگـەری هەڵگیرسـانی جەنـگ و لێدانـی هێزەکانـی عیـراق بـوو بـە ئەگەرێکـی کـراوە.

لــە ١٧ی کانونــی دووەمــدا هاوپەیمانیــی نێودەوڵەتــی ئۆپەراسـیۆنی ”گەردەلولـی بیابـان“ی دژی عیـراق دەسـت

پـێ کـرد. هێرشـی ئاسـمانی کرایـە سـەر هێزەکانـی عیـراق لـە ناوخـۆی عیـراق و کوێـت و هەنـدێ ناوچـەی سـەر سـنوری سـعودیە- کوێـت.

ئــەو پێشــهاتە گرنگــە دوودڵیــی لایەنەکانــی بــەرەی کوردســتانیی لــە ئەنجامدانــی ڕاپەڕیــن کــەم کــردەوە، بــەڵام کات بـۆ خۆئامادەکـردن بـۆ بەشـداریکردنیان بـە شـێوەیەکی کارا لــە ڕاپەڕینــدا، زۆر درەنــگ بــوو.

ئۆپەراســیۆنەکە لــە میدیاکانــدا بــە جەنگــی دووەمــی کەنـداو یـان بـە جەنگـی ڕزگاریـی کوێـت ناسـرا. لـەو جەنگەدا عیـراق؛ ئیسـرائیل و ریـازی پایتەختـی سـعودیەی دایـە بـەر موشـەکی زەوی بـە زەویـی سـکۆد. لـە ٣٠ی کانونـی دووەمـی ١٩٩١دا هــەردوو وەزیــری دەرەوەی ئەمریــکا و یەکێتیــی ســۆڤێت لــە ڕاگەیەندراوێکــی هاوبەشــدا بڵاویــان کــردەوە کــە ئەگــەر عیــراق بــە روونــی بەڵێنــی کشــانەوە لــە کوێــت بــدا، هاوپەیمانیــی نێودەوڵەتــی هێرشــەکانی دەوەســتێنێ. لــە ٢٢ی شــوباتدا، ســەددام پــاش ٣٧ ڕۆژ ســەددام لــە دەســتپێکردنی ئۆپەراســیۆنەکە ڕایگەیانــد کــە پێشــنیارێکی یەکێتیـی سـۆڤێتی بـۆ کشـانەوە لـە کوێـت لـە مـاوەی سـێ هەفتــە، پەســەند کــردووە. بــەڵام هاوپەیمانیــی نێودەوڵەتــی ئــەو لێدوانــەی ســەددامی بــە هەنــد وەرنەگــرت و لــە ٢٤ی شـوباتدا هێرشـی زەمینیـی دەسـت پـێ کـرد. لە ٢٦ی شـوباتدا

سوپای عیراق، بە شپرزەیی و بە پەلەپروزێ، دەستی بە کشانەوەیەکی پەرپوت کرد. لە ٢٧ی شوباتدا سەرۆکی ئەمریکا جۆرج بوشی باوک، تەقە راگرتن و رزگارکردنی کوێتی راگەیاند. هەر لەو رۆژەشدا نەوشیروان مستەفا لە دەنگانی شەودا بروسکەی بۆ هەموو بەتالیۆنەکان کرد کە لە ئامادەباشیدا بن.

دەرفەت هەبوو پێش دەرکردنی هێزەکانی عیراق لە کوێت، دەست بە راپەڕین بکرێ. بەڵام بە باش نەدەزانرا کورد لە عیراقدا دەستپێشخەر بێ لە راپەڕیندا. لە ناو سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا، ئەو رایە زاڵ بوو کە وەک چۆن جەنگی یەکەمی جیهان بووە مایەی هەڵگیرسانی شۆڕش لە روسیا لە شوباتی ١٩١٧دا، دەرفەتێکی لەو جۆرە بۆ دوبارەبوونەوەی ئەو سیناریۆیە لە عیراقدا هەیە. پێشبینی دەکرا، پاش شکستی هێزەکانی عیراق لە کوێت، راپەڕین سەرتاسەری عیراق بگرێتەوە و تەنانەت یاخیبوونی سوپای عیراقیش و هەڵگەڕانەوەی لە رژێم، بە ئەگەرێکی واقیعی دادەنرا. سەرکردایەتی، لە رێی ئێرانییەکانەوە، دەیزانی گروپە شیعەکانی عیراق لە ئێران دەرفەتی تێکشکانی رژێمی عیراق لە جەنگی کوێت دەقۆزنەوە و لە کاتی گونجاودا دەست بە جموجۆڵ دەکەن. هەرچەند ئێران و سەرکردایەتیی یەکێتیی

نیشـــتمانیی کوردســـتان هـــاوڕا بـــوون لەســـەر ئـــەوەی کـــە شکســـتی ڕژێمـــی عیـــراق لـــە جەنگـــی کوێـــت دەرهاویشـــتەی گـــەورەی لـــێ دەکەوێتـــەوە، بـــەڵام پێشـــبینییان لـــە دوو خاڵـــدا ڕاســـت دەرنەچـــوو: یەکـــەم هـــەردولا پێیـــان وابـــوو پـــاش شکســـتی ڕژێـــم لـــە جەنـــگ، ڕاپەڕیـــن و یاخیبـــوون و پشـــێوی سەرتاســـەری عیـــراق دەتەنێتـــەوە، بـــە ناوچـــە سوننەنشینەکانیشـــەوە کـــە ئەمـــە وا دەرنەچـــوو، چونکـــە ســـوننەکان لـــە ڕژێـــم هەڵنەگەڕانـــەوە و هیـــچ چالاکییەکیـــان لـــە دژی ئەنجـــام نـــەدا. دووەم، پێیـــان وابـــوو پـــاش شکســـتی عیـــراق لـــە کوێـــت، ســـوپای عیـــراق لـــە ڕژێـــم یاخـــی دەبـــێ و ئەفســـەرە ناڕازییەکانـــی نـــاو ســـوپا دەســـەڵات دەگرنـــە دەســـت، بـــە تایبەتـــی کـــە لـــە نـــاو ســـوپادا هەنـــدێ لـــە ئەفســـەرە ســـوننەکان، ژێـــر بـــە ژێـــر، پەیوەندییـــان لەگـــەڵ ئۆپۆزیســـیۆن هەبـــوو.

لـــە چاوپێکەوتنێکـــدا لـــە کەناڵـــی ســـەتەلایتی کوردســـات لـــە یـــادی نۆیەمـــی ڕاپەڕینـــدا لـــە ســـاڵی ٢٠٠٠، مـــام جـــەلال ئامـــاژەی بـــەم مەســـەلەیە دا و وتـــی «لـــە کاتێکـــدا کـــە هاوپەیمانـــان لـــە ڕژێمـــی عیراقیـــان دەدا، نەمانویســـت ڕاپەڕین بکەیـــن... بـــۆ ئـــەوەی حکومەتـــی عیـــراق نەیکاتـــە هۆیـــەک بـــۆ تێکدانـــی نێوانـــی کـــورد و عـــەرەب و نێوانـــی شۆڕشـــی کـــورد و ســـوپای عیـــراق کـــە ئێمـــە هەمیشـــە ئومێدمـــان پێـــی هەبـــووە

کـە هـاوکاری خەڵـک بێـت لـە خەباتـدا بـۆ ڕزگاربـوون لـە دکتاتـۆری».

لـە ڕاستیشـدا ئەگـەر کـورد زوتـر، واتـە پێـش ڕاپەڕینـی شـیعە، دەسـتی بـە ڕاپەڕیـن بکردایـە، ئەگـەری ئـەوە هەبـوو ڕژێمـی عیـراق ڕاپەڕینـی کـورد بـۆ هانـدان دژی کـورد بـەکار بهێنـێ و بـواری هاوکاریـی نێـوان کـورد و عـەرەب کـەم بکاتـەوە. لـە ڕوی تاکتیکیشـەوە، سـەرقاڵبوونی ڕژێمـی عیـراق بـە سـەرکوتکردنی ڕاپەڕینـی ناوچەکانـی تـری عیـراق، لـە بەرژەوەنـدی کـورددا بـوو و قورسـایی لەسـەر کوردسـتان کـەم دەکـردەوە.

لـە کوردسـتاندا هەنـدێ لـە سیاسـەتە پەیڕەوکراوەکانـی ڕژێمـی عیـراق دژی کـورد، لـە کاتـی ڕاپەڕینـدا بـە قازانجـی ڕاپەڕیـن شـکایەوە. ڕاگواسـتنی دانیشـتوان و کۆکردنەوەیـان لـە هەنـدێ شـوێنی دیاریکـراو، ببـووە هـۆی دروسـتکردنی بلۆکـی دیمۆگرافیـی گـەورە گـەورە لـە کوردسـتان. ئەمـەش بـووە هـۆی بڵاوبوونـەوەی ڕاپەڕیـن بـە خێرایـی لـە زۆرتریـن شـوێندا، جگـە لـەوەی کـە سـوپا و هێـزە ئەمنییـەکان لـە کاتـی ڕاپەڕینـدا توانـای ئەوەیـان نەبـوو کۆنترۆڵـی ئـەو بلۆکـە دیمۆگرافییـە گەورانـە بکـەن.

لـە مـاوەی خۆئامادەکـردن بـۆ ڕاپەڕیـن، سـەرقاڵبوونی ڕژێمـی عیـراق بـە جەنگـی کوێـت، کاری دروسـتکردنی

پەیوەندیی لەگەڵ چەکدارەکانی ڕژێم ئاسان کرد. هەڵگەڕانەوەی ئەو چەکدارانە لە ڕژێم، ڕۆڵێکی گەورەی لە سەرخستنی ڕاپەڕیندا هەبوو.

لە ڕاپەڕیندا ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان ڕۆڵێکی گەورەی لە سەرکەوتنی ڕاپەڕیندا بینی بە چەشنێک کە بە ئێزگەی ڕاپەڕین ناوی دەرکرد. دەزگای ڕاگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئێزگەی بە شێوازێکی نمونەیی خستە خزمەتی ڕاپەڕینەوە، بە تایبەتی کە فڕۆکەکانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی لە کاتی جەنگدا هەموو وێستگەکانی تەشویشکردنە سەر ئێزگە و تەلەفزیۆنەکانیان وێران کرد بوو.

لە ١ی ئازاردا، یەک ڕۆژ پاش وەستانی جەنگ، سەربازە بەزیوەکانی عیراق لە بەسرە، لە ڕژێم هەڵگەڕانەوە و لێرە بەدواوە، وردە وردە، ڕاپەڕین ناوچە شیعەنشینەکانی تەنییەوە.

لە ٣ی ئازاردا نوێنەرانی عیراق هەر یەک لە جەنرال سولتان هاشم ئەحمەد وەزیری بەرگریی عیراق و جەنرال سەلاح عەببود مەحمود جبوری فەرماندەی لەشکری سێ و نوێنەرانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی هەر یەک لە جەنرال نۆرمان شوارسکۆف فەرماندەی هێزەکانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی دژ بە عیراق و جەنرال خالید بن سولتان

فەرماندەی هێزەکانی وڵاتە عەرەبی و ئیسلامییەکانی ناو هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی، لە چادرێکدا لە نزیک شارۆچکەی سەفوانی سەر بە پارێزگای بەسرە کۆبوونەوە. لەو کۆبوونەوەیە نوێنەرانی عیراق، وەک فەرمانیان پێ کرا بوو، هەموو مەرجەکانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتییان بەبێ گفتوگۆ پەسند کرد.

لە ٤ی ئازاردا هەندێ جموجوڵ و خۆپیشاندان لە ئۆردوگای خەبات (کەڵەکی یاسین ئاغا) کە زۆربەی دانیشتوانەکەی خەڵکی ناوچەی پشدەر بوون، دەستی پێ کرد.

لە ٥ی ئازاردا ڕاپەڕین لە ڕانیە دەستی پێ کرد و هەر ئەو ڕۆژە ڕانیە ڕزگار کرا و لەوێوە بە خێرایی بۆ ناوچەکانی تر تەشەنەی کرد.

❊ ❊ ❊

ئەوەی دادێ، پانۆرامای ڕاپەڕینە بەپێی ڕیزبەندی مێژوویی ڕوداوەکان:

# خەبات ـ هەولێر

بڕیـار نەبـوو راپەڕیـن لـە ئـۆردوگای خەبـات (کەڵەکـی یاســین ئاغــا)ی هەولێــر دەســت پــێ بــکا. زۆربــەی دانیشـتوانی ئۆردوگاکـە لـە راگوێزراوەکانـی پشـدەر بـوون. رێکخسـتنێکی بەهێـزی یەکێتیی نیشـتمانیی کوردسـتانی لــێ بــوو، بۆیــە کادیــرەکان زووتــر ئــاگادار بــوون، کــە پلانێــک بــۆ هەڵگیرســاندنی راپەڕینێــک لــە سەرانســەری کوردســتاندا هەیــە.

لـە ٤ی ئـازاردا ژمارەیـەک لاوی خوێـن گـەرم و هەنـدێ لــە کادیرەکانــی رێکخســتنی یەکێتیــی نیشــتمانیی کوردســتان، لــە دەرەوەی پلانــی راپەڕیــن، لەگــەڵ هێزەکانــی رژێــم لــە ئــۆردوگا توشــی گێچــەڵ بــوون. روداوەکــە خۆپیشــاندانێکی خۆبەخــۆی لــێ کەوتــەوە، کــە سەرتاســەری ئۆردۆگاکــەی گرتــەوە و گەیشــتە رادەی تەقەکـردن لـە خۆپیشـاندەران و گەمارۆدانـی ئۆردوگاکـە و داخســتنی هەمــوو رێوبانەکانــی هاتوچــۆ. روداوەکــە دوو

شـەهیدی لـێ کەوتـەوە، کـە یەکێکیـان نـاوی بەختیـار عومـەر حەسـەن بـوو، لێـرە بـەدواوە بـە یەکـەم شـەهیدی ڕاپەڕیـن دەژمێـردرێ و ئـەوی تـر نـاوی محەمـەد قـادر فـاروق بـوو و لـە ڕێکخسـتنی پۆلـی قـەڵادزێ و ئەندامـی شـانە چەکدارەکانـی بروسـک بـوو.

هەرچەنـد خۆپیشـاندانەکە خۆجێـی و بـێ پـلان بـوو، بـەڵام شـلەژانی لـە پلانـی ڕاپەڕینـدا دروسـت کـرد، چونکـە تـرس لـەوە پەیـدا بـوو، نەبـادا هێزەکانـی ڕژێـم، بـۆ تۆقاندنـی جەمـاوەر، کوشـتارێکی ترسـناک بکـەن و ببێتـە مایـەی سـڵکردنەوەی خەڵـک لـە بەشـداریکردن.

هـەر ئـەو ئێوارەیـە، لیژنـەی کاری ڕاپەڕیـن بـە ئامـادە بوونـی شـەش ئەنـدام، لەوانـە مسـتەفا برایـم دەروێـش و عەبدولقـادر محەمـەد عومـەر، لـە هەولێـر کۆبـۆوە، ڕوداوەکـەی ئـۆردوگای خەباتـی تاوتـوێ کـرد و لەسـەر ئـەوە گیرسـایەوە کـە نوێنەرێـک بـە نـاوی لیژنەکـەوە بـەو پەیامـەوە بنێـردرێ بـۆ ڕانیـە، کـە ئەگـەر ڕاپەڕیـن پێـش نەخـرێ، لەوانەیـە هێزەکانـی ڕژێـم کوشـتارێکی ترسـناک لـە ئـۆردوگای خەبـات بکـەن. بـەو پێیـە، ئەحمـەد حسـێن ناسـراو بـە ئەحمـەد بچکـۆل ڕاسـپێردرا بـە پەلـە بچـێ بـۆ ڕانیـە و پەیامەکـە بگەیەنـێ. لـە ڕانیـە دەرکـەوت کـە پلانەکـە گۆڕانـی بەسـەردا هاتـووە، کاتـی ڕاپەڕیـن دوو ڕۆژ

پێش خراوە و بڕیارە سبەی راپەڕین لە رانیە دەست پێ بکا. ئەگەرچی گۆڕینی پلان پەیوەندیی بە رووداوەکەی خەباتەوە نەبوو، بەڵام لە بەرژەوەندیی راپەڕیندا بوو و هاوجوتیش بوو لەگەڵ خواستی لیژنەی کاری راپەڕینی هەولێر.

# رانیـە

رانیـە لـە پلانـی راپەڕینـدا بایەخێکـی تایبەتـی هەیـە، ئەویـش لەبـەر سـێ هـۆ:

یەکـەم: پـاش راگواسـتنی قـەڵادزێ لـە سـاڵی ١٩٨٩، نزیکتریـن شـار بـوو لـە قاسـمەڕەش کـە بـارەگای سـەرکردایەتیی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتانی لـێ بـوو.

دووەم: رێکخسـتنێکی بەهێـزی هەبـوو، کـە بـۆ راپەڕیـن شایسـتەی پشـت پـێ بەسـتن بـوو.

سـێیەم: ژمارەیەکـی زۆر لـە چەکدارەکانـی سـەر بـە رژێـم، ئامادەیـی تەواویـان بـۆ هەڵگەڕانـەوە لـە رژێـم و پشـتگیریکردنی راپەڕیـن نیشـان دابـوو. سـەربار، فاکتەرێکـی سـایکۆلۆژیی یارمەتیـدەر هەبـوو، ئەویـش نیگەرانیـی هەمـوو دانیشـتوانی رانیـە بـوو لـە ئەگـەری راگواسـتنیان، بـە هەمـان شـێوەی راگواسـتنی دانیشـتوانی پشـدەر، بـە تایبەتـی کـە لـە نـاو دانیشـتواندا

روون بـــوو کـــە ئەگـــەر رژێـــم درێـــژە بـــە سیاســـەتی ڕاگواســـتنی شـــارەکان بـــدا، ئەوجـــارە نـــۆرەی ڕاگواســـتنی ڕانیـــە دێ. هەروەهـــا فاکتەرێکـــی یارمەتیـــدەری دیکـــەش هەبـــوو، ئەویـــش ئەوەیـــە کـــە ژمارەیەکـــی بەرچـــاو لـــە چەکدارەکانـــی فەوجەکانـــی بەرگریـــی نیشـــتمانیی ســـەر بـــە رژێـــم، لـــە قۆناغـــی جیاجیـــادا، پێشـــمەرگایەتییان کـــرد بـــوو و زۆریـــان لـــە لای ســـەرکردایەتیی یەکێتیـــی نیشـــتمانیی کوردســـتان ناســـراو بـــوون، لەوانـــە عەلـــی نەبـــی، حەمـــەی کاک هەمـــزە، فەقـــێ حەســـەن، ســـوار ئاغـــای عەبـــاس ئاغـــا کـــە زوو پەیوەندییـــان پێـــوە کـــرا و دەمودەســـت ئامادەییـــان بـــۆ بەشـــداریکردن دەربـــڕی بـــوو. لـــە پەیوەندییـــە بەراییەکانـــدا و لـــە ڕەوتـــی ڕێخۆشـــکردن بـــۆ دەســـتەبەرکردنی پێداویســـتییەکانی ڕاپەڕینێکـــی ســـەرکەوتوو. بـــۆ ئـــەوەی هەماهەنگییەکـــی تـــەواو لـــە نێوان قاســـمەڕەش و شـــارەکان دروســـت بکـــرێ، رۆژی ٢٨-١-١٩٩١ عەزیـــز بەگـــی ڕانیـــە و کـــوردۆی کـــوڕی لەگـــەڵ هێزێـــک کـــە پێکهاتبـــوو لـــە (ســـەلاح دیلمانـــی، شاســـوار حاجـــی کەریـــم، ئەســـعەد ئیبراهیـــم حەمەدەمیـــن، عومـــەرە ڕەش، عەزیـــزی عەولاغـــا، شـــالاو حایـــز حەمـــەد، خالیـــد حاجـــی عوســـمان، خـــدر زوودی، قـــادر عومـــەر حەســـەن) دەنێردرێنـــە دۆڵـــی شـــاورێ و لەســـەر کەپـــکان دەزگایەکـــی بێتەلـــی ڕاکاڵ

کــە زووتــر لــەوێ شــاردرابۆوە ڕادەســتی عەزیــز بــەگ و کــوردۆی عەزیــز بــەگ دەکــرێ و هێزەکــە دەگەڕێتــەوە ســەرکردایەتی. دیــارە زووتــر کــوردۆ عەزیــز بــەگ لەســەر بەکارهێنانــی بێتەلەکــە ڕاهێنرابــوو، بۆیــە هــەر زوو لــە گونــدی مێدێــر دایدەمەزرینــێ و ڕاســتەوخۆ پەیوەنــدی بــە ســەرکردایەتییەوە دەکات و عەزیــز بەگیــش نامــەی تایبــەت بــۆ کەســایەتی و بەرپرســی چەکدارەکانــی ڕژێــم دەنێرێــت. نــاوە نــاوە کــوردۆ شــوێنی بێتەلەکــەی دەگــۆڕێ و تەنانــەت چەنــد ڕۆژێکیــش لەنــاو شــاری ڕانیــە لەماڵــی حەســیبە عەزیــز بــەگ دایدەنــێ. ژمارەیــەک لــە کادیرەکانی ڕێکخســتن و شــانەکانی بروســک بــە مەبەســتی وەرگرتنــی ڕێنمایــی و ناردنــی هــەواڵ پەیوەنــدی بــە عەزیــز بەگــەوە دەکــەن، لەوانــە ئەحمــەد بچکــۆل، محەمــەد ســەرکەپکانی، عەلــی خەیــات، عومــەری حەمــەد بــەگ، ...

بــە پێــی ئــەو هەڵســەنگاندنەی لــە قاســمەڕەش کــرا بــوو، ڕێــژەی ســەرکەوتنی ڕاپەڕیــن لــە ڕانیــە بــە ٩٠٪ مەزەنــدە کــرا بــوو. بۆچوونــی زاڵ لــە قاســمەڕەش ئــەوە بــوو، کــە چارەنوســی تێکــڕای ڕاپەڕیــن دەوەســتێتە ســەر ســەرکەوتنی ڕانیــە. ســەربار، کاری پێویســت بــۆ بێلایەنکردنــی چەکدارەکانــی ڕژێــم کــرا بــوو، پێشــبینیش نەدەکــرا هێزەکانــی ڕژێــم بەرگرییەکــی کارا بکــەن.

لـەو پلانـەی کـە لـە قاسـمەڕەش دانـرا بـوو، بڕیـار بـوو لـە ٧ی ئـازاردا ڕاپەڕیـن لـە ڕانیـە دەسـت پـێ بـکا. بـەڵام لـەو ماوەیـەدا هەواڵگریـی ڕژێـم هەسـتی بـە هەنـدێ جموجوڵـی نائاسـایی کـرد بـوو و هەواڵـی پـێ گەیشـتبوو کـە ڕەنگـە شـتێک لـە ڕانیـە بقەومـێ. لـەم سۆنگەیەوە، هێـزی سـوپای لـە هەولێـرەوە بـەرەو ڕانیـە جموجوڵـی پـێ کـرا. لـە ٤ی ئـازاردا هەواڵـی بەڕێکەوتنـی هێـز گەیشـتە ڕانیـە. گەیشـتنی هێـزی سـوپا بـۆ ڕانیـە، لێـی ڕادەبینـرا هەوڵـی ڕاپەڕیـن ئاڵـۆز بـکا. لـەو بارودۆخـە تێکچـڕژاوەدا لیژنـەی کاری ڕاپەڕینـی هەولێریـش، دوای ڕوداوە کتوپڕەکـەی ئـۆردوگای خەبـات، داوای کـرد بـوو کاتـی ڕاپەڕیـن پێـش بخـرێ. لـەو ڕەوشـە پـڕ ئاڵۆزییـەدا، لـە ڕانیـە بڕیـار درا دەسـتوبردی لـێ بکـرێ و ڕاپەڕیـن زوتـر بکـرێ.

بـە و هۆیـەوە، ڕاپەڕیـن دوو ڕۆژ پێـش خـرا. لـە ٥ی ئـازاردا ڕاپەڕیـن لـە ڕانیـە بـە کۆششـی عەلـی نەبی و شـانە چەکـدارەکان و جەمـاوەری ڕاپـەڕی و هەڵایسـا و دەسـت بەسـەر سـەربازگەی ڕانیـە و بـارەگای حزبـی بەعـس و ناوەنـدە ئەمنـی و هەواڵگرییەکانـدا گیـرا.

بڵاوبوونـەوەی هەواڵـی ڕزگارکردنـی ڕانیـە، لـە سەرانسـەری کوردسـتان دەنگی دایـەوە و بـووە فاکتەرێکی

ئیلهامبەخــش بــۆ فراوانکردنــی جوگرافیــای ڕاپەڕیــن بــۆ ئــەوەی ناوچەکانــی تــر بتەنێتــەوە. ســەرکەوتنی ڕاپەڕیــن لــە ڕانیــە ســەرەتای گواســتنەوەی جولانــەوەی کــورد بــوو لــە قۆناغــی شــەڕی ناوچــە شــاخاوییەکانەوە بــۆ قۆناغــی ڕزگارکردنــی شــارەکان، هــەروەک بــووە مایــەی فراوانکردنی مــەودای لێپرســراوەتی بــە بەشــداری پێکردنــی کۆمەڵانــی خەڵکــی لــە بڕیاردانــی چارەنوســی خۆیانــدا.

دوا بــە دوای کۆنترۆڵکردنــی ڕانیــە، کــوردۆی عەزیــز بــەگ بــە بروســکە هەواڵــی ســەرکەوتن بەســەرکردایەتی ڕادەگەیەنــێ.

ســەربازەکانی ریــزە ڕەبیەکانــی چیــای مامەنــدە کــە دەڕوانێتــە ســەر قــەڵادزێ، بەبــێ ئــەوەی هێرشــیان بکرێتــە ســەر، ڕەبیەکانیــان چــۆڵ کــرد، دابەزیــن و لــە گونــدی ســونێ خۆیــان ڕادەســتی هێــزی پێشــمەرگە کــرد.

بــە ڕزگارکردنــی ڕانیــە، بــارەگای ســەرکردایەتیی ڕاپەڕیــن لــە قاسمەڕەشــەوە گوێزرایــەوە بــۆ ڕانیــە. پــاش ڕزگارکردنــی ڕانیــە، یەکــەم ئەرکــی ڕاپەڕیــن پاراســتنی ڕانیــە و خۆئامادەکــردن بــوو بــۆ ڕزگارکردنــی چوارقوڕنــە و تێکشــکاندنی ئــەو هێــزەی ســوپا کــە لــە هەولێــرەوە بــەرەو ڕانیــە بــەڕێ کەوتبــوو.

# چوارقوڕنە

چوارقوڕنـە نزیکتریـن شـارۆچکەیە لـە ڕانیـەوە. بۆیـە شـتێکی ئاسـایی بوو کە لەگەڵ سـەرکەوتنی ئۆپەڕاسـیۆنی ڕانیـە، جـۆش و خـرۆش بـە خێرایـی لـە چوارقوڕنـە پەیـدا ببـێ. ڕێکخسـتنەکان و شـانە چەکـدارەکان و هاوولاتییـان خۆیـان بـۆ ڕاپەڕیـن ئامـادە کرد بـوو. بە پێـی پلانـی دانراو، شـانە چەکـدارەکان بەسـەر دوو گروپـدا دابـەش بـوون: گروپـی یەکـەم لـە شـانە چەکدارەکانـی گەڕەکەکانـی سـەرجۆگا، گوڵەکیـان، تۆبـەکاران، تەنگـژە، میرزا ڕۆسـتەم، شـیلانە، جافـان، چۆمـان، کۆمەڵـگای چوارقوڕنـە، ئـازادی، بۆڵیـان و بنزێریـان پێکهاتبـوو کـە ئەرکـی هەڵکوتانـە سـەر دامـودەزگا ئەمنـی و عەسـکەرییەکانیان پـی سـپێردرا بـوو. گروپـی دووەم لـەو شـانە چەکدارانـە پێکهاتبـوو کـە ئەرکیـان کۆنترۆڵکردنـی دەروازەی چوارقوڕنــە و لێدانـی هـەر هێزێکـی ڕژێـم بـوو کـە بیـەوێ بـە هانـای هێـزە گیرخواردووەکانـی ناوشـارەوە بچـێ.

لـە ٦ی ئـازاردا شـانە چەکـدارەکان، بـە پشـتیوانیی هاووڵاتییانـی شـار، هەڵیـان کوتایـە سـەر بارەگاکانـی ئاسـایش و پۆلیـس و حزبـی بەعـس و دەسـتیان بەسـەر هـەر هەمویـدا گـرت. پاشـان، بـە پشـتیوانیی ئـەو هێزانـەی کـە لـە ڕانیـە و حاجیـاواوە خۆیـان گەیانـدە چوارقوڕنـە، شـانە چەکـدارەکان و جەمـاوەر هێرشـێکی بەربلاویـان کـردە سـەر سـەربازگەی تیپـی (فرقـة) ٢٤ و دەسـتیان بەسـەردا گـرت.

سـەعات ١١ی ئـەو ڕۆژە، دوو هەلیکۆپتـەر کـە پێدەچێ بـۆ فریاکەوتنـی فەرماندەکانـی سـوپا نێردرابـن، لـە ئاسـمانی چوارقوڕنـەدا دەرکەوتـن. پـاش ئـەوەی بەسـەر سـەربازگەکەدا سـوڕانەوە و بۆیـان دەرکـەوت کار لـە کار تـرازاوە، کەوتنـە تەقەکـردن بـە شـێوەیەکی کوێرانـە، لـە ئەنجامـدا چەنـد هاووڵاتییـەک برینـدار بـوون. هێـزی پێشـمەرگە هەلیکۆپتەرەکانـی دایـە بـە ڕئارپیجـی و ناچـاری کـردن ئاسـمانی ناوچەکـە بەجـێ بێڵـن.

لـە دەروازەی شـاریش، ئـەو هێـزەی لـەوێ جێگیـر کرابـوو، ڕوبەڕوی هێزێکـی گـەورەی سـوپا بـۆوە کـە بـە پاڵپشـتی ١٢ تانـک بـۆ چوارقوڕنـە بـەڕێ کـرا بـوو بـۆ فریاکەوتنـی تیپـی (فرقـة) ٢٤ی سـوپا. هێزەکـە نەیتوانی بچێتـە نـاو شـار و لـە شـەڕێکی دژواردا زۆری لـێ کـوژرا و

زۆری لێ بەدیل گیرا، دوو تانکیش بە ساغی دەستیان بەسەردا گیرا. ئەوەی لە هێزەکە مایەوە، بە شپرزەیی گەڕایەوە بۆ کۆیە و بەشێکی لە زنجیرەی هەیبەت سوڵتان جێگیر کرا بۆ رێگرتن لە پێشڕەویی هێزی پێشمەرگە بەرەو کۆیە.

پاش شەڕی چوارقوڕنە، نەوشیروان مستەفا لە رانیە کۆبوونەوەی بە هێزەکان کرد و تێیدا بڕیار درا دوو ئامانجەکەی تر، کۆیە و شەقلاوە بن. بەپێی پلانەکە، بڕیاردرا هێزەکانی رەهبەر سەید برایم و چەتۆ حەوێزی بەرەو کۆیە بچن و هێزەکانی کۆسرەت رەسول عەلی و سەفین مەلا قەرە و حەسەن کوێستانی بەرەو شەقڵاوە بچن. هەر لە رانیەشەوە سەرکردایەتیی راپەڕین هەماهەنگیی لەگەڵ رێکخراوی سلێمانی کرد بۆ گواستنەوەی راپەڕین بۆ ئەوێ.

# شارەزور

نزیکەی مانگێک پێش ڕاپەڕین، نەوشیروان مستەفا ژمارەیەک کادیری نارد بۆ شارەزور بۆ بەهێزکردنی رایەڵەکانی نێوان هێزە پارتیزانەکان و ڕێکخستنەکانی ناو شار و ئامادەکردنی شانە چەکدارەکانی سوپای رزگاریی کوردستان بۆ سەعاتی سفر. ئەو کادیرانەی ئەو ئەرکەیان پێ سپێردرا ئەمانەن: حەمەی حەمە سەعید، ئەحمەد غەریب ناسراو بە مەلا ئەحمەدی دسکەرە، حەمە زیاد، سەردار ناوتاقانی، فەلاح حەمە بۆر و خەلیل سەروکانی. لەبەر ئەوەی زۆربەی هەرە زۆری ناوچەکە راگوێزرا بوو، فۆکەس زۆرتر خرایە سەر ئۆردوگا زۆرەملێکانی نەسر، باریکە، زەڕایەن و هەڵەبجەی شەهید.

پاش دەستپێکردنی هێرشی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی بۆ سەر عیراق، ئەرکی ڕاپەڕین لە قۆڵی شارەزور بە حامید حاجی غالی و شێخ عەلی حەمە ساڵح سپێردرا. لە سەروبەندی دەستپێکی ڕاپەڕین لە

رانیــە لــە ٥ی ئــازار، بــە تالیۆنــی ٢ی هێــزی پێشــمەرگە کــە جەمیــل هەورامــی فەرمانــدەی بــوو، خرایــە ژێــر فەرماندەیــی هــەردوو لێپرســراوی قۆڵەکــە. بەشــێکی هێزەکــە زوتــر دابــەزی و لــە تەوێڵــەوە بــەرەو عەربــەت رۆیــی. بەشــەکەی تــر بــە فەرماندەیــی جەمیــل هەورامــی چــووە ســورێن و لەوێــش هێزەکانــی حزبی سۆسیالیســت بــە ســەرکردایەتی حەمــەی حاجــی مەحمــوود تــەواوی ئامادەیــی خــۆی بــۆ بەشــداریکردن دەربــڕی. لــە وێــوە چــووە پشــت گوندەکانــی نــەوێ و بەردەبــەل لــە بنــاری چیــای قاینجــە.

لــە ٧ی ئــازاردا یەکــەم چەخماخــەی ڕاپەڕیــن لــە شــارەزور لــە ئــۆردوگای نەســر لێــدرا و لــە ماوەیەکــی کەمــدا تــەواوی ئۆردۆگاکانــی نەســر، برایەتــی، هەڵەبجــەی تــازە، زەڕایــەن و شــارۆچکەی عەربــەت ئــازاد کــران و تــەواوی ڕەبیەکانــی ســوپای عیــراق لــە ناوچەکــە و هەمــوو ســەربازگەکانی دەوروبــەری ئــەو شــوێنانە دەســتیان بەســەردا گیــرا.

لــە قۆناغــی دووەمــدا، هێــزی پێشــمەرگە و جەمــاوەری ڕاپەڕیــو و شــانە چەکــدارەکان رویــان کــردە ســەربازگەی ســەرای ســوبحان ئاغــا کــە بــارەگای تیپــی (فرقــة) لــێ بــوو و دەســتیان بەســەردا گــرت، ئــەو هێزەی پێشــمەرگەش کــە لــە بنــاری قاینجــە بــە فەرماندەیــی

جەمیـــل هەورامـــی بـــوو، دەســـتی بەســـەر تـــەواوی ڕەبیەکانـــی ســـوپای عیراقـــدا گـــرت. بەمـــە، ناوچەکـــە هێـــزی دوژمنـــی لـــێ نەمـــا. پـــاش یەکلاکردنـــەوەی شـــەڕ لـــە شـــارەزور، ناوچەکانـــی پێنجوێـــن و هەڵەبجـــە و هەورامـــان بـــە ئاســـانی ئـــازاد کـــران.

# سلێمانی

لە ناو سلێمانیدا ڕێکخستنێکی بەهێز هەبوو. سوپای ڕزگاریی کوردستان (سرک) زوتر ئامادەکاریی کرد بوو. سەرباری ئەوەی کە ژمارەیەکی بەرچاو شانەی چەکدار بە ناوی شانە چەکدارەکانی شالاۆوەوە پێک هێنرا بوون، جگە لەوەی کە ڕێکخراوی سلێمانی پەیوەندیی بە چەکدارەکانی ڕژێمەوە کرد بوو و هەماهەنگیی لەگەڵیاندا دروست کرد بوو بۆ بەشداریکردن لە ڕاپەڕین.

هێزەکانی ڕژێم دەم و دەست هەر لە ڕاپەڕینی ڕانیەوە لە ٥ی ئازار لە ئامادەباشیدا بوون. لە ناو شار ئامادەکاریی تەواو بۆ سەرکوتکردنی ڕاپەڕین کرا بوو. هەموو شوێنە حزبی و ئەمنییەکان پڕچەک کرا بوون و دۆشکا لە سەربانی شوێنە گرنگەکان دابەسترا بوو، چەک و فیشەکیشیان بۆ گوێزرابۆوە، لەوانە بارەگای ڕێکخراوی حتین و بارەگای سەرەکیی حزبی بەعس.

پلانــی ڕژێــم وا بــوو کــە بتوانــێ شــەڕێکی درێژخایــەن لــە نــاو شــار بــکات. بەشــێکی زۆری نــاو شــار مەتەرێــزی لــی کــرا بــوو. لەســەر بینــا بڵنــدەکان، لەوانــە ئوتێلەکــەی حەســیب ســاڵح (ئوتێلــی ئێســتای ســلێمانی پــالاس) قەنــاس دانــرا بــوو کــە تەقــەی لــە هــەر جموجوڵێــک لەمبــەر و ئەوبــەری کۆڵانەکانــی پشــت مزگەوتــی عەبدوڵــڵا لوتفــی دەکــرد. بیکەیســیش لــە فولکــەی نێرگــز دانــرا بــوو. هەروەهــا زرێپــۆش بەســەر بەشــێکی زۆری شــوێنە گرنگــەکان و شــەقامەکاندا دابــەش کــرا بــوو. ســەربازەکان بەســەر زۆربــەی شــوێنەکانی ناوشــاردا دابــەش کــرا بــوون.

لــە نێــوان ســەرکردایەتیی ڕاپەڕیــن و ڕێکخســتنەکانی ســلێمانی، ڕێککەوتــن لەســەر ئــەوە کــرا بــوو کــە لــە ڕێــی ئێزگــەی دەنگــی گەلــی کوردســتانەوە کــۆدی دەســتکردن بــە جموجــوڵ بــڵاو بکرێتــەوە.

لــە ٦ی ئــازاردا ئێزگــەی دەنگــی گەلــی کوردســتان ئــەم کــۆدەی پەخــش کــرد «لــە زمناکــۆوە بــۆ ئــازاد ١٧٦، بــرادەران ئــاگادار بکــەرەوە کــە ٧ی مانــگ زەماوەنــد بکــەن. ئێمــەش دەگەینــە لاتــان».

لــە بەرەبەیانــی ٧ی ئــازاردا هێــزی پێشــمەرگە و شــانە چەکــدارەکان هێرشــیان کــردە ســەر ڕەبیەکانــی ســوپای عێــراق لــە ســەرچنار و زۆربــەی هــەرە زۆریــان کۆنتــڕۆڵ

کـرد. پاشـان هێـرش کرایە سـەر فەرمانگـەی سـەربازگیریی سـەرچنار و دەسـتی بەسـەردا گیـرا. ئینجـا لێـرە بـەدواوە، هاووڵاتییـان بـە چەکـەوە هاتنـە پـاڵ هێـزی پێشـمەرگە و شـانە چەکـدارەکان و لـە ماوەیەکـی کورتدا دەست بەسـەر فەرمانگــەی ئاسایشــی ســەرچنار و بــارەگای رێکخــراوی حزبــی بەعــس و بــارەگای رێکخســتنی قادسـیەی حزبــی بەعســدا گیــرا. ســەعاتێک پاشــتر بنکــەی گەمــارۆدراوی پۆلیسـی سـەرچنار خـۆی بـە دەسـتەوە دا. بـەری سـەرچنار شــەڕی تێــدا نەمــا و شــەڕ لــە نــاو شــار دەســتی پــێ کــرد. شــەڕی ســەخت ناوشــاری گرتــەوە، بەتایبەتــی کــە هێزەکانــی رژێــم ئامادەکاریــی تەواویــان بــۆ بەرگریــی درێژخایـەن و شـەڕی دژوار کـرد بـوو. بەشـێکی زۆری ئـەو شـوێنانەی کـە هێزەکانـی رژێـم مەتەرێزیـان تێـدا کردبـوو، کێشــەی چــەک و فیشــەکیان نەبــوو، جگــە لــەوەی کــە فەرمانیـان پـی کـرا بوو بەرگـری بکـەن و بەڵێنیـان دابوونێ کـە هێزیـان لـە کەرکوکـەوە بـۆ فریـا دەخـرێ.

تــا نیــوەڕۆ کــەم شــوێن گیــران. کەمیــی چــەک لای هێزەکانــی راپەڕیــن و ئومێــدی ســەربازە گەمــارۆدراوەکان بــە مســۆگەریی گەیشــتنی فریــادڕەس لــە کەرکوکــەوە، یەکلاکردنــەوەی شــەڕەکەی دواخســت. بــەڵام پــاش ئــەوەی هێــزی زۆرتــری پێشــمەرگە هاتــە ناوشــار و

دەست بەسەر بارەگایەکی سوپای عیراقدا لە پشت بەنزینخانەی رزگاریی سەر شەقامی شەست مەتریدا گیرا، لە جبەخانەی بارەگاکە دەست بەسەر دەوروبەری ٦٠٠ کلاشنکۆفدا گیرا کە لە گەڕەکەکاندا بەسەر لاوە راپەڕیوەکاندا دابەش کران.

لە رۆژی یەکەمدا دەست بەسەر زۆربەی شوێنەکاندا گیرا، بەڵام هەندێ شوێنی وەک بارەگا سەختەکەی ئەمنی سلێمانی (ئەمنە سورەکە)، هەر بەردەوام بوون لەسەر خۆبەدەستەوە نەدان. لە ناو بینای ئەمنە سورەکەی سلێمانیدا، ژمارەیەک کادیری پێشکەوتوی رێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پێش راپەڕین دەستگیر کرا بوون و مەترسیی ئەوەیان لەسەر بوو لەناو ببرێن.

هەڵایسانی راپەڕین لە چەمچەماڵ و بازیان و گرتنی رێی ستراتیجیی نێوان سلێمانی و کەرکوک، لە لایەک هێزەکانی رژێمی لە هەردوو شوێن سەرقاڵ کرد و لە لایەکی ترەوە نەیهێشت ئەو هێزانەی لە کەرکوکەوە نێردرابوون، فریای هێزە گەمارۆدراوەکانی سلێمانی بکەون. سەرباری ئەوە، هێزەکانی راپەڕین لە بازیانەوە هەڵکشانە سەر تاسلوجە و پاش شەڕێکی سەخت دەستیان بەسەردا گرت، لەوێ دەست بەسەر

جبەخانەکـەی تاسلوجەدا گیـرا کـە گەورەترین جبەخانەی سـوپای عیـراق بـوو لــە پارێـزگای سـلێمانی. گرتنـی تاسـلوجە کۆتایـی بـە دوا ئومێـدی دەربازبوونـی هێـزە گەمارۆدراوەکانـی نـاو سـلێمانی هێنـا، لەوانـە بینـای ئەمنـە سـورەکە.

لـە ٨ی ئـازاردا هێزەکانـی راپەڕیـن دەسـتیان بەسـەر تـەواوی شـارەکەدا گـرت. راپەڕیـن لـە سـلێمانی ١٢١ شـەهیدی لێکەوتـەوە: لـە رۆژی یەکەمـدا ٧٣ شـەهید و لـە دووەمـدا ٤٨ شـەهید، لەگـەڵ ٤٥ برینـداری پێشـمەرگە و ئەندامـی شـانە چەکـدارەکان و هاووڵاتییـان.

# چەمچەماڵ

ڕاپەڕینــی چەمچەمــاڵ بــە ڕاپەڕینــی ســلێمانییەوە بەســتراوەتەوە. لــە ٧ی ئــازاردا لەگــەڵ بڵاوبوونــەوەی هەواڵــی دەســتپێکردنی ڕاپەڕیــن لــە ســلێمانی و گەمارۆدانــی هەنــدێ لــە هێزەکانــی ســوپای عیــراق و بــارەگای ئەمنــە ســورەکە، هێزێکــی ســوپا لــە کەرکوکــەوە بــەرەو سلێمانی بــەڕێ کــەوت، هێزێکــی دیکــەش لــە بــان مەقانــەوە فەرمانــی پــێ درا لەگــەڵ هێزەکــەی کەرکــوک یــەک بگرێتــەوە و پێکــەوە بــەرەو ســلێمانی بچــن بــە مەبەســتی فریاکەوتنــی هێــز و بــارەگا گەمــارۆدراوەکان.

هــەر ئەوەنــدە ئــەو هەواڵــە بــە چەمچەماڵــدا بــڵاو بــۆوە، ژمارەیــەک لاوی خوێنگەرمــی چەمچەمــاڵ کــە بەشــێکیان پەیوەندییــان بــە هێــزی پێشــمەرگەوە هەبــوو، ڕژانــە ســەر شــەقامەکانی چەمچەمــاڵ و لــە ڕێــی بڵندگــۆوە چەخماخــەی دەســتپێکردنی ڕاپەڕینیــان داگیرســاند. زۆری نەبــرد خەڵــک بــە لێشــاو ڕژانــە ســەر شــەقامەکان و ڕێــگای ســلێمانی - کەرکوکیــان بــڕی و لــە دەروازەی شــاردا بــە گــژ

ئـەو هێـزەی سـوپادا چوونـەوە کـە بـە نیـاز بـوو بچـێ بـۆ سـلێمانی.

ڕێگرتــن لــە کاروانــە فریادڕەســەکەی ســوپا، کاتــی پێویســتی بـۆ هێـزە ڕاپەڕیوەکانـی سـلێمانی دابیـن کـرد بـۆ تێکشـکاندنی بەرگریـی هێـز و بـارەگا گەمـارۆدراوەکان و یەکلاییکردنــەوەی شــەڕەکە.

خرۆشـانی جەمـاوەر لـە چەمچەمـاڵ گەیشـتە ئـەو رادەیــەی کــە هێزەکانــی ڕژێــم دەســتیان نەپاراســت و کەوتنـە تەقەکـردن لـە سـیڤیلەکان. لـە تەقەکردنەکـەدا گەنجێـک بـە نـاوی موحسـین محێدیـن شـەهید بـوو، لـەو لاشـەوە ژمارەیـەک هەلیکۆپتـەر بـە ئاسـمانی شـاردا سـوڕانەوە و کوێرانــە کەوتنــە بۆردومانکردنــی شــارەکە.

ئـەو ڕۆژە هێزەکانـی سـوپا کۆنترۆڵـی دۆخەکەیـان کـرد، بـەڵام ئەمـە کۆتایـی شـەڕەکە نەبـوو. لـە ڕۆژی دووەمـی ڕاپەڕینـدا لـە ٨ی ئـازار، شـانە چەکدارەکان هاتنـە مەیدان و دیســان شــار خرۆشــا و ئاپــۆرەی جەمــاوەری ڕاپەڕیــو هوروژمــی بــردە ســەر بــارەگا عەســکەری و ئەمنییــەکان. شـەڕ و تەقـە بـە درێژایـی ڕۆژ بـەردەوام بـوو. هێزەکانـی ڕژێــم لــە ڕەبیەکانــی ســەر قــەڵای ســپی حەســاری ناوەڕاسـتی شـارەوە، ئیجـگار بـە خەسـتی، تەقەیـان لـە هێزەکانـی ڕاپەڕیـن کـرد. تـا ئێـوارە ڕەبیەکانـی سـەر قـەڵا

سـپی حەسـاری لـێ بتـرازێ، توانـرا سەرتاسـەری شـار کۆنتـرۆڵ بکـرێ.

لـە سـێیەم ڕۆژی ڕاپەڕینـدا لـە ٩ی ئـازار، هێزێکـی پێشـمەرگە بـە فەرماندەیـی جەوهـەر لەتیـف محەمـەد ناسـراو بـە سـەید جەوهـەر و یاسـینە بچکـۆل گەیشـتنە چەمچەمـاڵ و هـەر ئـەو ڕۆژە قـەڵای سـپی حەسـاری چەمچەمـاڵ دەسـتی بەسـەردا گیـرا.

# بـازیان

هـەر لـە بنەڕەتـدا یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان ڕێکخسـتنێکی بەهێـزی لـە بازیـان هەبـوو. پـاش ڕاگواسـتنی دانیشـتوانی پشـدەر لـە سـاڵی ١٩٨٩، بەشـێکی ڕاگوێـزراوەکان لـە بازیـان نیشـتەجێ کـران، لەوانـە ڕێکخسـتنەکانی تووەسـوران کـە بـەر کامپـی بازیـان ١ و بازیـان ٢ کەوتـن. ئەمـەش وای کـرد ژمـارەی لایەنگرانـی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان لـە بازیـان زۆر زیـاد بـکات. بـەڵام مەسـەلەکە تەنهـا مەسـەلەی فراوانبوونـی ڕێکخسـتن نەبـوو، بەڵکـو مەسـەلەکە لـەوەدا بـوو کـە ڕێکخسـتنەکانی پشـدەر رایەڵەیەکـی فراوانـی پەیوەندیـی ڕێکخراوەییـان هەبـوو. ژمـارەی ئەندامانی ڕێکخسـتنەکانی تووەسـوران ٨٢ ئەنـدام بـوو، لەوانـە ٣ ئەندامیان لێپرسـراو بـوون لـە سـوپای رزگاریـی کوردسـتان و ١٥ شـانەی چەکداریـان دروسـت کـرد بـوو کـە زۆربـەی لـە کامپـی بازیـان ١ بـوون. جگـە لـەوە شـانەیەکی سـەرەکییان لـە کامپـی بازیـان ٢ و شانەیەکیشـیان لـە سـەنتەری

ناحیـەی بازیـان هەبـوو. هەموشـیان بەسـەر یەکـەوە سـەر بـە ڕێکخســتنە نهێنییەکانــی قــەڵادزێ بــوون، لــە لایــەک پەیوەندییەکــی پتەویــان هــەم لەگــەڵ ڕێکخســتنەکانی هەولێــر دروســت کــرد بــوو هــەم لەگــەڵ ڕێکخســتنەکانی سـلێمانی، سـەرەڕای ئـەوەی کـە ڕایەڵەیەکیشـیان لەگـەڵ ڕەتلــی ٩ی پارتیزانەکانــی ســورداش دروســت کــرد بــوو.

یەکگرتنەوەی ڕێکخســتنەکانی بازیـان و ڕاگوێزراوەکانی پشـدەر تیـن و تاوێکـی زۆری بـە هەڵسوڕانی ڕێکخراوەیـی بازیـان دا. پێش ڕاپەڕین بە ماوەیەکی زۆر، ڕێکخســتنەکانی بازیـان ئـاگادار کرابوونـەوە کـە خۆیـان بـۆ ڕاپەڕیـن ئامـادە بکـەن و دەسـت بـە پێکهێنانـی شـانەی چەکـدار بکـەن. ماوەیەکیــش پێــش ڕاپەڕیــن، ڕێکخســتنەکانی بازیــان پەیوەندییـان لەگـەڵ چەکدارەکانـی سـەر بـە ڕژێمـی عیراق دروسـت کـرد و نامەکانـی قاسمەڕەشـیان پـێ گەیانـدن. بە هـۆی ئەمـەوە، پلانـی ڕاپەڕیـن لـە بازیـان بـەو جـۆرەی کـە دانـرا، دەقـاودەق جێبەجـێ کـرا.

لــە ٦ی ئــازاردا ڕاپەڕیــن لــە هــەر شــەش گەڕەکــی بازیـان دەسـتی پـێ کـرد. شـانە چەکـدارەکان و جەماوەری ڕاپەڕیـو هەڵیـان کوتایـە سـەر بارەگاکانـی دەزگا ئەمنـی و عەسـکەرییەکان و بـارەگای حزبـی بەعـس و دەسـتیان بـە سـەریاندا گـرت. پاشـان هێزەکانـی ڕاپەڕیـن لـە ئەڵلایـی

و بازیـان و تەینـاڵ و باینجـان یەکیـان گرتـەوە و پێکـەوە تـەواوی ناوچەکەیـان لـە دەسـەڵاتی ڕژێـم پـاک کـردەوە.

لـە نیـوەڕۆدا هێزەکانـی سـوپای عیـراق لـە هـەردوو ئامریـە ٣ و ٤ بـە پاڵپشـتی هەلیکۆپتـەری جەنگـی، کەوتنـە جموجـوڵ بـۆ سـەرکوتکردنی ڕاپەڕیـن و گرتنـەوەی بازیـان، بـەڵام ڕوبـەڕوی بەرگرییەکـی سـەخت بوونـەوە و ئامانجەکەیـان پـێ نەهاتـە دی. شـەڕێکی سـەخت قەومـا کـە بـە تەفروتوناکردنـی هێزەکانـی ڕژێـم کۆتایـی هـات.

لـە ڕوی سـتراتیجییەوە، ڕاپەڕیـن لـە بازیـان و چەمچەمـاڵ بایەخێکـی تایبەتـی هەیـە، چونکـە بـووە هـۆی بڕینـی ڕێـگای سـتراتیجیی کەرکـوک- سـلێمانی کـە لـە ئەنجامـدا قەڵەمڕەوێکـی فـراوان لـە دەربەنـدی بازیانـەوە تـا تاسـلوجە چـووە نـاو بازنـەی ڕاپەڕینـەوە کـە ئەمـەش لـە بەرەنجامـی کۆتاییـدا ڕێخۆشـکەر بـوو بـۆ زیادکردنـی گوشـار لەسـەر هێزەکانـی ڕژێـم لـە نـاو سـلێمانی. لـە ٧ی ئـازاردا هیـزی ڕاپەڕیـو گۆپاڵـەی خسـتە نـاو بازنـەی ڕاپەڕینـەوە و لـە وێـوە ڕوی کـردە دەربەنـدی بازیـان. لـەوێ هێزەکانـی حکومـەت گەمـارۆ دران و پاشـان لەنـاو بـران.

لـە کاتێکـدا کـە شـەڕ کەوتبـووە نـاو سـلێمانی و هێزەکانـی ڕژێـم لـە دۆخـی بەرگریـدا بـوون، هێزەکانـی

ڕاپەڕینـی بازیـان رویـان کردە تاسـلوجە و دەسـتیان بەسـەر تـەواوی ئـەو ڕەبیانـەدا گـرت کـە دەڕواننـە سـەر دووڕیانـە سـتراتیجییەکە، تـەواوی هێزەکانـی ڕژێمیـان لەنـاو بـرد و دەسـتیان بەسـەر جبەخانـە گەورەکـەی سـوپای عیراقـدا گـرت.

لەبـەر بڵاویـی شـەڕگەکان لـە بازیـان، ڕاپەڕینـی بازیان، بـە ڕێـژە، ژمارەیەکـی زۆر شـەهیدی لـێ کەوتـەوە لەوانـە ئەحمـەد فـارس، عوسـمان کانـی توویـی، مەدحـەت حەمە ڕەشـید قەرەداغـی، ڕەفیـق حاجـی محەمـەد، ئەحمـەد عەبدوڵـڵا، لوقمـان حاجـی فەتـاح شـۆڕناخی، بەکـر عەلـی عەزیـز و عومـەر محەمـەد ئەمیـن مالومەیـی.

# کـۆیە و تەقتەق

لــە ١٩ی شــوباتی ١٩٩١دا یەکــەم هێــزی پارتیــزان کــە لــە زەڵێــوە بــەرەو دەوروبــەری کۆیــە بــەڕێ کــەوت، پێکهاتبــوو لــە باپیــر بەکــر باپیــر، زیــرەک خــدر حەمــەد ئەمیــن، ئاشــتی ســابیر میــرە، ســەباح بەکــر مــەلا، کامــەران ئەحمــەد، فریــاد قەســرۆکی، شــێرزاد حەســەن تەهــا، محەمــەد حەســەن عومــەر، بورهــان شــەوگێڕی، دڵــزار عەلــی، ئەنــوەر ڕەســول، جەمــال حاجــی عەلــی، هەڵــۆ ڕەش، برایــم عوســمان و کەریــم کاولان. هێزەکــە بــە ژاراوەدا ڕەت بــوو و لــە حاجیــاوا لایــدا. لــە قەمتــەران پەیوەندیــی بــە ڕێکخســتنەکانی کۆیــەوە کــرد و پاشــان بنکەیەکــی لــە هەیبــەت ســوڵتان بــە دیــوی چنارۆکــدا دانــا. لــەو ماوەیــەدا نامەیەکــی قاسمەڕەشــی گەیانــدە دەســت لێپرســراوانی چەکدارەکانــی ڕژێــم کــە تییــدا داوایــان لــێ کــرا بــوو پشــتیوانی لــە ڕاپەڕیــن بکــەن. جگــە لــە قاســم ئاغــا، هەمــوو لێپرســراوە چەکــدارەکان ئامادەیــی بەشــداریکردنیان لــە ڕاپەڕیــن نیشــان دا.

لــە رانیــە پلانــی رزگارکردنــی کۆیــە دانــرا. لــە کۆبوونەوەیەکـدا کـە لـە باخـی گشـتی بەسـترا ، بڕیـار درا دوو هێـز بـە فەرماندەیـی هــەر یــەک لــە رەهبــەر سـەید برایـم و چەتـۆ حەوێـزی ئەرکـی رزگارکردنـی کۆیـە بگرنـە ئەسـتۆ. هێـزی یەکـەم بـە فەرماندەیـی رەهبـەر سـەید برایـم، بـە چناڕۆکـی بڵباسـاندا سـەرکەوت و بەچاوساغی کامـەران ئەحمـەد بەنیـاز بـوو لـە میرسـید و فەقێیـان و حەمامۆکـەوە بـۆ نـاو کۆیـە شـۆڕ ببێتـەوە. هێزەکـە زۆر بـە دژواری گەیشـتە چناڕۆکـی بڵباسـان، چونکـە ئاووهـەوا یەکجـار سـارد و بارانـاوی بـوو. هـەر لەگـەڵ گەیشـتنی هێزەکــەش، هێزەکانــی رژێــم لــە هەیبــە ســوڵتان دەسـتڕێژیان لـێ کـردن. بـەڵام ئەمـە کاری نەکـردە سـەر پلانەکـە. هێزەکـە پێـش نیـوە شـەو، گەیشـتە گەڕەکـی حەمامــۆک، لــە کۆیــە و دەمودەســت لەگــەڵ شــانە چەکدارەکانــی بروســک کۆبــۆوە.

رەهبــەری ســەید ئیبراهیــم لــە حەمامــۆک کــە (گەڕەکێکـە لەکۆیـە) کۆبوونەوەیەکی بەشـانە چەکدارەکان و پێشــمەرگە راپەڕیــوەکان، ئــەو پێشــمەرگانەی بــە پارتیزانـی مابوونـەوە لەگـەڵ ئـەو پێشـمەرگانەی لەسـەر سـنوور دابەزیبـوون بـۆ راپەڕاندنـی کۆمەڵانـی خەڵـک، لـەوێ هێـزەکان دابـەش کـران بـە نـاو کۆیـەدا یەکـەم

تەقە گـەردی بەیانــی لــە مەنزومــەی بەعــس کــرا. ئیـدی بـوو بـە هـەراو هوتـاف و چەپڵەڕێـزان و لەلایـەن خەڵکـی کۆیـەو کەسـوکاری شـەهیدان و خەنـی ببـوون، پێشـمەرگەکانیان لــە ئامێـز گرتــن و ماچیــان دەکــردن، کـە پێشـتر لەسـەر سـنوور نەوشـیروان مسـتەفا ئەمیـن کارەکانــی دابــەش کردبــوو بەســەر میحوەرەکانــدا لــەوێ ڕەهبـەر سـەید ئیبراهیـم دانـرا بـە لێپرسـراوی میحـوەری پێنـج(٥) ئەوجـا ئێـوارە مامۆسـتا چەتـۆو مامۆسـتا بەکـر و سـەید ڕێبـاز و سـەفینی مـەلا قـەرە گەیشـتن هێشـتا تـەق و تـۆق مابـوو.

ڕزگارکردنـی کۆیـە هـەر پێشـمەرگەو شـانە چەکدارەکان نەبـوو، بەڵکـو مەفرەزیەکـی حزبـی شـیوعی بەفەرماندەیـی کانەبــی گــەورە، لەگــەڵ ژن و پیــاو و منداڵــی خەڵکــی کۆیـە بـە گشـتی هـاوکار بـوون بـۆ ڕزگاری و تامـەزرۆ بـوون بـۆ ئازادیـی.

کــە هێــزی دووەم بــە فەرماندەیــی چەتــۆ حەوێــزی دەبوایـە لـە قۆڵـی هاوینـە هـەواری چنـارۆک سـەر بکـەوێ و لـە هەیبـە سـوڵتانەوە شـۆڕببێتەوە بـۆ هـەردوو گەڕەکـی ئــازادی و گــردی جــوان، بــەڵام لەبــەر ســەرما و بــاران و کڕێـوە و بـە هـۆی نەشـارەزاییەوە، ڕێـی لـێ تێکچـوو و ناچـار بـوو بگەڕێتـەوە. بۆیـە ئـەو هێـزە شـەوەکەی لـە

قەمتـەران بەسـەر بـرد.

لـە ٩ی ئـازاردا هێـزی پێشـمەرگە چـووە نـاو کۆیـە. رێکخسـتن و شـانە چەکدارەکانـی بروسـک کـە ژمارەیـان ٣٧ شـانە بـوو، بڵندگـۆی مزگەوتەکانیـان بـۆ جاڕدانـی راپەڕیـن بـەکار هێنـا. پـاش بڵاوبوونـەوەی بانگـەواز، شـار خرۆشـا و هێـز و دامودەزگاکانـی رژێـم کۆنترۆڵیـان لەدەسـتدا. هەمـان رۆژ بەخوێنـی ژمارەیـەک شـەهید رزگارکـرا.

هیـچ هێزێکـی گـەورەی رژێـم لـە نـاو شـار نەمـا بـوو، چونکـە شـەو هەیبـە سـوڵتانیان چـۆڵ کـرد بـوو و کشـابوونەوە بـۆ تەقتـەق. لـە چەکدارەکانـی رژێـم، قاسـم ئاغـا بەرپەرچـی راپەڕینـی دایـەوە و شـەڕی کـرد. پێشـمەرگە و خەڵکـی راپەڕیـو و شـانە چەکـدارەکان دەسـتیان بەسـەر سـەرا و دەزگا ئەمنییەکانـدا گـرت.

ئـەو هێزانـەی سـوپا کـە لـە نـاو کۆیـە مابوونـەوە، بەرگرییەکـی زۆریـان نەکـرد. پێشـمەرگە دەسـتی بەسـەر هەمـوو بارەگاکانـدا گـرت. سـەربازەکان زوو رەبیەکانیـان چـۆڵ کـرد و رایانکـرد.

شـانە چەکـدارەکان دەسـتیان بەسـەر بـارەگای حزبـی بەعسـدا گـرت. لـە شـەڕەکانی هەیبـە سـوڵتاندا، هێزێکـی پارتـی کۆمۆنیسـتی عیـراق بەشـدار بـوو. هێـزی

پێشمەرگە لە ماوەیەکی کەمدا دەستی بەسەر قشڵەی کۆیەدا گرت کە جاشەکانی قاسم ئاغای تێدا بوو، بەڵام خودی قاسم ئاغا رایکرد. هەروەها دەست بەسەر بارەگای هەواڵگریی سوپادا گیرا.

لە ١٠ی ئازاردا ئەو هێزانەی سوپا کە بۆ تەقتەق کشابوونەوە، تەقتەقیان بەجێ هێشت و بەرەو هەولێر رۆیشتن.

# شـەقلاوە و پیرمـام

رزگارکردنـــی ســـلێمانی لـــە سەرانســـەری کوردســـتاندا دەنگـــی دایـــەوە و جـــۆش و خرۆشـــی ڕاپەڕینـــی بـــەرەو هەڵکشـــان بـــرد و هاندەریـــش بـــوو بـــۆ چڕکردنـــەوەی هەوڵـــەکان بـــۆ رزگارکردنـــی هەولێـــر. بـــەڵام رزگارکردنـــی شـــارێکی بەربـــڵاوی وەک هەولێـــر کـــە هێزێکـــی گـــەورەی ســـوپای عیراقـــی لـــێ بـــوو و لـــە دەشـــتاییەکی پـــان و بەریـــن دایـــە، لـــە روی ئۆپەراســـیۆنییەوە پێویســـتی بـــە رزگارکردنـــی شـــەقڵاوە و پیرمـــام و دەوروبـــەری بـــوو، بـــە تایبەتـــی کـــە ئەمـــە کۆنتاکـــت و هەماهەنگیی ناوەوە و دەرەوەی ئاســـانتر دەکـــرد. دیـــارە زووتـــر هێزێکـــی پارتیزانـــی بـــە فەرماندەیـــی تەحســـین کاوانـــی و بەشـــداری : (جـــەلال سۆرکانی، فەرهاد کاوانـــی، ئەســـعەد دۆرەیـــی، بەشـــدار پونگینەیـــی، بەڵێـــن ســـلێمان ، کاوە ئاقوبانـــی ) بـــە مەبەســـتی هەماهەنگـــی کـــردن لەگـــەڵ شـــانە جەکـــدارەکان و ڕێکخســـتنەکانی شـــەقلاوەو دوەروبـــەری ناردرابـــۆوە ناوچەکـــە.

لـــە ٨ی ئـــازاردا پلانـــی رزگارکردنـــی شـــەقڵاوە لـــە

کۆبوونەوەکـەی باخـی گشـتیی ڕانیـە دانـرا. شـەقڵاوە هێزێکـی گـەورەی سـوپای عیراقـی لـێ بـوو، بۆیـە پێشـبینی دەکـرا ڕزگارکردنـی ئاسـان نەبـێ. لـە شـەڕی شـەقڵاوەدا هێزێکـی پارتـی کۆمۆنیسـتی عیـراق و حزبـی سۆسیالیسـتی کوردسـتان بەشـدار بـوون و ڕۆڵێکـی بەرچاویشـیان بینـی. ئۆپەراسـیۆنەکە بـە فەرماندەیـی کۆسـرەت ڕەسـول عەلـی بەڕێـوە چـوو. سـەرەڕای زۆریـی هێزەکانـی عیـراق لـە شـەقڵاوە، هێـزەکان خۆیـان ڕانەگـرت و ژمارەیەکـی زۆریـان خۆیـان بـە دەسـتەوە دا. لـە ٩ی ئـازاردا شـەقڵاوە ڕزگار کـرا و چەکێکـی زۆر دەسـتی بەسـەردا گیـرا کـە دواتـر لـە ڕزگارکردنـی هەولێـردا بـەکار هێنـرا. دوا بـەدوای ڕزگارکردنـی شـەقڵاوە، پیرمامیـش گیـرا.

ڕاپەڕیـن لـە شـەقڵاوە سـەرکەوتنێکی سـتراتیجیی بەدەسـت هێنـا، ئەویـش لـە سـۆنگەی دوو فاکتـەرەوە: یەکـەم، لـەو ڕووەوە کـە پارێـزگای هەولێـری کـرد بـە دوو لەتـەوە و بەشـی باکـوری لـە بەشـی باشـور دابـڕی و لـە ئەنجامـی ئەمـەدا هێزەکانـی حـەوزی سـۆرانی سـوپای عیـراق لـە فەرماندەیـی ناوەندیی هەولێـر دابـڕان. دووەم، لـەو ڕووەوە کـە شـەقڵاوە بـوو بـە سـەنتەری ئۆپەراسـیۆنی ڕزگارکردنـی هەولێـر و هـەر لەوێـش کۆبوونەوەکانـی

فەرماندەیـــی لەگــەڵ لیژنـــەی کاری ڕاپەڕینـــی هەولێــر و بەرپرسـەکانی شـانە چەکدارەکانـی بروسـک بەڕێـوە چـوون و هــەر لەوێــش چــەک بــۆ شــانە چەکدارەکانــی هەولێــر نێــردرا و پلانــی رزگارکردنــی هەولێــر دانــرا.

# پیرەمەگرون و دوکان

لـە راپەڕینـی پیرەمەگـرون و دوکانـدا سـێ لایـەن رۆڵـی سـەرەکییان گێـڕاوە کـە ئەمانـەن: هێـزی پارتیزانەکانـی دۆڵـی جافەتـی ناسـراو بـە رەتلی سـورداش بـە فەرماندەیی غەریـب هەڵەدنـی، رێکخسـتنەکانی سـلێمانی و شـانە چەکدارەکانـی سـوپای رزگاریـی کوردسـتان (سـرک).

پەیوەنـدی و هەماهەنگیـی نێـوان پارتیزانەکانـی دۆڵـی جافەتـی و رێکخـراوی سـلێمانی بـۆ رۆژگاری پـاش ئۆپەراسـیۆنەکانی ئەنفـال دەگەڕێتـەوە.

رێکخـراوی سـلێمانی هـاوڕێ سـەرچناری راسـپارد بـوو رایەڵەیەکـی بەهێـز لـە نێـوان پارتیزانەکانی دۆڵـی جافەتی و رێکخـراوی سـلێمانی دروسـت بـکا. لەبـەر ئـەوەی کارەکە بـە یـەک کـەس هەڵنەسـوڕا، هـاوڕێ سـەرچنار تیمێکـی لـە دوو کادیـری پیرەمەگـرون بـە نـاوی رەئـوف حاجـی ئەحمـەدی دوکان و رەسـول حەمـەد ئەمیـن ناسـراو بە مام رەسـولی تەلانـی پێکهێنـا و تـا راپەڕیـن پێداویسـتییەکانی پارتیزانـەکان لـە رێـی ئـەو تیمـەوە دابیـن کـران.

هـەر لـەو ماوەیەشـدا هێزێکـی تـری پارتیـزان بـۆ کەرکـوک پێـک هێنـرا کـە بـە فەرماندەیـی ئاکـۆ سـور بـوو کـە ئەویـش هـەر لـە لایـەن بنکـەی پیرەمەگرونـەوە ئیـدارە دەدرا. دواتـر، پارتیزانەکانـی کەرکـوک جیـا کرانـەوە و ئیدارەدانیـان بـە چەتـۆ سـاڵح، ڕەسـول قـادر کرژەیـی، ئەنـوەر شـەریف موغاغـی و شـەوکەت حەمـە خـدر سورداشـی سـپێردرا.

لەگـەڵ دانانـی پلانـی ڕاپەڕیـن، بنکـەی پیرەمەگـرون بـەردەوام بـوو لەسـەر ڕێکخسـتنی پەیوەندییەکانـی تیمـی پارتیزانیـی دۆڵـی جافەتـی و شـانە چەکدارەکانـی سـوپای ڕزگاریـی کوردسـتان (سـرک) و ڕێکخـراوی سـلێمانی.

بەپێـی پێویسـتیی کارەکـە، بنکـەی پیرەمەگـرون هەنـدێ ئەرکـی دیکەشـی پـێ سـپێردرا، لەوانـە گەیاندنـی پەیامـەکان بـۆ ڕێکخسـتنەکانی بنەسـڵاوە و دارەتـوو لـە هەولێـر و دروسـتکردنی پەیوەندیـی ڕاسـتەوخۆ لـە نێـوان تیمـی پارتیزانانـی دوڵـی جافەتـی و ڕێکخـراوی سـلێمانی، ئەویـش بـە بردنـی هـەر یـەک لـە غەریـب هەڵەدنـی و خالیـد ڕەزا ئەمیـن بـۆ نـاو سـلێمانی.

لــە لایەکــی تــرەوە، بنکــەی پیرەمەگــرون ئەرکــی دروسـتکردنی کۆنتاکتـی لەگـەڵ چەکدارەکانـی ڕژێـم گرتـە ئەسـتۆ و بەشـداربوونیانی لـە ڕاپەڕیـن مسـۆگەر کـرد.

بڕیار بوو لە ٨ی ئازاردا ڕاپەڕین لە پیرەمەگرون دەست پێ بکا، بەڵام لەبەر هەندێ هۆی تەکنیکی، کاتەکە بۆ ڕۆژی دواتر دواخرا.

لە ٩ی ئازاردا هێزی پارتیزانی دۆڵی جافایەتی بە فەرماندەیی غەریب هەڵەدنی و شەش شانەی چەکداری شالاو کە ژمارەی پێشمەرگەکانیان ٩٥ پێشمەرگە بوو، بە بەشداریی چەکدارەکانی ڕژێم و جەماوەرێکی بەربڵاو، لە پیرەمەگرون ڕاپەڕین و دەسەلاتی ڕژێمیان ڕامالی.

پاش ئازادکردنی پیرەمەگرون، هێزێک بە فەرماندەیی جەمال حاجی برایمی قەمچوغە ئەرکی کۆنترۆڵکردنی دوکانی پێ سپێردرا و لە هەمان کاتدا هێزەکانی ڕاپەڕین بوون بە دوو بەشەوە: بەشێکی ئەرکی گرتنی سەربازگەی سوسێی پێ سپێردرا و بەشەکەی تر ئەرکی گرتنی سەربازگەی کلاوەنانی گرتە ئەستۆ. هەردوو سەربازگە دەستیان بەسەردا گیرا.

# دەربەندیخان

ئامادەکاریی باش بۆ ڕاپەڕین لە دەربەندیخان کرا بوو و شانە چەکدارەکانی شالاو لە دۆخی ئامادەباشیدا بوون. جیا لە ناوچەکانی تر، ڕاپەڕین لە دەربەندیخان بە شەو دەستی پێ کرد.

شەوی ٨ لەسەر ٩ی ئازار، لە مزگەوتی ناو بازاڕ بانگەشە بۆ ڕاپەڕین دەستی پێ کرد. شانە چەکدارەکانی شالاو لە بڵندگۆی مزگەوتەکەوە جاڕی ڕاپەڕینیان دا و کەوتنە جۆشدانی هاوولاتییان بۆ بەشداریی کارا لە ڕاپەڕیندا، لە هەمان کاتدا بە زمانی عەرەبی سەرباز و ئەفسەرەکانی سوپای ڕژێم هان دران کە بەرگری نەکەن و خۆیان بە دەستەوە بدەن و بەڵێنیان پێ درا کە ئەگەر وا بکەن ژیانیان پارێزراو دەبێ.

دوا بە دوای ئەو بانگەوازە، سەربازەکانی ڕەبیەی سەر بەریدە سورەکەی دەربەندیخان بەبێ شەڕ خۆیان بە دەستەوە دا کە ئەمەش نیشانەی بێ متمانەیی

سەربازەکان بوو بە رژێمی عیراق.

شەڕ، بە پچڕپچڕی، لە نیوە شەوەوە تا بەیانی بەردەوام بوو کە تێیدا شانە چەکدارەکانی شالاو بە فەرماندەیی ژمارەیەک کادیری رێکخستن لەوانە سەردار مەحمود، حەمەی سەید حەلاو، عەلی حاجی عەبدوڵلا، حەمید حاجی مینا، حەمەی حاجی مەحمودی هارونی و جەماوەری راپەڕیوی دەربەندیخان پەلاماری بنکە سەرەکییەکانی هێزی رژێمیان دا لەوانە تیپی ٣٦ی پیادە و فەوجی پاراستنی دەربەندیخان و دەزگای هەواڵگریی سوپا و بارەگای حزبی بەعس لە دەربەندیخان. ژمارەیەک ژن بەشدار بوون لە شەڕەکاندا. لە بەرەبەیاندا دەست بەسەر هەموو بنکەکاندا گیرا.

لە ٩ی ئازاردا بەشێکی جەماوەری راپەڕیوی دەربەندیخان، لەگەڵ هێزی پێشمەرگە یەکیان گرتەوە و پێکەوە بەرەو بناری بەمۆ کەوتنە رێ و بەشدارییەکی کارایان لە رزگارکردنی شارۆچکەی باوەنوردا کرد.

# کـەلار

پێشــمەرگە پارتیزانــەکان کــە بــە درێژایـــی مـــاوەی ســاڵانی ١٩٨٨-١٩٩١دا لــە ســنوری کــەلاردا بــوون، ڕۆڵـــی ســەرەکییان لــە ڕاپەڕینــی کــەلاردا هەیــە لەوانــە مەحمــود ســەنگاوی، عەدنــان محەمــەد قــادر و کــوردۆ قاســم. پێــش ڕاپەڕیــن، ڕێکخســتنێکی بەهێــز لــە کــەلار هەبــوو، هەروەها ســوپای ڕزگاریــی کوردســتان (ســرک) هێــزی ئامــادەی لــە نــاو شــاردا هەبــوو.

لــە ڕاپەڕینــی کــەلاردا هەماهەنگییەک لەســەر بەرزترین ئاســت لــە نێــوان هێــزی پێشــمەرگە و شــانە چەکدارەکانــی ســوپای ڕزگاریــی کوردســتان و ڕێکخســتنەکاندا هەبوو.

لــە ٩ی ئــازاردا ڕاپەڕیــن لــە کــەلار بەرپــا بــوو و لــە ماوەیەکــی کورتــدا دەســت بەســەر هەمــوو ســەربازگە و بنکــە و فەرمانگــە ئەمنــی و عەســکەرییەکاندا گیــرا.

پــاش کــەلار، ڕاپەڕیــن گوێزرایــەوە بــۆ ناوچەکانــی دەوروبــەری کــەلار و لــەم ســەروبەندەدا باوەنور و ئــۆردوگای ڕزگاری و زەنگابــات و شــوێنەکانی تــر ڕزگار کــران.

# دەڤەری سۆران

کۆبوونـەوەی کۆمیتـەی سـەکردایەتیی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان لـە قاسـمەڕەش بـە سەرپەرشـتیی نەوشـیروان مسـتەفا، ئەرکـی سـەرکردایەتیکردنی راپەڕینـی لـە سـۆران بـە حەسـەن کوێسـتانی سـپارد. پێشـتر رێکخسـتنەکانی دەڤەرەکـە ئـاگادار کرابوونـەوە کـە ئامادەکاریـی پێویسـت بـۆ راپەڕیـن بکـەن و لـە ئامادەباشـیدا بـن.

پێـش بەڕێکردنـی هێزەکان لە قاسـمەڕەش شـانەیەکی کار لـە کۆسـرەت رەسـول عەلـی و حەسـەن کوێسـتانی و عەبدولـڕەزاق محەمـەد عومـەر بـۆ تاوتوێکردنـی کاروبـاری راپەڕین و دەسـتەبەرکردنی پێداویسـتییەکانی سەرخسـتنی لـە دەڤەرەکـە پێـک هێنـرا.

بڕیـاردرا هێزێکـی پێشـمەرگە پارتیزانەکانـی باڵەکایەتی و ناوچـەی سـۆران و روانـدز بنێردرێنـەوە دەوروبـەری روانـدز .

لــە ١٨-٢-١٩٩١ هێــزە پارتیزانەکــە بەســەرکردایەتی جەلالــی حاجــی گەلاڵــی و بــە بەشــداری (مــام شــوان ســەرانەیی، خــار سیسـۆ بنمێردەیـی، ڕەسـول قـادر، فەرهـاد ماونـی، بیـلال مەحمـوود، عەبدولقـادر ناوبەرگەیـی، سـەید ڕەسـول، کاوە حەبیـب، هەڵـۆ حەسـەن، ئامانـج ڕوسـتایی، جەمــال کەڵێتەیــی، هەڵمەتــە ڕەش، مــەلا وەســمان بلەیــی) بــەرەو دەڤــەری سـۆران بەڕێکـران.

دەزگایەکـی بێتەلـی ڕاکال درایـە هێزەکـە، کـە پێشـتر پێشــمەرگەیەک لەســەر کارپێکــردن و بەکارهێنانــی ڕاهێنرابـوو. ژمارەیەکـی زۆری نامـە بـە مـۆری مەکتەبـی سیاســی درایــە هێزەکــە بــۆ پێشــمەرگە دابــڕاوەکان، هەروەهــا بــە هەمــان شــێوە نامــەی تریــش بــە مــۆری مەکتەبــی سیاســی درایــە دەســتەکە تــا بیانگەیەنێتــە دەسـتە چەکدارەکانـی فەوجەکانـی (بەرگریی نیشـتمانیی) سـەر بـە ڕژێـم. بـەر لـەوەی پێشـمەرگەکان بـەڕێ بکـەون، چەنــد کۆبوونەوەیەکیــان لەگــەڵ نەوشــیروان مســتەفا و ئەندامانــی شــانەی کار پــێ کــرا و ڕێنمایــی پێویســتیان بــۆ شــێوەی مامەڵەکــردن لەگــەڵ چەکدارانــی ڕژێــم و ئەفســەران و ســەربازانی ســوپای عیــراق و چۆنێتیــی پاراســتنی دامــودەزگا خزمەتگوزارییــەکان و موڵکــی گشــتی پــێ درا. بــەر لــەوەش کــە قاســمەڕەش بەجــێ

بهێڵــن، جفــرەی دەزگای بێتەلــی قاســمەڕەش و بــەرەی کوردســـتانییان پـــێ درا.

لــە ١٨ی شــوباتدا هێزەکــە لەگــەڵ هێزەکانــی کۆیــە و شــەقڵاوە و دەشــتی هەولێــر لــە (زەڵــێ )وە بــەرەو ســنوری زەنــگڵان و کێــوەڕەش بــەڕێ کــەوت. لــە کێــوەڕەش هێــزەکان لێــک جیــا بوونــەوە و هــەر یەکێکیــان ڕووی کــردە ناوچەکــەی خــۆی.

هێزەکــەی ســۆران ڕووی کــردە ئەشــکەوتی نــۆڕێ و لەوێــوە پەیوەندیــی بــە ڕێکخســتنەکانی ڕانیــەوە کــرد. لــە ڕێــدا پاتریــی دەزگای بێســیم پێویســتی بــە چــارچ بــوو، بۆیــە هێزەکــە لــە گونــدی قــەڵا ســەیدە لــە بــارەگای حزبــی دیموکراتــی کوردســتانی ئێــران پاترییەکــەی چــارچ کــرد و پــاش ئەمــە یەکــەم پەیوەندیــی لەگــەڵ بێســیمەکەی بــەرەی کوردســـتانی کــرد. لــە ٢٤ی شــوباتدا هێزەکــە گەیشــتە گونــدی گــوڵان و لــە ٢٥ی شــوباتدا بــە کوڕکــوڕی شــاورێدا بــەرەو دۆڵــی مەلــەکان ڕۆیــی. لــەو ماوەیــەدا ڕێکخســتنەکانی یەکێتیــی نیشــتمانیی کوردســتان بارێــک ئازوقەیــان بــۆ هێزەکــە نــارد. دواتــر هێزەکــە بــوو بــە دوو بــەش. بەشــێکی بــە فەرماندەیــی جــەلال حاجــی گەلاڵــی بــە ڕێــگای خەلیفانــەوە چــووە نــاو ســۆران و بەشــەکەی تــر بــە گەلــی مێگــردا خــۆی بــە نــاو شــاری ڕوانــدزدا کــرد.

لـە هــەردوو شــوێندا میکانیــزم بــۆ گەیاندنــی نامــەکان و هەماهەنگــی لەگــەڵ ڕێکخســتنەکان و شــانە چەکــدارەکان دانــرا.

ڕزگارکردنــی شــەقڵاوە لــە ٩ی ئــازاردا ڕۆڵێکــی گــەورەی لـە خێراکردنـی ڕاپەڕینـی دیانـا، سـۆران و ڕوانـدزدا هەبـوو. بـــە ڕزگارکردنـــی شـــەقڵاوە، هێزەکانـــی ســـوپای عیـــراق لەدەڤــەری ســۆران، لــە هەولێــر دابــڕان و ورەیــان بــەردا.

نامــە بــۆ ئــەو چەکدارانــەی ڕژێــم نێــردرا کــە لــە قاســمەڕەش نامەیــان بــۆ نێــردرا بــوو و بەڵێنیــان دابــوو بەشــداری لـــە ڕاپەڕینـــدا بکـــەن.

لــە ســەروبەندی چوونــی هێــزی پێشــمەرگە بــۆ نــاو ڕوانـدز، ڕاپەڕیـن لـە هەریـر و باسـرمە و دیانـا و خەلیفانـی گرتــەوە. لــە ١٠ی ئــازاردا سەرتاســەری دەڤــەری ســۆران ئازاد بـوو، بـە ڕزگارکردنـی دەڤەرەکـە، تـەواوی ناوچـەی نێـوان شــەقڵاوە و ســنوری عیــراق لەگــەڵ هــەر یــەک لــە ئێــران و تورکیــا لــە پارێــزگای هەولێــر، لــە ژێــر دەســەڵاتی عیــراق دەرچــوو، ئــەوەی جێــگای باســە حزبــی زەحمەتکێشــان لــە ڕوانــدوز و خەلیفــان بەتایبــەت و ناوچەکــە بــە گشــتی و حزبـی کۆمۆنیسـت لـە ڕوانـدز و سۆسیالیسـت و پارتـی لـە دیانــا و شــەقڵاوە ڕۆڵــی باشــیان لــە ڕاپەڕیــن گێــڕا.

# خـانەقین

پـاش ئازادکردنـی کـەلار و مەیـدان و قۆرەتـۆو، ئامـادەکاری بـۆ رزگارکردنـی خانەقیـن کـرا. یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان جگـە لـەوەی کـە رێکخسـتنێکی کارای لـە خانەقیـن هەبـوو، متمانـەی تەواویشـی بـەوە هەبـوو کـە دانیشـتوانی خانەقیـن هیـچ دەرفەتێـک بـۆ هەڵتەکاندنـی پرۆسـەی بەعەرەبکـردن لـە دەسـت نـادەن و ئامادەییەکـی زۆریـان بـۆ راپەڕیـن هەیـە. بـە هەماهەنگی لـە نێـوان هێـزی پێشـمەرگە و رێکخسـتنە نهێنییـەکان و جەمـاوەری شـار و دەوروبـەری، لـە ئێـوارەی رۆژی ١٠ی ئـازاردا راپەڕیـن لـە خانەقیـن هەڵایسـا. یەکـەم گـەڕەک کـە ئـازاد کـرا، پاشـا کۆپـری بـوو، ئەویـش پـاش ئـەوەی کـە هێزەکـەی کەریـم تایشـەیی چـووە نـاو شـارەوە. پاشـان گەڕەکەکانـی تـر یـەک لـە دوای یـەک راپەڕیـن. بەمجـۆرە، مەزرەعـە، کـوردەرە و قـەڵای حاجـی چوونـە ریـزی راپەڕینـەوە. شـەڕ زۆربـەی گەڕەکانـی گرتـەوە و

بنکەکانــی ئەمــن و پۆلیــس کرانــە ئامانــج و بــە خێرایــی دەســتیان بەســەردا گیــرا. پــاش کۆتایــی هێنــان بــە بەرگریی چەکدارەکانــی ســەر بــە ڕژێــم لــە پــردی کارێــز، ئــەو خێزانــە عەرەبانــەی بــە مەبەســتی بەعەرەبکــردن جێگیــر کــرا بــوون، بــە هەڵــەداوان خانەقینیــان بەجێهێشــت و ڕایانکــرد.

هێزەکانــی حکومــەت هەلیکۆپتەریــان بۆ ســەرکوتکردنی گەڕەکــە ڕاپەڕیــوەکان بــەکار هێنــا، بــەڵام ئەمــە ڕاپەڕینــی نەوەســتاند. ســەرەڕای دەرچوونــی خانەقیــن لــە بــن دەســتی ڕژێــم، دوو فڕۆکــەی هەنتــەر هــەر بــەردەوام بــوون لــە ســوڕانەوە بــە ئاســمانی شــاردا.

ســەرەڕای ئــەوەی کــە ترســی ئــەوە هەبــوو خانەقیــن بدرێتــە بــەر چەکــی کیمیایــی، بــەڵام دانیشــتوانی شــار گوێیــان پــێ نــەدا و بەشــدارییەکی کارایــان لــە ڕاپەڕینــدا کــرد.

بەیانیــی ڕۆژی پاشــتر، لەگــەڵ گزنگــدا، هێزەکانــی عیــراق لــە شــارەبانەوە ناوەڕاســتی شــاریان بــە چــوار موشــەکی زەوی بــە زەویــی جــۆری ســکۆد بۆردومــان کــرد. بەکارهێنانــی موشــەکی ســکۆد دۆخــی نــاو شــاری شــڵەژاند. دوا بــە دوای ئەمــە، ژمارەیــەک هەلیکۆپتــەر بــە ئاســمانی شــاردا ســوڕانەوە و بەشــێوەیەکی کوێرانــە کەوتنــە بۆردومانکــردن. لــە هەمــان کاتــدا هەنــدێ لــە گەڕەکەکانــی

شــار، بــە تۆپــی دورهاوێــژ تۆپبــاران کــران. بۆردومــان، لــە ئاســمان و زەوییــەوە، زیانــی گیانــی و ماددیــی زۆری لــێ کەوتــەوە. بۆردومانکردنــی گەڕەکەکانــی کەرەنــد و کارێــز و باوەگــۆزی، زیانــی زۆری لێکەوتــەوە.

خانەقیــن نزیکتریــن ناوچــەی ڕاپەڕیــو بــوو لــە بەغــداوە، هــەر بۆیــە، بایەخێکــی ســتراتیجیی زۆری لــە ئۆپەراســیۆنە عەســکەرییەکاندا هەیــە. ڕژێــم لــەوە نیگــەران بــوو نەبــا خانەقیــن ببێتــە بنکــەی هێرشــکردنە ســەر بەغــدا. بۆیــە هێزێکــی بەربــڵاوی گاردی کۆمــاری بــە فەرماندەیــی عیــززەت دوری بــۆ ناوچەکــە نــارد. شــەڕێکی قــورس لــە حامیــە لــە نێــوان هێــزە ڕاپەڕیــوەکان و هێزەکانــی گاردی کۆمــار رویــدا. لــەم ســەروبەندەدا هێزەکانــی ڕژێــم بــە پاڵپشــتی تانــک و زرێپــۆش هێرشــیان کردە ســەر هــەردوو قەڵا عەســکەرییەکەی عەلیــاوا و گوێــزە رەقــە. بەشــێکی هێزەکانــی ڕژێــم لــە نزیــک گــردی عەلــی رەزا کــە دەڕوانێتــە ســەر حــەوزی کارێــز، لــە پشــتەوە لــە هێــزە ڕاپەڕیــوەکان ســوڕانەوە و دایاننــە بــەر موشــەکی کاتیۆشــا. ســەرەڕای توندیــی هێرشــەکان، خانەقیــن خــۆی بەدەســتەوە نــەدا و شــەڕەکەی درێــژەی کێشــا. بــەڵام پــاش نزیکــەی هەفتەیــەک شــەڕی ســەخت و بــەردەوام، هێزەکانــی ڕاپەڕیــن شــارەکەیان چــۆڵ کــرد و هێزەکانــی گاردی کۆمــار دەســتیان بەســەردا گرتــەوە.

# کـفری

پێـش راپەڕیـن و لـە سـاڵی ١٩٨٨ وە هێزێکـی تۆکمـەی پارتیزانـی بـە فەرماندەیـی عوسـمان حاجـی مەحمـود لـە گەرمیـان هەبـوو، کـە لـە ژمارەیـەک کادیـری عەسـکەری و سیاسـیی بـە توانـا پێکهاتبـوو، لەوانـە محەمـەد کەریـم ناسـراو بـە حەمـە رەش کەسـنەزانی کـە دواتـر ئەرکـی جێبەجێکردنـی ئۆپەراسـیۆنی رزگارکردنـی کفـری دەگرێتـە ئەسـتۆ.

ئامـادەکاری بـۆ رزگارکردنـی کفـری بـە پێکهێنانـی شـانەی چەکـدار دەسـتی پـێ کـرد. رێکخسـتنەکانی نـاو کفـری توانییـان لـە ماوەیەکـی کەمـدا لانـی کـەم دە شـانەی چەکـدار دروسـت بکـەن. هـەر لـەو ماوەیەشـدا پەیوەندییەکـی پتەوتـر لـە نێـوان هێـزی پارتیزانـی گەرمیـان و هـەر یـەک لـە دوو رێکخراوەکـەی سلێمانی و گەرمیـان دروسـت کـرا. لـە ئەزمونـی رزگارکردنـی کفریـدا، شـانە چەکـدارەکان درەنـگ دروسـت کـران، بۆیـە لـە

ئۆپەراسیۆنەکەدا هێزە پارتیزانەکان ڕۆڵی سەرەکییان گێڕا.

ڕێکخستنی کفری ڕۆڵێکی گەورەی لە بزواندنی شەقامدا هەبوو و توانی نامەکانی عوسمان حاجی مەحمود بۆ چەکدارەکانی سەر بە ڕژێم بگەیەنێتە دەست لێپرسراوەکانیان، تەنانەت توانی بووی دیداری نهێنی لە گەڕەکەکانی دەوروبەری کفری لە نێوان کادیرە سیاسییەکانی هێزی پێشمەرگە و کەسایەتییە نیشتمانپەروەرەکانی شاریش ڕێک بخات.

لە ٥ی ئازاردا پەیام بۆ شانە چەکدارەکانی کفری نێردرا و داوایان لێ کرا هەموویان لە ئامادەباشیدا بن. لە ٨ی ئازاردا لە کۆبوونەوەیەکدا بە سەرپەرشتیی عوسمان حاجی مەحمود، پلانی ڕزگارکردنی کفری دانرا و تێیدا هێزی پێشمەرگە کرا بە دوو بەشەوە: بەشێک بە فەرماندەیی عوسمان حاجی مەحمود بۆ گرتنی بارەگای حزبی بەعس کە هیزێکی زۆری بۆ هێنرا بوو و بەشێکی تر بە فەرماندەیی حەمە ڕەش کەسنەزانی بۆ گرتنی فەرمانگەکانی ئەمن و پۆلیس. هەروەها ئەگەری ئەوەش لە بەرچاو گیرا کە دەشێ هێزە چەکدارەکانی سەر بە ڕێکخراوی مجاهیدینی خەلقی ئێران کە لە کفری جێگیر کرا بوون، بەرگری

لـە رژێـم بکـەن و دژی راپەڕیـن بوەسـتنەوە. لـەم بارەیـەوە بڕیـار درا، ئەگـەر ئـەو هێزانـە بەرگرییـان لـە رژێـم کـرد، وەک دوژمـن مامەڵەیـان لەگەڵـدا بکـرێ و ئەگـەر خۆیـان لـە مەسـەلەکە هەڵنەقورتانـد، کـەس کاری بەسـەریانەوە نەبـێ.

شـەوی ١٠ لەسـەر ١١ی ئـازار دەسـت بـە جێبەجێکردنـی پلانـی راپەڕیـن کـرا. پێشـمەرگە پارتیزانـەکان و شـانە چەکـدارەکان و جەمـاوەری راپەڕیـو پێکـەوە هێرشـیان کـردە سـەر مۆڵگەکانـی رژێـم. شـەڕ بـە درێژایـی شـەو درێـژەی کێشـا. هێزەکانـی رێکخـراوی مجاهیدیـن خەلقـی ئێـران بێلایەنیـی خۆیـان نەپاراسـت و بەرگرییـان لـە رژێـم کـرد، بـەڵام لـە کۆتاییـدا کفرییـان چـۆڵ کـرد و کشـانەوە بـۆ دوزخورماتـوو، دوای ئـەوەی لـە گەڕەکـی ئیشـتراکییە تانکێکیـان بـە تێکشـکاوی لـە دوای خۆیـان بەجێهێشـت،

# هەولێر

بۆ ئامادەسازی و سەرکردایەتی کردنی ڕاپەڕینی هەولێر لە ١٢-٢- ١٩٩٠ هێزێکی پارتیزانی بەسەرکردایەتی بورهان سەعید سۆفی و بە بەشداری (ئەکرەم ئۆخسەری، نەوزاد جەمال، فاتح دیبەگەیی، محەمەد حەمەد، دلێر عەبدولکەریم، کاکە شێخی شێخ سەعید، سۆفی حاجی ئیبراهیم، سەید محەمەد چۆمساکی، ئازاد عەبدوڵڵا، مەلا سلێمان، خاڵە خولە، ساڵح هەولێری، جەلال ئیلینجاغی، تاهیر بەکر، نەریمانساڵەیی، م. کاوە ئیلینجاغی، ڕێکخەر عەبدوڵڵا، ئازاد مەخموری، مام ئەمیر باپیر، محەمەد بانی مارانی) ڕەوانی خوارەوە کرابۆوە و ئەو هێزەش لە بناری چیای سەفین دەستە دەستە دابەشی سەر شار و شارۆچکەو ئۆردوگاکان دەبن.

بە ڕزگارکردنی شەقڵاوە و پیرمام و کۆیە، ڕێ بۆ ڕزگارکردنی هەولێریش خۆش دەبێت، بەڵام هێشتا

مەسەلەکە پێویستی بە ئامادەسازی و هەماهەنگیی زۆرتر بوو لە نێوان سەرکردایەتی و شانە چەکدارەکان.

هەموو ڕێکخستنەکان و شانە چەکدارەکانی بروسک کە ژمارەیان ٧٣٠ شانە بوو، لە دۆخی ئامادەباشیدا بوون. پێشتریش، ڕێکخستنەکانی ناو شار کۆنتاکتیان لەگەڵ هێزەکانی (بەرگریی نیشتمانیی) سەر بە ڕژێم دروست کردبوو. بەشێکیان بێلایەن کران و بەشێکیشیان ئامادەییان بۆ بەشداریکردن لە ڕاپەڕیندا نیشان دا. ڕێکخستنەکان چەکیان بۆ ڕاپەڕین پەیدا کرد بوو، بەڵام نەک بە ئەندازەی پێویست. پێشبینی دەکرا شەڕی هەولێر سەخت بێ، چونکە هێزێکی بەربڵاوی سوپای عیراق لە هەولێر جێگیر کرا بوو.

لەگەڵ ڕزگارکردنی شەقڵاوە تیمێکی ڕێکخستنەکانی هەولێر کە لیژنەیەکیان بە ناوی لیژنەی کاری ڕاپەڕین پێکهێنا بوو، بە سەرۆکایەتیی عەبدولقادر محەمەد عومەر گەیشتە شەقڵاوە و لەگەڵ کۆسرەت ڕەسول عەلی کۆبۆوە. ئەو کۆبوونەوەیە کێشەی کەمیی چەکی لە هەولێر چارەسەر کرد، چونکە بڕێکی زۆر لەو چەکەی لە شەقڵاوە گیرا بوو، درا بە لیژنەی کاری ڕاپەڕینی هەولێر تا لەگەڵ خۆی بیباتەوە بۆ هەولێر و بەسەر ڕێکخستنەکان و جەماوەردا دابەشی بکا.

پلانـی راپەڕینـی هەولێـر وا دانـرا بـوو کـە تـا هێـزی پێشـمەرگە نەگاتـە دەوروبـەری هەولێـر، دەسـت بـە ئۆپەراسـیۆن ناکـرێ. هەروەهـا وا دانـرا بـوو کـە هـەر کات ئێزگـەی دەنگـی گەلـی کوردسـتان بروسـکەی «لـە باوکـی رێناسـەوە بـۆ بروسـک» بـڵاو کـردەوە، شـانە چەکـدارەکان بکەونـە گـەڕ و دەسـت بـە راپەڕیـن بکـەن.

لـە پلانـی رزگارکردنـی هەولێـردا، شـانە چەکدارەکانـی بروسـک رۆڵێکـی سـەرەکییان بینی. لیژنـەی کاری راپەڕین، هەولێـری بەسـەر پێنـج کەرتـی ئۆپەراسـیۆندا دابـەش کـرد بـوو: یەکـەم، لـە کۆیـەوە بـۆ مەخمـور، دووەم، لـە کۆیـەوە بـۆ شـەقڵاوە، سـێیەم لـە مەخمـورەوە بـۆ نـاو سـەربازگەی هەولێـر، چـوارەم لـە شـەقڵاوەوە بـۆ سـەربازگەی هەولێـر و پێنجـەم، کەرتـی نـاو شـار. لێپرسـراوێتی ئـەو کەرتانـە بـە دێـدەوان سـەید محەمـەد، زاهیـر نـەدار، سـالارە شـەل، مـام خـدر و ئەحمـەد ئیسـماعیل ناسـراو بـە ئەحمـەد گـەل راسـپێردرا بـوو.

لــە بەرەبەیانــی ١١ی ئــازاردا شــانە چەکــدارەکان دەســتیان بــە ئۆپەراســیۆن کــرد. لــە قۆڵــی پیرمامیــش هێـزی پێشـمەرگە لـە ناوچـە شـاخاوییەکانەوە وردە وردە شـۆڕ بـۆوە بـۆ دەشـتاییەکان و لـە قۆناغـی یەکەمـدا پێشـڕەویکردن زۆر سسـت بـوو، چونکـە سـوپای عیـراق

ڕێڕەوەکانی هێزی پێشمەرگەی بە خەستی بۆردومان کرد.

هێزی پێشمەرگە ماوەیەکی زۆر گیری خوارد و تا دەست بەسەر سەرچاوەی تۆپبارانەکەدا نەگیرا، نەتوانرا پێشڕەوی بکرێ. لەو ماوەیەدا شانە چەکدارەکان کۆنترۆڵی ناو شاریان کرد بوو و دەستیان بەسەر زۆر بارەگای ئەمنی و عەسکەریدا گرتبوو.

هێزی پێشمەرگە بەسەر دوو بەشدا دابەش کرا، بەشێکی بە فەرماندەیی بورهان سەعید سۆفی رووی کردە ناوچەی بەڕانەتی، زرارەتی، کەڵەکی یاسین ئاغا، تۆپزاوا و کەورگۆسک. بەمجۆرە دەرفەتی ئەوە رەخسا کە رێگای هەولێر ـ موسل ببڕدرێ. بەشەکەی تر بە فەرماندەیی کۆسرەت رەسول عەلی لە بەستۆرەوە بەڕێ کەوت بەرەو شاوەیس.

پلانەکە وا دانرا بوو کە هێزی کۆیە لە دەربەندی گۆمەسپانەوە بەرەو هەولێر بەڕێ بکەوێ، بەڵام لەبەر ئەوەی هێشتا بە تەواوی دەست بەسەر گۆمەسپاندا نەگیرا بوو، هێزەکە نەیتوانی بەشداری لە رزگارکردنی هەولێردا بکا. لە ئۆپەراسیۆنی هەولێردا هەموو لایەنەکانی بەرەی کوردستانی بە پلەی جیاواز بەشدار بوون. هەروەها دەشێ لەو گۆشە نیگایەوە تەماشای

ئۆپەراسیۆنی هەولێر بکرێ کە ئەو ئۆپەراسیۆنەیە بە هەزاران ئەفسەر و کارمەندانی ئەمن (ئاسایش) و سەربازی عیراقی تێدا کوژران و بە دیل گیران.

# دوزخـورمـاتوو

ئۆپەراسـیۆنی رزگارکردنـی دوزخورماتـوو بـە شـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ بـە ئۆپەراسـیۆنی رزگارکردنـی کفرییـەوە بەسـتراوەتەوە. دوزخورماتـوو کەوتۆتـە سـەر ڕێـی سـتراتیجیی کەرکـوک- بەغـدا. ئـەم هەڵکەوتـە لـە شـەڕدا بایەخێکـی سـتراتیجی بـە دوزخورماتـوو دەبەخشـێ، چونکـە ئـەو لایەنـەی دەسـتی بەسـەردا بگـرێ، دەتوانـێ ڕێـگای بەغـدا ـ کەرکـوک ببڕێ. بـەڵام بۆ هێزی پێشـمەرگە، رزگارکردنـی دوزخورماتـوو کارێکـی ئاسـان نەبـوو، ئەویـش لەبـەر دوو هـۆ: یەکـەم، ناوچەکـە پرۆسـەیەکی خەسـتی بەعەرەبکردنـی تێـدا ئەنجـام درا بـوو، بۆیـە هەمـوو عەرەبـە هاوردەکانـی ئـەوێ، کـە سـودمەند بـوون لـە بەعەرەبکـردن، پشـتیوانییان لـە ڕژێـم دەکـرد، دووەم، هێزێکـی زۆری ڕێکخـراوی مجاهیدینـی خەلقـی ئێـران لـە دەوروبـەری دوزخورماتـوو جێگیـر کـرا بـوو کـە خـۆڵادان لـە پێکـدادان لـە گەڵـی کارێکـی ئەسـتەم بـوو، بـەڵام لـە بەرامبـەردا، فاکتەرێکـی یارمەتیـدەر بـۆ ئەنجامدانـی

ئۆپەراسیۆن هەبوو، ئەویش بوونی تورکمانی شیعەیە لە دوزخورماتوو کە ئەوانیش لە سیاسەتەکانی رژێم نارازی بوون و دژی بەعەرەبکردنی ناوچەکانیان بوون. هەر لەبەرئەوە، دەرفەتی دروستکردنی هاوپەیمانی لەگەڵ تورکمانی دوزخورماتوو یاخود لانی کەم بێلایەنکردنیان، دەرفەتێکی کراوە بوو. بەڵام بڕیاردان لەسەر گواستنەوەی راپەڕین بۆ دوزخورماتوو، هێشتا پێویستی بە لێکۆڵینەوە و کۆششی زۆرتر بوو و نەدەکرا دوزخورماتوو بەراورد بە کفری بکرێ. بۆ یەکلاکردنەوەی بابەتەکە، عوسمان حاجی مەحمود، بە یەک پێشمەرگەوە، خۆی گەیاندە ناو دوزخورماتوو و سێ رۆژ تێیدا مایەوە کە هەر شەوی لە ماڵێک دەمایەوە. لەوێ پەیوەندیی بە رێکخستنەکانەوە کرد و تێڕوانینیکی ئەرێنیی دەربارەی توانای ئەنجامدانی راپەڕین لە دوزخورماتوو گەڵاڵە کرد، بەتایبەتی کە دەرفەتێکی زۆر بۆ دروستکردنی شانەی چەکدار هەبوو. لەو سێ رۆژەی کە ئەو تێیدا لە دوزخورماتوو بوو، بە هەماهەنگی لەگەڵ ریکخستنە نهێنییەکانی ناوشار، پلانی راپەڕین لە دوزخورماتوو دانرا، پێشبینیی ئەوەش دەکرا کە تورکمانە شیعەکان بە شێوەیەکی کاریگەرانە بەشداریی تێدا بکەن. لە رێی چەند

کەناڵێکیشـەوە، جۆرێـک هەماهەنگـی و لێـک تێگەیشـتن لەگـەڵ تورکمانـە شـیعەکان هاتـە ئـارا.

لــە ١١ی ئـازاردا ڕاپەڕیــن لــە دوزخورماتــوو، بــە بەشــداریی تورکمانــە شــیعەکان، دەســتی پــێ کــرد و لــە مــاوەی چەنـد سـەعاتێکدا دەسـت بەسـەر بـارەگای قایمقامیــەت و فەرمانگــەی ئەمــن و جەیشــی شــەعبی و بــارەگای حزبــی بەعســدا گیــرا. ئێوارەکــەی عوســمان حاجــی مەحمــود و حەمــە ڕەش کەســنەزانی گەیشــتنە دوزخورماتــوو و لەگــەڵ تورکمانـە شـیعەکان لێپرسـراوێتی پاراســتنی ئاسایشــی قۆڵەکانــی ڕێگاکانــی دوزخورماتــوو ـ کەرکــوک و دوزخورماتــوو ـ بەغــدا و دوزخورماتــوو ـ تکریتیــان بەســەر یەکتریــدا دابــەش کــرد.

ڕژێمــی عیــراق بــە ڕزگارکردنــی دوزخورماتــوو زۆر پەرێشــان بــوو، بـە تایبەتـی کـە لـەو کاتـەدا هێزەکانـی عیــراق ترســی ئەوەیــان لــێ نیشــتبوو کــە هێــزی پێشــمەرگە لــە قۆڵــی پــردێ (ئاڵتــون کۆپــری) و قۆڵــی چەمچەماڵــەوە هێــرش بکاتــە ســەر کەرکــوک و دڵنیــاش نەبــوون لــەوەی کــە بتوانــن بەرپەرچــی هێرشــێکی بەربڵاو لــە دوو قۆڵــەوە بدەنــەوە. ئــەوە مەســەلەی دوزخورماتــووی زۆر ئاڵــۆز کــرد. بۆیــە، لــە ســەرەتاوە پێشــبینیی شــەڕی ســەخت لــە دوزخورماتــوو دەکــرا.

بەغـدا هێزێکـی بەربـڵاوی بـۆ گرتنـەوەی دوزخورماتـوو ئامـادە کـرد، کـە لـە تیپـی کۆمانـدۆی ٥٦ی گاردی کۆمـار و هێزێکـی گـەورەی خێڵـە عەرەبـەکان و هێزێکـی پیـادە و زرەیی ڕێکخـراوی مجاهیدنـی خەلقـی ئێـران پێکهاتبـوو و هێرشـی کـردە سـەر هێـزی پێشـمەرگە لـە یەنگیجـە و ئەلبـو سـەباح و فڕۆکەخانـەی سـلێمان بـەگ، بـەڵام هێرشـەکە ئامانجـی خـۆی نەپێـکا. هەروەهـا لـەو ماوەیـەدا نـاو دوزخورماتـوو بـە بەردەوامـی دەدرایـە بـەر تـۆپ و هـاوەن، لـە ئاسمانیشـەوە هەلیکۆپتـەر بـە دۆشـکا و موشـەک شـاری وێـران کـرد. لـە ڕۆژانـی کۆتایـی شەڕەکەشـدا، هەلیکۆپتـەر سـەربازی کۆماندۆی لـە نـاو شـار داگـرت و شـەڕی کـۆڵان بـە کـۆڵان هاتـە ئـاراوە.

شـەڕی دوزخورماتـوو یانـزە ڕۆژی خایاند. زۆربەی شـەڕەکان لـە قۆڵـی بەغـدا ـ دوزخورماتـوو و تکریـت ـ دوزخورماتـوو بـوو. بـەرەکان شـەڕی سـەختیان بەخـۆوە بینـی. هەرچەنـد هێزێـک بـە فەرماندەیـی کـوردۆ قاسـم بـە بـەرەی شـەڕەکان گەیشـت و ڕۆڵێکـی کارای لـە شـەڕەکاندا گێـڕا، بـەلام ئەمـە بـەس نەبـوو بـۆ گۆڕینـی تـەرازوی هێـز.

شـەڕی یانـزە ڕۆژەی دوزخورماتـوو، پـاش شـەڕی کەرکـوک بـە دووەم شـەڕی سـەختی ڕاپەڕیـن دەژمێـردرێ. لـە کۆتاییـدا هێـزی پێشـمەرگە کشـایەوە بـۆ گەرمیـان و لـە دوای ئـەودا گروپـە چەکـدارە تورکمانـە شـیعەکانیش کشـانەوە بـۆ گەرمیان و لەوێـوە چـوون بـۆ ئێـران.

# ئاکرێ

بەرنامەی ڕاپەڕین لە بادینان جیاوازییەکی ئەوتۆی لە بەرنامەی ڕاپەڕینی ناوچەکانی تر نەبوو. لە کۆبوونەوەی خۆسازدان بۆ ڕاپەڕین کە لە قاسمەڕەش بە سەرپەرشتیی نەوشیروان مستەفا بەسترا، قۆڵەکان بەسەر ئەندامانی مەکتەبی سیاسیدا دابەش کران و لەم سەروبەندەدا نازم عومەر دەباغ بە لێپرسراوی قۆڵی بادینان دانرا و هێزێک لە دەوروبەری سەد پێشمەرگەی بادینان پێک هێنرا، پاشان هێزێکی دەوروبەری ٦٠ کەسیی بە فەرماندەیی عوسمان شارستێنیی بۆ زیاد کرا. دواتریش هێزەکەی خەلیل نیعمەت دۆسکی خرایە سەر هێزەکە.

یەکێتی لەناو شارەکان و لە شاخیش ئامادەیی تەواوی کردبوو، هێزە پارتیزانەکان دابەزیبوون، بەڵام پارتی زۆر بە درەنگەوە خۆی کۆکردەوەو بۆ ڕزگارکردنی بادینان ئەرکەکەی بە عەبدولموهەیمەن بارزانی و زەعیم عەلی و بابەکر زێباری سپارد.

لەو ماوەیەدا نازم عومەر دەباغ، لە ئاستی خۆیەوە، دەستی بە نامە نوسین کرد بۆ هەندێ لە چەکدارەکانی

رژێمـی عیـراق لـە ناوچـەی رانیـە، لەوانـە سـوارە هەبـاس ئاغـا کـە لەمەوبـەر ئەندامـی سـەرکردایەتیی بزوتنـەوەی سۆسیالیسـتی کوردسـتان بـوو و سـاڵی ١٩٨٥ وازی لـە پێشـمەرگایەتی هێنـا بـوو. ئـەم پەیوەندییـە جگـە لـەوەی کـە بـۆ رزگارکردنـی رانیـە و دەوروبـەری بەسـود بـوو، بـۆ رزگارکردنـی ناوچەکانـی بادینانیـش سـودی لـێ وەرگیـرا، چونکـە لـەو کاتـەدا دەوروبـەری ٨٠ چەکـداری سـوارە هەبـاس ئاغـا لـە ناوچـەی شـێخان ئەرکیـان پـێ سـپێردرا بـوو. بەپێـی ئـەو رێککەوتنـەی لـەم بارەیـەوە لـە نێـوان دەبـاغ و سـوارە هەبـاس ئاغـا هاتـە ئـاراوە، بڕیـار درا هێزەکـەی سـوارە هەبـاس ئاغـا لـە شـێخان لـە کاتـی راپەڕینـدا، هاوکاریـی هێزەکـەی نـازم عومـەر دەبـاغ بکات.

لـە رەوتـی خۆسـازداندا بـۆ راپەڕیـن لـە بادینـان، دوو گـروپ رۆڵـی سـەرەکییان لـە دابینکردنـی زەمینـەی لەبـار بـۆ راپەڕیـن هەبـوو. یەکێکیـان گروپـی پێشـمەرگە پارتیزانەکانـی بادینانـە، لەوانـە ئەمیـن چەلکـی، حەسـەن سـەلیم حامـد، حاجـی ئەحمـەد نێروەیـی، ساڵح توبیـان حاجـی و جومعـە ئەحمـەد محەمـەد. گروپـی دووەم، رێکخسـتنە نهێنییەکانـی نـاو شـارەکان بـوو. ئـەم دوو گروپـە رێوشـوێنی کۆنتاکتیـان لەگـەڵ چەکدارەکانـی سـەر بـە رژێمـی عیـراق دۆزییـەوە و دۆخێکـی پـڕ جـۆش و

خرۆشـیان بـۆ بەگەڕکەوتنـی شـەقام لـە بادینـان پێکهێنـا.

هەرچەنـد بڕیـار بـوو ڕاپەڕیـن لـە بادینـان بـە هەماهەنگـی لـە نێـوان یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان و پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان بەڕێـوە بچـێ، بـەڵام هێزەکانـی پارتـی هێشـتا سـاز نـەدرا بـوون بـۆ ڕاپەڕیـن و پێویسـتیان بـە کات بـوو. لـەو سۆنگەیەشـەوە کـە ڕەوتـی ڕوداوەکان زۆر بـە خێرایـی دەگـۆڕا، بڕیـار درا ڕاپەڕینـی بادینـان لەسـەر ئامـادە نەبوونـی هێزەکانـی پارتـی پـەک نەخـرێ.

لـە ١١ی ئـازاردا، پـاش ڕزگارکردنـی هەولێـر و لـە کاتێکدا کـە کار بـۆ ڕزگارکردنـی دهـۆک دەکـرا، نـازم عومـەر دەباغ لە هەریـر لەگـەڵ تەحسـین کاوانـی کـۆ بـۆوە و پێکـەوە پلانی ڕاپەڕینـی ئاکرێیـان دانـا. یەکێتیی نیشـتمانیی کوردسـتان ڕێکخسـتنێکی بەهێـزی لـە ئاکـرێ هەبـوو، چەنـد هێزێکی توندوتۆڵـی پارتیزانیشـی لـێ بـوو. هەواڵەکانـی ڕاپەڕیـن لـە ڕانیـە و دەڤـەری سـۆران و هەولێـر گەیشـتبوونە ئاکرێ و کەشـوهەوایەکی لەباریـان بـۆ ڕاپەڕیـن هێنـا بـووە ئـارا، سـەرباری ئـەوەی کـە هێـزە پارتیزانـەکان بـە فەرماندەیـی حەسـەن نێروەیـی، نامەکانـی قاسمەڕەشـیان گەیانـد بـووە دەسـت چەکدارانـی ڕژێـم و گەرەنتییـان لـێ وەرگرتبـوون کـە بەشـداری لـە ڕاپەڕینـدا دەکـەن.

لـــە ١٢ی ئـــازاردا ئاکـــرێ وەک دەروازەی بادینـــان و بـــە هاوکاریـــی هێـــزی پێشـــمەرگە و پارتیزانـــەکان و ڕێکخســـتنە نهێنییـــەکان و ئـــەو چەکدارانـــەی لـــە ڕژێمـــی عیـــراق هەڵگەڕابوونـــەوە ڕاپـــەڕی، ئاکـــرێ و دەوروبەرەکـــەی ڕزگارکـــران. هێـــزە ڕاپەڕیـــوەکان تـــا نیـــوەڕۆ بارەگاکانـــی ئاسـایش (أمـن) و پۆلیـس و حزبـی بەعسـیان کۆنتـرۆڵ کـرد، لـە هەمـان کاتـدا هێزێکـی تـر دەسـتی بەسـەر سـەربازگەی ئاکرێـدا گـرت. بەرگریـی سـوپا زۆر لاواز بـوو، بـە ڕادەیـەک کـە زۆربـەی ئەفسـەر و سـەربازەکان زوو خۆیـان بەدەسـتەوە دا. هـەر ئـەو ڕۆژە وەکـو شـوێنە ڕزگارکراوەکانـی تـر دیلـەکان ئـازاد کـران و ڕێیـان پـێ درا بگەڕێنـەوە ماڵـی خۆیـان. دوا بـەدوای ئاکـرێ، هێزەکانـی ڕاپەڕیـن ڕویـان کـردە بـەردەڕەش و ئەوێشـیان ڕزگار کـرد.

# مەخمور

پێشتر، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان یەکەی چەکداری لە چوارچێوەی سوپای ڕزگاریی کوردستاندا لە مەخمور دروست کردبوو. لە ٦ی ئازاردا نامە لە هەولێرەوە گەیشتە دەست ڕێکخستنەکانی مەخمور و داوایان لێ کرا ئامادە بن بۆ ڕاپەڕین.

هەر دوا بە دوای نامەکە، پەرە بە دروستکردنی شانەی چەکدار درا. لە ٩ی ئازاردا نامەیەکی فاقە مەخموری گەیشتە دەست ڕێکخستنەکان کە بە شێوەیەکی ڕونتر لە نامەکانی پێشوو، ئەوەی لێ هەڵدەکرێندرا کە پلانێک بۆ ڕزگارکردنی مەخمور ئامادەیە، بەڵام پێویستە هەماهەنگییەکی پتەو لە نێوان هێزی پێشمەرگە و شانە چەکدارەکانی مەخمور دەستەبەر بکرێ. لەم سەروبەندەدا ڕێکخستنەکانی مەخمور نوێنەرێکیان بۆ لای فاقە مەخموری نارد. لە کۆبوونەوەیەکی دوقۆڵیدا، پلانێک بە هەماهەنگیی

هەردولا دانرا، بەڵام هیچ وادەیەک بۆ جێبەجێکردنی پلانەکە دیاری نەکرا. کێشەکە لەوەدا بوو کە هیچ میکانیزمێکی خێرای کۆنتاکت لە نێواندا نەبوو. بۆیە، هەردولا لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە هەر کات کۆدێک بە ناونیشانی «لە منارەوە بۆ قەرەچوغ» لە ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستان بڵاو کرایەوە، ئەمە بەم واتایە دێ کە سەر لە بەیانیی ڕۆژی دواتر، هێزی پێشمەرگە دەست بە ئۆپەراسیۆنی ڕزگارکردنی مەخمور دەکا و دەبێ پێشتر شانە چەکدارەکان ئامادە بن.

لە ١١ی ئازاردا ڕاپەڕین هەولێری گرتەوە کە ئەمەش بەم مانایە دەهات کە کاتی ڕاپەڕینی مەخمور نزیک بۆتەوە. شەوی ١٢ لەسەر ١٣ی ئازار، ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستان کۆدی "لە منارەوە بۆ قەرەچوغ" ی بڵاو کردەوە. هەر ئەو شەوە هەموو شانە چەکدارەکانی مەخمور خۆیان تەیار کرد و تەواوی پێداویستییەکانی ئۆپەراسیۆنەکەیان دابین کرد.

لە ١٣ی ئازاردا هێزی پێشمەرگە بە فەرماندەیی فاقە مەخموری چووە ناو مەخمور و لەگەڵ شانە چەکدارەکانی بروسک یەکی گرتەوە. لە ماوەیەکی پێوانەییدا دەست بەسەر تەواوی شارەکەدا گیرا.

هەر ئەو ڕۆژە، بەشێکی هێزەکە و ژمارەیەکی زۆر لە جەماوەری ڕاپەڕیو، بە فەرماندەیی عەلی مەخموری و

وەستا محەمەد سەعید روویان کردە ناحیەی قەراج و ئەویشیان رزگار کرد. پاش نیوەڕۆ، هێزی پێشمەرگە و جەماوەری راپەڕیو دەستیان بەسەر سەربازگەکانی پەرکانە، شۆریجە و دەربەند سارەلودا گرت. لەو شەڕانەدا هێزی پێشمەرگە دوو شەهیدی بە ناوی حەیدۆ چاوشین و فەتاح سابیر هەبوو کە هەردوکیان لە شەڕی پەرکانە شەهید بوون.

# ئامێدی

پێشـــمەرگە پارتیزانەکانـــی ئامێـــدی بـــە فەرماندەیـــی حەســـەن ســـەلیم نێروەیـــی ڕۆڵێکـــی ســـەرەکییان لـــە دابینکردنـی پێداویسـتییەکانی ڕاپەڕیـن لـە ئامێـدی گێـڕا، لەوانـە گەیاندنـی نامەکانی قاسـمەڕەش بـە فەرماندەکانی هێزەکانـی بەرگریـی نیشـتمانیی سـەر بـە ڕژێـم، لەوانـە عەلـی شـەعبان ئامێـدی کـە زوو ئامادەیـی هاوکاریـی دەربـڕی. هەنـدێ لـە فەرماندەکانـی ئـەو هێزانـە دوودڵ بـوون لـە هاوکاریکردنـی هێـزی پێشـمەرگە، بەشـێکیش هـاوکار نەبـوون، بـەڵام دژی ڕاپەڕیـن نەوەسـتانەوە و زوو ئامێدییـان بەجێهێشـت و لـە موسـڵ نیشـتەجێ بـوون.

ڕاپەڕیـن لـە ئامێـدی سـتراتیجێکی عەسـکەریی ناڕاسـتەوخۆی پیـادە کـرد و لـە ئامێدییـەوە دەسـتی پـێ نەکـرد، بەڵکـو لـە شـیلادزێ و دێرەلـوک دەسـتی پـێ کـرد.

لـە ١٣ی ئـازاردا پارتیزانـەکان و چەکدارەکانـی بەرگریـی نیشـتمانی بـە فەرماندەیـی عەلـی شـەعبان لـە گەڵـی باڵنـدە یەکیـان گرتـەوە و بەپێـی ئـەو پلانـەی کە لەسـەری ڕێـک کەوتبـوون، ڕوویـان کـردە ئـۆردوگای شـیلادزێ و لـە

ماوەیەکی کەمدا دەستیان بەسەر دامودەزگا عەسکەری و ئەمنییەکاندا گرت.

دوا بە دوای ئەوە، ڕاپەڕین گوێزرایەوە بۆ ناحیەی دێرەلوک. ڕزگارکردنی شیلادزێ و دێرەلوک ڕێی بۆ گواستنەوەی ڕاپەڕین بۆ ئامێدی خۆش کرد. هێزەکانی ڕاپەڕین بە فەرماندەیی پێشمەرگە پارتیزانەکان و عەلی شەعبان ڕوویان کردە ئامێدی و لە ماوەیەکی پێوانەییدا دەستیان بەسەردا گرت. ڕزگارکردنی ئامێدی ڕۆڵێکی گەورەی لە فراوانکردنی بازنەی ڕاپەڕیندا هەبوو. بەڵام هەر دوا بەدوای ڕزگارکردنی ئامێدی، هەواڵ گەیشت کە سوپای ڕژێم هێزی بە هەلیکۆپتەر لە ناوچەکانی سەروی ئامێدی دابەزاندووە، بەڵام دواتر دەرکەوت کە هیچ هێزێک لەو شوێنانە دانەبەزێنراوە، بەڵکو ئەفسەرو سەربازەکانی ڕەبیەکان کە ژمارەیان دەوروبەری ٢٥٠ کەس دەبوو، ڕەبیەکانیان بەجێهێشتبوو و دابەزی بوون. ئەوانە هەمویان بە چەکەوە خۆیان ڕادەستی هێزەکانی ڕاپەڕین کرد.

# زاخـۆ

لـە راپەڕینـی زاخـۆدا هەماهەنگییەکـی پتـەو لـە نێـوان هێــزی پێشــمەرگەی پارتیــزان و خێڵەکانــدا دەبینــرێ. پــاش رزگارکردنـی ئاکـرێ، ئۆپەراسـیۆنی رزگارکردنـی زاخـۆ بـە فەرماندەیـی سـادق عومـەر سـندی دەسـتی پـێ کـرد. سـندی لـە سـاڵی ١٩٨٧دا پەیوەندیـی بـە مەڵبەنـدی ٤ی بادینانـەوە کـرد بـوو کـە لـەو کاتـەدا ئـازاد هەورامـی لێپرسـراوی بـوو. لـە پلانـی راپەڕینـی بادینانـدا، سـندی پەیوەندیـی بـە نـازم عومـەر دەباغـەوە هەبـوو.

سـندی بـۆ بەدیهێنانـی ئامانجەکـەی بـۆ رزگارکردنـی زاخــۆ ســتراتیجێکی ناڕاســتەوخۆی پیــادە کــرد و لــە قۆناغـی یەکەمـدا خـۆی لـە هێرشـی راسـتەوخۆ بـۆ سـەر زاخـۆ پاراسـت، چونکـە پـاش گرتنـی کوێـت بـە دەوروبەری مانگێـک، رژێمـی عیـراق هێزێکـی زرەیـی گاردی کۆمـاری لــە بەغــداوە گواســتبۆوە زاخــۆ. گواســتنەوەی هێــز بــۆ زاخـۆ پەیوەندیـی بـە راپەڕینـەوە نەبـوو، بـەڵام رژێـم لـەو کاتـەدا ئـەو ئەگـەرەی لەبەرچـاو گرتبـوو کـە رەنگـە هێـزی

ئەمریـکا یـان تورکیـا یـان هێزێکـی هاوبەشـی ئەمریـکا ـ تورکیـا لـە زاخـۆوە بێتـە نـاو عیـراق. بـە هـۆی ئـەوەوە، پێکدادانـی ڕاسـتەوخۆ لـە قۆناغـی یەکەمـدا لەگـەڵ ئـەو هێـزە، کارێکـی گونجـاو نەبـوو.

سـندی ڕای وابـوو کـە شـەڕەکە پێویسـتی بـە ڕزگارکردنـی دەرکار و شـەرانش و باتوفەیـە، ئەویـش لەبـەر دوو هـۆ: یەکـەم، لەبـەر ئـەوەی زاخـۆ بەبـێ ڕزگارکردنـی دەرکار و باتوفـە نەدەگیـرا، دووەم لەبـەر ئـەوەی ڕزگارکردنی دەوروبـەری زاخـۆ خێڵـەکان و جەمـاوەری نـاو زاخـۆ هـان دەدا بـە گـوڕەوە بەشـداری لـە ڕاپەڕینـدا بکـەن. بەمجـۆرە، لـە هەنـگاوی یەکەمـدا هەمـوو ڕەبیەکانـی کـە دەڕواننـە سـەر دەرکار هێرشـیان کرایـە سـەر، دەسـتیان بەسـەردا گیـرا و پاشـان هێزەکانـی ڕژێـم لـە هـەردوو چیـای خانتـۆر و کێـڕە ڕامالّـدران و هێـزی پێشـمەرگە دەسـتی بەسـەر سـەربازگەی باتوفـەدا گـرت. لـەو سـەروبەندەدا خێڵەکانـی سـندی و گولـی و بـەرواری بـالاّ، شـان بـە شـانی هێزەکانی ڕاپەڕیـن بەشـدار بـوون لـە ڕزگارکردنـی دەرکار و باتوفـەدا. لەگـەڵ پەلوپـۆ هاویشـتنی شـەڕەکاندا، جەمـاوەر زۆرتـر چـووە پـاڵ پێشـمەرگەوە و لـەم بارودۆخـەدا پێشـمەرگە و جەمـاوەر پێکـەوە هێرشـیان کـردە سـەر تیپـی (فرقـة) ٢٨ و ڕایانمالّـی.

لـە ١٣ی ئـازاردا ئۆپەراسـیۆنی زاخـۆ بـە فەرماندەیـی سـندی دەسـتی پـێ کـرد و هێـزی پێشـمەرگە و پارتیزانـەکان بـە فەرماندەیـی حەسـەن سـەلیم نێروەیـی و هێزەکانـی دەرکار و باتوفـە و خێڵـەکان و جەمـاوەری زاخـۆ هێرشـیان کـردە سـەر بارەگاکانـی ئەمـن و هەواڵگریـی سـوپا و حزبـی بەعـس لـە نـاو زاخـۆ و دەسـتیان بەسـەر هەمویـدا گـرت، لـە کۆڵانەکانیـش پاشـماوەکانی سـوپای ڕژێمـی عیراقیـان ڕاونـا.

پـاش ڕزگارکردنـی زاخـۆ، پـلان بـۆ گواسـتنەوەی ڕاپەڕیـن بـۆ سـیمیل و دهـۆک دانـرا. ڕاپەڕینـی زاخـۆ بایەخێکـی تایبەتـی هەیـە، چونکـە ڕزگارکردنـی زاخـۆ گەمـارۆی میدیایـی لەسـەر ڕاپەڕیـن شـکاند و لـە ڕێـی تورکیـاوە چەندیـن ڕۆژنامەوانـی بیانـی خۆیـان گەیانـدە زاخـۆ و هەواڵەکانـی ڕاپەڕینیـان بڵاوکـردەوە. هـەر لـەو ماوەیەشـدا بـوو کـە مـام جـەلال لـە سـوریاوە گەڕایـەوە بـۆ کوردسـتان و ماوەیـەک لـە زاخـۆ گیرسـایەوە.

لـە ١٤ی ئـازاردا سـوپای عیـراق بـە تۆپـی قـورس لـە دورەوە کەوتـە تۆپبارانکردنـی زاخـۆ. بۆردومانەکـە بـووە هـۆی کـوژران و برینداربوونـی ژمارەیەکـی زۆری خەڵکـی سـیڤیل و زیانگەیانـدن بـە زۆر گـەڕەک.

# دهۆک

شـەوی ١٣ لەسـەر ١٤ی ئـازار پێشـمەرگە پارتیزانەکانـی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان و لایەنەکانـی تر گەیشـتنە دەوروبـەری دهـۆک. ئەمــەش بــووە مایــەی دڵەڕاوکێــی گــەورە لێپرســراوە حکومییەکانــی دهــۆک، بۆیــە هــەر ئــەو شــەوە دهۆکیــان بەجێهێشــت و ڕوویــان کــردە موســڵ. بەرەبەیانــی ١٤ی ئــازار، ڕاپەڕیــن لــە گەڕەکــی بەروشــکێ دەسـتی پـێ کـرد. هێـزە پارتیزانـەکان چوونـە نـاو دهـۆک و لەگـەڵ جەمـاوەردا دەسـتیان بەسـەر دامـودەزگا عەسـکەری و ئەمنییەکانـدا گـرت. ڕێکخســتنە نهێنییەکانــی یەکێتیــی نیشــتمانیی کوردســتان هەماهەنگییەکــی توندوتۆڵیــان لەگــەڵ پێشــمەرگە پارتیزانــەکان دروســت کــرد بــوو کــە ئـەوەش لـە بەرەنجامـدا بـووە هـۆی ئـەوەی کـە ڕۆڵێکـی کارا لـە شـەڕەکانی نـاو دهۆکـدا بگێـڕن.

لـە شـەڕەکاندا پارتیزانـەکان دوو شـەهیدیان بەخشـی: جومعـە ئەحمـەد محەمـەد لەگەڵـی بێسـری و سـاڵح توبیان

حاجـی لـە گەرمـەی هێرشـکردنە سـەر سـەربازگەی فایـدە.

پـاش کۆنتـرۆڵ کردنـی تـەواوی دهـۆک، نـازم عومـەر دەبـاغ کـە لـەلای شـێخانەوە ڕاسـتەوخۆ بـەرەو دهـۆک چووبـوو لـە نـاو شـار بارەگاکـەی لـە دائیـرەی ئاگـر کوژاندنـەوە دادەنێـت و بروسـکە بـۆ نەوشـیروان مستەفا دەکات کـە هێزەکانـی یەکێتـی گەیشـتنە نـاو دهـۆک. ڕۆژی دواتریـش هێزەکانـی پارتـی لـەلای فایـدەوە دەچنـە نـاو شـار، بـەڵام پێـش گەیشـتنی هێزەکانـی یەکێتـی و پارتـی لـە جـادەوە، پارتیزانـەکان گەیشـتبوون و خەڵکەکـە ڕاپەڕیبـوو.

# کـەرکـوک

پـاش ڕزگارکردنــی هەولێـر و  پـردێ، کۆبوونەوەیەکـی گرنـگ لـە پردێ لـە نێوان نەوشـیروان مسـتەفا و مەسـعود بارزانــی بەســترا، تێیــدا هــەردولا لەســەر دوو پرســی گرنــگ ڕێــک کەوتــن: یەکــەم، یەکێتیــی نیشــتمانیی کوردسـتان پرۆسـەی ڕزگارکردنـی کەرکـوک بگرێتـە ئەسـتۆ و تــەواوی پیداویســتییەکانی بــە ئەنجامگەیاندنــی ئــەو ئامانجـە دابیـن بـکات، بـە جەختکـردن لەسـەر بایەخـی سـتراتیجیی شـارەکە و ڕامالّینـی هەمـوو ئاسـەوارەکانی پاکتــاوی ڕەگــەزی بــۆ ئــەوەی بــەرەی کوردســتانی لــە هــەر گۆڕانێکــی سیاســیی گــەورە لــە بەغــدا یــان لــە هـەر دانوسـتانێکی ئاینـدە لەگـەڵ بەغـدا، لـە پێگەیەکـی باڵادەســتەوە دانوســتان بــکا. دووەم، پارتــی دیموکراتــی کوردسـتان پرۆسـەی ڕزگارکردنـی موسـڵ بگرێتـە ئەسـتۆ و هێزەکانــی خــۆی و هێــزە خۆبەخشــەکان بــۆ هێنانــە دیـی ئـەو ئامانجـە بخاتـە گـەڕ، بـە ڕەچاوکردنـی ئـەوەی کـە بایەخـی موسـڵ لـە بایەخـی کەرکـوک کەمتـر نیـە.

هەرچەنــد شــارەکە بــەو چــاوە تەماشــا نەکــراوە کــە بەشـێکی کوردسـتان پێکدێنـێ، بـەڵام ڕێژەیەکـی گـەورەی کــوردی موســڵمان و کــوردی ئێزدیــی تێــدا نیشــتەجێن، کــە دەشــێ هاوکاریــی پێشــمەرگە بکــەن بــۆ ڕزگارکردنــی شـارەکە، هـەروەک ئەگـەری ئـەوەش هەیـە کـە گروپەکانی ئۆپۆزیســیۆنی عیــراق لــە موســڵ هەماهەنگــی لەگــەڵ هێــزی پێشــمەرگە بکــەن.

هەرچەنـد پارتـی زۆر بـە جـۆش و خـرۆش نەبـوو بـۆ ئۆپەراسـیۆنەکە و ترسـی ئـەوەی لـێ نیشـتبوو ڕزگارکردنـی موســڵ شــەڕی کــورد و عەرەبــی لــێ بکەوێتــەوە، بــەڵام پــاش کۆبوونەوەکــە چەنــد بنکەیــەک بــۆ ناونوســکردنی جەنگاوەرانــی خۆبەخــش بــۆ شــەڕی موســڵ کرایــەوە. ناونوســکردنی جەنگاوەرانــی خۆبەخــش بــۆ ڕزگارکردنــی موســڵ، هیــچ هەنــگاوی دیکــەی بــەدوادا نەهــات. وەک ڕەوتــی ڕوداوەکان دەریدەخــەن، ئــەم بابەتــە هــەر لــە ســەرەتاوە بــە ئەنقەســت پشــتگوێ خــراوە و بەهەنــد وەرنەگیـراوە. ئەگـەر بتوانرایـە موسـڵ لـە چنـگ هێزەکانـی ڕژێـم دەربهێنـرێ، هاوکێشـەکە گۆڕانـی ڕیشـەیی بەسـەردا دەهـات و ئـەو هەلـە بـۆ ئۆپۆزیسـیۆنی نیشـتەجێی سـوریا دەرەخســا کــە بداتــە پــاڵ ڕاپەڕیــن یــان کۆنگرەیەکــی ئۆپۆزیســیۆنی تێــدا ببەســتێ یــان حکومەتێکــی کاتیــی

تێـدا ڕابگەیەنـێ، جگـە لـەوەی کـە ئەمـە فشـاری هێزەکانـی ڕژێمـی لـە بـەرەی کەرکـوک کـەم دەکـردەوە.

یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان پـەی بـە دژواریـی شـەڕی کەرکـوک بـرد بـوو، بـەڵام دەیویسـت ئـەو پەیامـە بـە ڕژێـم بگەیەنـێ کـە کەرکـوک، سـەرەڕای سیاسـەتی پاکتـاوی ڕەگـەزی، لـە کوردسـتان دانابـڕێ. ئـەو پلانـەی کـە بـۆ قۆناغـی پـاش ڕزگارکردنـی کەرکـوک دانـرا بـوو، بـەم شـێوەیە بـوو کـە کەرکوک بـە شـێوەیەکی کاتـی بـۆ مـاوەی شـەش مانـگ وەک پایتەختـی هەرێـم ڕابگەیەنـرێ و هـەردوو ئەنجومەنـی ڕاپەڕانـدن و یاسـادانانی ئۆتۆنۆمیـی بـۆ بگوێزرێتـەوە، پاشـان پایتەخـت بگێڕدرێتـەوە بـۆ هەولێـر.

نیـاز وا بـوو ئۆپەراسـیۆنی کەرکـوک زوو دەسـتی پـێ بکـرێ، چونکـە ڕەوتـی ڕوداوەکان زۆر بـە خێرایـی و بـە بەردەوامـی لـە گۆڕانـدا بـوون. لـە نامەکانـی بـۆ هێزەکانـی کەرکـوک، نەوشـیروان مسـتەفا دەری خسـت کـە هێشـتا دۆخەکـە ئـەوەی بـە بـەرەوە مـاوە کـە بتوانـرێ سـود لـە پەشـۆکاویی ڕژێـم وەربگیـرێ و ئۆپەراسـیۆنێکی سـەرکەوتوو لـە کەرکـوک ئەنجـام بـدرێ. لـە ١٣ی ئـازاردا لـە کۆبوونەوەیەکـدا کـە بـە سەرپەرشـتیی شـەوکەت حاجـی موشـیر لـە چەمچەمـاڵ بەسـترا و ژمارەیەکـی زۆر

لـە فەرماندەکانـی هێـزی پێشـمەرگە تێیـدا بەشـدار بـوون لەوانــە ســیروان کوێخــا نەجــم، عەبدولکەریــم حاجــی، جەمــال حاجــی محەمــەد، غەریــب عەســکەری. لــەو کۆبوونەوەیـە پلانـی رزگارکردنـی کەرکـوک لـە چـوار قۆڵـەوە دانـرا و تێیـدا قۆناغـی یەکـەم بـە رزگارکردنـی قەرەهەنجیـر دەسـت پـێ دەکا.

شـەوی ١٤ لەسـەر ١٥ی ئـازار هێزەکانـی راپەڕیـن هەموو رەبیەکانـی نێـوان بـان مەقـان و قەرەهەنجیریـان گـرت و پـاش تۆپبارانێکـی خەسـت، لـە چەنـد قۆڵێکـەوە پەلامـاری قەرەهەنجیریــان دا و لــە ماوەیەکــی کورتــدا دەســتیان بەســەردا گــرت. هێزەکانــی رژێــم چەنــد هێرشــێکیان کـردە سـەر قەرەهەنجیـر بـۆ گرتنـەوەی، بـەڵام هەمـووی تێــک شــکێنرا. هێزەکانــی رژێــم بــۆ بەرپەرچدانــەوەی هـەر هێرشـێک بـۆ سـەر کەرکـوک، پشـتێنەیەکی ئەمنیـی بەهێـز و دور و درێژیـان لـە بازگـەی هەولێـر- کەرکوکـەوە تا لەیـلان دروسـت کردبـوو. پـاش رزگارکردنـی قـەرە هەنجیـر، هێزەکانــی راپەڕیــن بنکــەی فەرماندەیــی ئۆپەراســیۆنی کەرکوکیـان لـێ دانـا.

لــە ١٦ی ئــازاردا عومــەر عەبدوڵــڵا فەرمانــدەی ئۆپەراسـیۆنی کەرکـوک لـە قەرەهەنجیـر کۆبوونـەوەی بـە فەرماندەیـی ئۆپەراسـیۆنی کەرکـوک کـرد. لـەو کۆبوونەوەیـە

بڕیــار درا  لــە دوو قۆڵــەوە هێــرش بــۆ کەرکــوک بکرێــت، یــەک لــە قەرەهەنجیــرەوە و ئــەوی تــر لــە هەولێــرەوە. بــەڵام ئامادەکاریــی هێزەکــەی هەولێــر پێویســتی بــە کات بــوو، بۆیــە ئۆپەراســیۆنەکە چەنــد ڕۆژێــک دوا کــەوت. لــە ١٨ی ئــازاردا هێزەکانــی قۆڵــی هەولێــر بــە فەرماندەیــی نەوشــیروان مســتەفا و کۆســرەت ڕەســول عەلــی ئامــادە بــوون بــۆ جێبەجێکردنــی پلانەکــە. هــاوکات هێزەکانــی قۆڵــی چەمچەمــاڵ- قەرەهەنجیر بــە فەرماندەیی شــەوکەت حاجــی موشــیر و ســیروان کوێخــا نەجــم خۆیــان گەیانــدە گونــدی کۆچــەک کــە کەوتۆتــە ســەر چەمــی خــڕی خاســە و بــە هاوکاریــی ڕێکخســتنە نهێنییەکانــی نــاو کەرکــوک، ١٥ پێشــمەرگەیان گەیانــدە نــاو کەرکــوک بــۆ فەرماندەییکردنــی شــانە چەکــدارەکان.

لــە ئێــوارەی ١٩ی ئــازاردا لــە هــەردوو قۆڵــی خاســە و هەولێــرەوە هێــرش کرایــە ســەر ڕەبیــە و ســەنگەرەکانی پشــتێنەی ئەمنــی، لــە نــاو شــاریش پێشــمەرگە و شــانە چەکــدارەکان لــە دوژمــن ڕاپەڕیــن و ســەریان لــێ شــێواند. هێــزی پێشــمەرگە لــە دوو قۆڵــەوە چــووە نــاو کەرکــوک: هێزەکانــی قۆڵــی هەولێــر چوونــە نــاو گەڕەکــی ڕەحیمــاوا و هێزەکانــی قۆڵــی خاســە چوونــە نــاو گەڕەکــی ئــازادی و دواتــر هەردوکیــان یەکیــان گرتــەوە. هێزەکانــی قۆڵــی

قەرەهەنجیریــش بــە فەرماندەیــی عومــەر عەبدوڵــڵا و جەمـاڵ حاجـی محەمـەد، پشـتێنەی ئەمنییـان شـکاند و چوونـە نـاو کەرکـوک.

سـەرەڕای ئـەوەی کـە هێزەکانـی ڕاپەڕیـن چوونـە نـاو کەرکـوک، هێشـتا زۆر شـوێنی مابـوو کـە نەگیرابـوو. نەوشـیروان مسـتەفا لـە ژێرزەمینـی نەخۆشـخانەی کەرکـوک، کۆبوونـەوەی بـە فەرمانـدەی قۆڵـەکان کـرد و پـاش هەڵسـەنگاندنی ڕەوشـی عەسـکەری و تاوتوێکردنـی پلانـی پاککردنـەوەی نـاو شـار، پلانێـک بـۆ کۆنتـڕۆڵ کردنی ئـەو شـوێنانەی کـە هێشـتا لـە نـاو شـار ڕزگارنەکرابـوو دانـرا. بەپێـی پلانەکـە، گرتنـی سـەربازگەی فەیلـەق و فڕۆکەخانـەی هەلیکۆپتـەر بـە شـەوکەت حاجـی موشـیر سـپێردرا، کۆنترۆڵکردنـی ڕێـگای کەرکـوک ـ بەغـدا بـە جەمـاڵ حاجـی محەمـەد، کۆنترۆڵکردنـی کارگـەی گوگـرد بـە حەسـەن کوێسـتانی، هێزێکیـش بـۆ دیوانـی پارێـزگا و وێسـتگەی شـەمەندەفەر نێـردرا.

هەرچەنـد هێزەکانـی ڕاپەڕیـن بـەردەوام بـوون تـا ئـەو ڕادەیـەی کـە گەیشـتنە یایچـی لـە باشـوری کەرکـوک، بـەڵام گەورەتریـن مەترسـی لەسـەر کەرکـوک، سـەربازگەی خالیـد بـوو کـە هێزێکـی گـەورەی ڕژێمـی لـێ بـوو و هێـزی دیکەشـی لـە تکریتـەوە بـۆ هاتبـوو.

سـەرەڕای هێرشـە یـەک لـە دوای یەکەکانـی پێشـمەرگە، سـەربازگەکە نەگیـرا. هێزەکانـی عیـراق پـاش شـەڕێکی سـەخت توانییـان بگەڕێنـەوە بـۆ کەرکـوک. بـەڵام ئەمـە کۆتایـی یـاری نەبـوو. دوا بـە دوای ئـەوە، کـۆڕەوی ملیۆنی لــە کوردســتان دەســتی پــێ کــرد و مەســەلەی کــورد پێـی نایـە قۆناغێکـی نوێـوە کـە تـەواو جیـاواز بـوو لـە قۆناغەکانـی پێشـتر و رەهەندێکـی نێودەوڵەتیـی وەرگـرت. لەئۆپەراسـیۆنێکی رزگارکردنـی کەرکـوک دەیـان فەرمانـدەو پێشــمەرگە شــەهید و برینــدار بــوون.

## کـۆبەند:

* لــە کۆبوونــەوەی نوێنەرانــی بــەرەی کوردســتانی لـە دیمەشـق لـە ماڵـی مـام جـەلال، لایەنەکانـی بـەرەی کوردسـتانی جەختیـان لەسـەر ئـەوە کـردەوە، کە ئەسـتەمە قەیرانــی کوێــت شــەڕی لــێ بکەوێتــەوە و پێشــنیاریان کـرد پەیامێـک بـۆ ڕژێمـی عیـراق بنێـردرێ، ئـەوەی تێـدا روون بکرێتــەوە کــە بــەرەی کوردســتانی لــەو ململانێیــە بێلایـەن دەبـێ و ئامادەشـە بـۆ دانوسـتان بـۆ دۆزینـەوەی چارەیەکـی گونجـاو بـۆ مەسـەلەی کـورد لـە عیراقـدا.

مــام جــەلال ســور بــوو لەســەر ئــەوەی کــە ڕژێــم لــە کوێـت ناکشـێتەوە و شـەڕیش دەقەومـێ، داواشـی کـرد بــەرەی کوردســتانی هەڵوێســتێکی روون ســەبارەت بــە قەیرانـی کوێـت دەربـڕێ، هێرشـی عیـراق بـۆ سـەر کوێـت سەرزەنشــت بــکات و پەلــە لــە ناردنــی هیــچ پەیامێــک بـۆ بەغـدا نەکـرێ. بـەڵام هەندێـک لـە لایەنەکانـی تـر بەتایبــەت پارتــی دووبارەیــان کــردەوە کــە بــە پێویســتی دەزانــن پەیامێــک ســەبارەت بــە بێلایەنیــی بــەرەی

کوردستانی لە ململانێکەدا و ئامادەیی بەرە بۆ دانوستان لەگەڵ ڕژێمی عیراق، بگەیەنن بە بەغدا. مام جەلال پشتیوانی لە پێشنیارەکە نەکرد و جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە هەوڵەکە هیچی لێ هەڵناوەرێ، بەلاّم لە کۆتاییدا ملی بۆ بڕیاری زۆرینە کەچ کرد.

کێشەکە لەوەدا بوو ،کە هیچ کەناڵێکی پەیوەندی لە نێوان کورد و ڕژێمدا نەبوو. لە ڕەوتی گەڕان بەدوای کەناڵێکی پەیوەندیدا، لایەنەکان لەسەر ئەوە گیرسانەوە کە دەشێ پەیامەکەی بەرەی کوردستانی لە ڕێی ڕێکخراوی ڕزگاریی فەلەستینەوە بگەیەنرێتە بەغدا. ئەمەش پێویستی بەوە دەکرد کە تیمێکی بەرەی کوردستانی سەردانی تونس بکا کە بارەگای ڕێکخراوی ڕزگاریی فەلەستینی لێ بوو. دوا بە دوای ئەوە، تیمێک بە سەرۆکایەتیی دکتۆر مەحمود عوسمان و ئەندامێتیی هەر یەک لە عەدنان موفتی و شازاد سایب پێک هێنرا بۆ ئەوەی سەردانی تونس بکا و لەوێ چاوی بە یاسر عەرەفات بکەوێ و داوای لێ بکا پەیامی بەرەی کوردستانی بگەیەنێتە بەغدا.

لەو کاتەدا عەرەفات لە تونس نەبوو، بۆیە تیمی بەرەی کوردستانی چاوی بە باڵیۆزی فەلەستین حەکەم عومەر ئەسعەد بەلعاوی کەوت، پەیامی

بــەرەی کوردســتانیی پــێ راگەیانــد و داوای لــێ کــرد پەیامەکــە بگەیەنرێتــە بەغــدا. عەرەفــات پەیامەکــەی بــەرەی کوردســتانیی گەیانــدە بەغــدا، بــەڵام بەغــدا وەڵامێکــی ئەرێنیــی نەدایــەوە کــە ئەمــەش شکســتی بــە دەستپێشــخەرییەکەی بــەرەی کوردســتانی هێنــا.

* لــە نــاو بــەرەی کوردســتانیدا، تەنهــا یەکێتیــی نیشــتمانیی کوردســتان بەتایبــەت مام جەلال لــەو بڕوایەدا بــوو کــە عیــراق لــە کوێــت ناکشــێتەوە، شــەڕ دەقەومــێ و عیــراق بــە تێکشــکاوی لــە کوێــت دەردەکــرێ. تــەواوی لایەنەکانــی تــری بــەرەی کوردســتانی، لــەو بڕوایــەدا بــوون کــە قەیرانــی کوێــت جەنگــی لــێ ناکەوێتــەوە و لــە کۆتاییــدا عیــراق، لــە چوارچێــوەی ســەودایەکی سیاســیدا یــان بەبــێ هیــچ ســەودایەک، لــە کوێــت دەکشــێتەوە و قەیرانەکــە دەڕەوێتــەوە. مەســەلەی ئــەوەی کــە لایەنەکانی تــری بــەرەی کوردســتانی وایــان بینیــوە کــە شــەڕ ناقەومــێ و عیــراق لــە کۆتــا ســاتدا لــە کوێــت دەکشــێتەوە، دەبــێ وەک شــتێکی ئاســایی تەماشــا بکــرێ، چونکــە هەمــوو ئۆپۆزیســیۆنی عیــراق و حکومەتــی ســوریا و زۆربــەی وڵاتانــی ناوچەکــە پێیــان وا بــوو عیــراق، بــۆ خــۆلادان لــە شــەڕێکی وێرانکــەر، لــە کوێــت هــەر دەکشــێتەوە.

بەغدا خۆیشی ئەگەری هەڵگیرسانی جەنگی، بە قەد ئەوەی کە پێویستە بە هەند وەرنەگرتبوو و پێی وا بوو هاتنی هێزەکانی ئەمریکا بۆ کەنداو لە کارتی فشار بەولاوە هیچی تر نیە. خراپترین سیناریۆ کە بە بیری بەغدادا دەهات، ئەوە بوو کە هێرشی ئاسمانیی سەختی بکرێتە سەر، لەوەش دڵنیا بوو کە هیچ ڕژێمێک بە هێرشی ئاسمانی ناڕوخێ، پێشی وا بوو ئەگەر بتوانێ بۆ زۆرترین ماوە خۆی لە بەردەم هێرشە ئاسمانییەکاندا ڕابگرێ، هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی لە ژێر فشاری ڕای گشتیی جیهان و شەقامی وروژاوی عەرەبیدا، ناچار دەبێ هێرشەکانی ڕابگرێ. سەبارەت بە هێرشی زەمینی، بەغدا هێرشی زەمینیی بۆ گرتنەوەی کوێت بە دوور دەزانی، بەتایبەتی کە ئەمریکییەکان لە جەنگی ڤێتنامەوە خۆیان لە هیچ دەستێوەردانێکی زەمینی تێوەنەگلاند بوو. بە شێوەیەکی گشتی، بەغدا زۆر ترسی هێرشی زەمینیی لێ نەنیشتبوو و پێی وابوو ئەگەر هێرشی زەمینیشی بکرێتە سەر، ڕای گشتیی جیهان و بلۆکی سۆسیالیست و فشاری ناوخۆی ئەمریکا، دەبنە مایەی پەکخستنی ئامانجەکانی هێرشەکە.

لە ناو ئەو تێڕوانینە تێکچڕژاوە ئاڵۆسکاوانەدا،

لایەنەکانی بەرەی کوردستانیش لەو بڕوایەدا بوون کە لەبەر هەر هۆیەک بێ، عیراق لە کوێت دەکشێتەوە و خۆی لە تێکشکانێکی مسۆگەر رزگار دەکا. ئەوەندەی مەسەلەکە پەیوەندیی بە لایەنەکانی بەرەی کوردستانییەوە هەیە، لایەنی خراپی تێڕوانینەکەیان لەوە دایە کە بە رەهایی وەرگیراوە، ئەمەش وای لەو لایەنانە کرد بە هیچ چەشنێک خۆیان بۆ راپەڕین ئامادە نەکەن و بەو جۆرە هەڵسوکەوت بکەن کە هیچ روو نادا و مەسەلەکە لە کەف و کوڵ بەولاوە هیچی تر نیە. هەر بە هۆی ئەمەوە، پلانی راپەڕین بە هاوبەشی لە نێوان لایەنەکانی بەرەی کوردستانی دانەنرا، بەڵکو تاکڕەوانە لە قاسمەڕەش لە لایەن سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە دانرا. هەر بە هۆی ئەوەشەوە، ئەو لایەنانەی کە لە لێدانی عیراق بە گومان بوون و باوەڕی تەواویان بە تیۆریی "کشانەوەی عیراق لە دوا ساتدا" هەبوو، فریا نەکەوتن خۆیان بۆ راپەڕین ئامادە بکەن، بەو هۆیەوە بە پەلە پروزێ و بەبێ پلان و بە شێوەیەکی هەڕەمەکی بەشدارییان تێدا کرد، بەڵام لەو سۆنگەیەوە کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان زووتر پێشمەرگە پارتیزانەکانی بۆ دەوروبەری شارەکان بەڕێ

کردبـوو و  رێکخسـتنە نهێنییەکانـی وەگـەڕ خسـتبوون و سـەدان شـانەی چەکـداری لـە شـارەکان دروسـت کردبـوو، دۆخێکـی وای بـۆ خـۆی خولقانـد کـە توانـی هەنگاوێـک پێـش روداوەکان بکـەوێ.

هەنـدێ لـە ناوەنـدە سیاسـییەکان ئومێدیـان لەسـەر ئـەوە هەڵچنـی بـوو کـە بتوانـن عیـراق رازی بکـەن بـە کشـانەوە لـە کوێـت بەرامبـەر بـە هەنـدێ دەسـتکەوتی مـاددی، بـەڵام ئەمریکییـەکان ئامـادە نەبـوون دەرچوونێکـی شـەرافەتمەندانە بـۆ عیـراق دابیـن بکـەن و مەبەسـتیان بـوو بـە زەبـری هێـز، بـە سەرشـۆڕی لـە کوێـت دەری پەڕێنـن.

پـاش سـەرکەوتنی راپەڕیـن، ئـەو لایەنانـەی بـەرەی کوردسـتانی کـە رۆڵێکـی کەمتـر لـە پێویسـتیان تێـدا گێـڕا بـوو، بـۆ پاسـاو هێنانـەوە بـۆ کزیـی رۆڵیـان، بانگەشـەیان بـۆ ئـەو تێۆرییـە کـرد کـە راپەڕینەکـە بـە شـێوەیەکی خۆبەخـۆ و بەبـێ پـلان هەڵایسـاوە و هیـچ حزبێـک رۆڵـی سـەرەکیی تێـدا نەبینیـوە. لە سـاڵی ١٩٩٩دا لە هەشـتەمین سـاڵڕۆژی راپەڕینـی ١٩٩١دا، تاڵەبانـی لـە دیـداری لەگـەڵ کارمەندانـی دەزگای چاپەمەنـی و راگەیاندنـی خـاک لـە سـلێمانی، بـە چەشـنێکی واقیعییانـە بەرپەرچـی ئـەو تیۆرییـەی دایـەوە و وتـی «ئـەو راپەڕینـە بـە پـلان بـوو،

خـۆی بـۆ ئامـادە کرابـوو، خۆبەخـۆ نەبـوو، رۆڵـی سـەرەکی لــە راپەڕینەکــەدا بــۆ شــانە چەکدارەکانــی یەکێتیــی نیشــتمانیی کوردســتان بــوو، بــە هاوکاریــی لایەنەکانــی دیکــەی بــەرەی کوردســتانی».

* رژێمـی عیـراق تێڕوانینـی خـۆی لەسـەر سێ بنەمـا دامەزرانـد بـوو. یـەک، پێـی وا بـوو ناوچەکـە و جیهـان، لە سـەرەتادا، لکاندنـی کوێـت بـە عیراقـەوە رەت دەکەنـەوە و دژی دەوەسـتنەوە، بـەڵام بـە تێپەڕبوونـی کات مامەڵـە لەگــەڵ واقیعــە تازەکــە دەکــەن، وەک چــۆن جیهــان مەســەلەکانی فەلەســتین و جــۆلان و دەســتێوەردانی عەسـکەریی سـوریای لـە لوبنـان لـە بیـر چـۆوە، ئـاواش لـە کۆتاییـدا کوێتـی لـە بیـر دەچێتـەوە.

دوو، رژێمـی عیـراق فاکتـەری ئێرانـی لـە ململانێـی جیهانیـدا بـە گرنـگ دادەنـا و باوەڕێکـی لەگومانبـەدەری بــەوە هەبــوو کــە رۆژئــاوا لــەوە دڵنیایــە کــە هــەر لاوازبوونێکـی عیـراق بـە قازانجـی ئێـران دەشـکێتەوە کـە ئەمـەش خـۆی لـە خۆیـدا بەسـە بـۆ ئـەوەی بیـر لـە لێدانی عیـراق و لاوازکردنـی نەکرێتـەوە. تەنانـەت ئەگـەر رۆژئـاوا ئــەو ســەرەڕۆییەش بــکا و پــلان بــۆ لاواز و وێرانکردنــی عیـراق دابنـێ، عیـراق دەتوانـێ کێشـەکانی لەگـەڵ ئێـران

چارەسەر بکا و هاوپەیمانییەک لەگەڵ ئێران لە دژی رۆژئاوا و ئیسرائیل پێک بێنێ.

سێ، عیراق لە ساڵی ١٩٨٩دا، پێش ساڵێک و پێنج مانگ لە هێرشکردنە سەر کوێت، هاوپەیمانییەکی سیاسیی لەگەڵ میسر و یەمەن و ئوردون پێک هێنا بوو و پێی وابوو لە هەر قەیرانێکدا، ئەو سێ دەوڵەتە هاوپەیمانەی لەگەڵی دەبن و پشتیوانیی لێ دەکەن. بەڵام لە قەیرانی کوێتدا میسر زوو لێی هەڵگەڕایەوە و پشتیوانیی لێ نەکرد. دوو دەوڵەتەکەی تریش، هەرچەند پشتیوانییان لێ کرد، بەڵام پشتیوانییەکەیان کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەبوو.

* بڕیار بوو راپەڕین لە ٧ی ئازاری ١٩٩١ لە رانیە دەست پێ بکا، بەڵام رەوتی رووداوەکان پێویستی کرد کاتەکە دوو رۆژ پێش بخرێ، ئەویش بە هۆی دوو فاکتەرەوە: یەکەم، لە ٤ی ئازاردا دوای راپەڕینی خەبات لیژنەی کاری راپەڕین لە هەولێر پەیامێکی بەپەلە و کۆنکرێتیی بۆ رانیە نارد کە دەبێ راپەڕین پێش بخرێ نەبا هێزەکانی رژێم کوشتارێکی تۆقێنەر لە ئۆردوگای خەبات ئەنجام بدەن. دووەم، هەواڵ گەیشتبووە رانیە کە هێزێکی گەورەی رژێم لە

هەولێــرەوە بــەرەو ڕانیــە بــەڕێ کەوتــووە. دیــارە ڕژێــم هەســتی بــە هەنــدێ جموجوڵــی نائاســایی لــە ڕانیــە کــرد بــوو و ترســی تەقینــەوەی بارودۆخەکــەی لــێ نیشــتبوو، بەتایبەتــی کــە ڕانیــە نزیکتریــن شــاری ڕانەگوێــزراو بــوو لــە قاسمەڕەشــەوە. بــە لەبەرچــاو گرتنــی ئــەو دوو فاکتــەرە، بابەتەکــە لەســەر ئــەوە گیرســایەوە کــە بارودۆخەکــە پێویســت بــە پێــش خســتنی کاتــی ڕاپەڕیــن دەکات. لــەو هەلومەرجــە ناسکەدا لــە ٥ی ئــازار لــە ڕانیــەوە دەست بــە ڕاپەڕیــن کــرا.

* قورســترین شــەڕ لــە ڕاپەڕینــدا شــەڕی کەرکــوک بــوو. ڕژێــم کەرکوکــی بــە پشــتێنەیەکی ئەمنیــی تۆکمــە دەورە دابــوو. چەنــد هەوڵێکــی پێشــمەرگە بــۆ دزەکردنــە نــاو کەرکــوک ســەریان نەگــرت، لەوانــە لــە لەیلانــەوە. لــەو هەوڵــەدا هێزەکانــی ڕژێــم لــە ئاســمانەوە بــە هەلیکۆپتــەر و لــە زەوییــەوە بــە تۆپــی قــورس هێزەکەیــان کوتــا و شکســتیان بــە هەوڵەکــە هێنــا. هەوڵێکــی دیکــەی دزەکــردن لــە یاروەلییــەوە ئەنجــام درا، ئەویــش ســەری نەگــرت. هەوڵەکــە بــە کۆششــی هێزێکــی تێکــەڵاو لــە هــەردوو هێزەکــەی شــەوکەت حاجــی موشــیر و ســیروان کوێخــا نەجــم ئەنجــام درا.

❋ هەرچەنـد نەوشـیروان مسـتەفا بـاوەڕی تـەواوی بـە توانـای هەڵایسـاندنی ڕاپەڕینێکـی سەرتاسـەری لـە کوردسـتاندا هەبـوو، بـەڵام لـە ڕوانگـەی خۆئامادەکـردن بـۆ هەمـوو ئەگـەرەکان، ئەگـەری شکسـتی ڕاپەڕینیشـی لەبەرچـاو گرتبـوو. بـەم پێیـە، پلانێکـی لەسـەر ئاسـتی دەرەوە بـۆ ئەگـەری شکسـتی ڕاپەڕیـن دانـا و کادیرێکـی کۆمەڵـەی ڕەنجدەرانـی کوردسـتانی بـە نـاوی شـۆڕش حاجـی نـاردە ئەوروپـا و ڕایسـپارد لـەوێ تیمێـک بـۆ لۆبیکـردن بـۆ مەسـەلەی کـورد لـە ئەگـەری شکسـتهێنانی ڕاپەڕینـدا یـان لـە ئەگـەری تەسـکبوونەوەی کایەکانـی بەردەوامیـی خەباتـی چەکـدار و سیاسـیدا پێـک بێنـێ بـۆ ئـەوەی شکسـتەکە بـۆ ناسـاندنی مافەکانـی کـورد و بەنێودەوڵەتیکردنی مەسـەلە سیاسـییەکەی بـەکار بهێنرێ. ئـەم پلانـە زادەی پـەی بـردن بـوو بـە قوڵیـی گۆڕانکارییـە نێودەوڵەتییـەکان و سـەرەتای پەیدابوونـی سیسـتمێکی نیودەوڵەتیـی تـازە بـوو کـە ڕژێمـە دکتاتـۆرەکان ڕەت دەکاتـەوەو بایەخێکـی زۆرتـر بـە دۆسـێکانی مافـی مـرۆڤ و ئازادییـە گشـتییەکان دەدا.

❋ تاڵەبانـی زوتـر دەیویسـت بگەڕێتـەوە بـۆ کوردسـتان، بـەڵام سـەرقاڵبوونی بـە پەیوەندیـی لەگـەڵ ئۆپۆزیسـیۆنی

عیـراق و گـەرم و گوڕیـی چالاکییـە دیپلۆماتییەکانـی لـەو ماوەیـەدا، بوونـە هـۆی درەنـگ گەڕانـەوەی. ڕزگارکردنـی زاخـۆ ڕۆڵـی لـە ئاسـانکردنی گەڕانـەوەی لـە سـوریاوە هەبـوو. حکومەتـی سـوریاش یارمەتیـی دا بـۆ گەڕانـەوە و تـا شـاری قامشـلو توتۆمبیلێکـی لاندکـروز و ئیڤایەکـی عەسـکەریی بـۆ دابیـن کـرد.

هەرچەنـد مـام جـەلال، لەبـەر هـۆی ئەمنـی، نەیدەویسـت کـەس بـە گەڕانـەوەی بزانـێ، بـەڵام هێشـتا لـە دیمەشـقەوە بـەرەو قامشـلو بـەڕێ نەکەوتبـوو، کاتێـک ئێزگـەی دیمەشـق هەواڵـی گەڕانـەوەی لـە قامشـلووە بـۆ عیـراق بڵاوکـردەوە. هـەر بـەو هۆیـەوە، ڕۆژنامەنوسـان و ئاژانسـە جیهانییەکانـی هـەواڵ ڕوویـان کـردە قامشـلو و چاوەڕێـی گەیشـتنی تاڵەبانییـان کـرد.

لــە قامشــلو مــام جــەلال چاوپێکەوتنێکــی لەگــەڵ ڕۆژنامەنـووس خاتـوو لیسـی شـمیدت سـاز کـرد و بـۆ دوو کەناڵـی تەلەفیزیۆنـی ئەڵمانیـاش قسـەی کـرد.

لێپرسـراوە حکومییەکانـی دەوڵـەت لـە پارێـزگای حەسـەکە بـە لاندکرۆزێـک و دوو ئیڤـای عەسـکەری، لـە قامشـلووە مـام جەلالیانیـان گەیانـدە سـەر ڕوبـاری خابـور. لەوێـوە مـام جـەلال و ئەوانـەی لەگەڵـی بوون، بـە کەڵەکی چـووپ لـە ڕوبارەکـە پەڕینـەوە. لـەو بـەری ئاوەکـە، جەبـار

فەرمـان بـە هێزێکـی سـکرتاریەتەوە و بـە یاوەریـی هێـرۆ برایــم ئەحمــەد، چاوەڕێیــان دەکــرد. لەوێــوە تاڵەبانــی رووی کــردە زاخــۆ و تێکــەڵ بــە جەمــاوەر بــوو.

یاوەرانــی تاڵەبانــی لــە گەڕانەوەیــدا دەوروبــەری ٢٠ کــەس دەبــوون لەوانــە: یوســف زۆزانــی، ئاکــۆ غەریــب، سەربەســت بامەڕنــی، شــاخەوان عەبــاس، پشــکۆ عەبدولخالــق مەعــروف، ئەحمــەد بامەڕنــی، جــەلال محەمـەد محێدیـن ناسـراو بـە جەلالـی حەمـەی محـە. لـە پـاڵ ئەوانـەدا، هـەر یـەک لـە قـادر عەزیـز سـکرتێری حزبی زەحمەتکێشــانی کوردســتان و ســامی عەبدولڕەحمــان ســکرتێری پارتــی گەلــی دیموکراتــی کوردســتانی بــوون.